البديل OCA
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

# ڕەوت

Rawt News

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ژمارە ٢٦ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

# تێکشکاندنی سیاسەتی برسیکردن و موچەبڕین بەندە بە خەباتی یەکگرتووی مامۆستایان و کرێکاران و فەرمانبەرانەوە

## دەربارەی ڕووداوە خوێناوییەکانی کەرتی غەززە و دەوروبەری

**بەیاننامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق**

چەکدارانی سەربە (بزووتنەوەی بەرەنگاری ئیسلامی - حەماس) بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە، (٧)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٣)، لە هێرشێکی غافڵگیرانەدا، لە ڕێگای وشکانی و دەریایی و ئاسمانییەوە، پەلاماری شارەکانی ئیسرائیلیاندا، بەتایبەتی شارۆچکە بەنیشتەجێکراوەکانی (مدن الاستيطان) نزیک لە (کەرتی غەززە)، و تا کاتی ئامادەکردنی ئەم بەیاننامەیە، بووە هۆی کوژرانی سەدان سەرباز و خەڵکی سڤیل لە ئیسرائیل و بریندار بوونی هەزاران و بەبارمتەگرتنی ژمارەیەکی نادیار و تێکشکانی چەندین ئۆتۆمبێل و زرێپۆشی سەربازی.

لە بەرامبەردا حکومەتی ئیسرائیلیش، وەک هەمیشە، بە بۆردومانی کەرتی غەززە بە فڕۆکە و تۆپخانە وەڵامی دایەوە و بووە هۆی دارمانی چەندین یەکەی نیشتەجێبوون و کوژرانی سەدان کەس و برینداربوونی هەزاران هاوڵاتی مەدەنی. یەکێک لە پێشهاتەکانی ئەم شەڕە هاتنەناوەوەی (حزبولڵا)ی لوبنان بوو بۆناو ئەم ململانێیە، ئەویش بە بۆردومانی (کێڵگەکانی شەبعا) کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان لوبنان و ئیسرائیل سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، و لە بەرامبەردا تۆپخانەکانی ئیسرائیلیش بۆردومانی لوبنانیان کرد.

ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەڵقەیەکی ترە لە زنجیرە شەڕوشۆڕێک کە لە نێوان هەردوولا ڕوویانداوە و بەردەوام ڕوودەدا، هۆکارە ڕاستەوخۆکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کردە تاوانکاریانە و ئەو دەستدرێژییە دووبارەبووانەی کە ڕۆژانە لە ناوچە جیاوازەکانی فەلەستیندا، لەلایەن هێزە ئەمنییەکان و سوپای ئیسرائیلەوە بەدژی فەلەستینییەکان ئەنجام دەدرێت، لەژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی شۆڤێنستی ڕاستڕەوی ئیسرائیلدا بە سەرۆکایەتی بنیامین ناتانیاهۆ.

بۆل٢

## نەدانی موچەی کرێکاران و کارمەندانی هەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی ڕیسوای دەسەڵاتدارانە دژ بە جەماور

وەک پیشەی بێباکانەی هەمیشەییان، ئەوا بۆ پتر لە دوو مانگە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەردوو حزبی دەسەڵاتداری بورژوا ناسیونالیست (پارتی و یەکێتی) بە بیانووی جۆراوجۆرەوە، بەتایبەت کێشەکانیان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی و هێزە ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکانی بەغدا، موچەی کرێکاران و کارمەندانی وەزارەتەکانیان نەداوە، و ئەمەش بۆتە مایەی بارێکی سەختی ئابووری بۆ جەماوەری هەرێم.

ئەمە سەرباری ئەوەی کە هیچ پرۆژەیەکی گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ئارادا نییە، و ڕێژەی بێکاری، بە تایبەت لەناو گەنجانی کچ و کوردا، لە ئاستێکی زۆر بەرزندایە، و ئاستی هەژاری و نەداری بەجارێ ژیانی زۆربەی دانیشتوانی ئەم هەرێمەی هەراسان کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا، ڕیزی ملیاردێر و ملیۆنەری دولاری سەر بە دەسەڵات و حزبەکانیان و سەرمایەدارنی گەندەڵی دەروبەریان، هەرڕۆژە لە زیادبووندایە.

سەرکوتگەرییەکانی دەسەڵات بە دژی جەماوەری خۆپێشاندەر لە ساڵانی پێشوودا، و داسەپاندنی ڕژێمێکی سیاسی دکتاتۆری پشت بەستوو بە زەبروزەنگ و ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی، کە بێ دەربەستە لە ئاست دابینکردنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری و ڕۆشنبیرییەکانی جەماوەری زەحمەتکێشی هەرێم، هەر تەنها بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی گەندەڵ و میلیشیاییان نەبووە، بەڵکو هاوکات بۆ مانەوەی دەسەڵاتیان و بەرقەراری سەرمایەداری و سترکچەری سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئەم سیستمە بووە.

نەک هەر هێزەکانی دەسەڵات، بەڵکو هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی لە هەرێمدا، بە لایەن و باڵە جیاجیاکانیانەوە، و بەهەردوو بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم و ڕەوت و حزبەکانیان و ئایدیۆلۆگ و ڕۆشنبیرانیانەوە، و هەروەها بە نیولیبراڵە قەومییەکانی چەشنی (نەوەی نوێ)وە، ئەم سیستمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەیان پاراستووە و ئەیپارێزن کە سەرتاپای مۆرکی دابەشبوونی قووڵی چینایەتی پێوەیە لەنێوان پرۆلیتاریا و بورژوازیدا، و هەر ڕۆژە جەمسەرگیریی چینایەتی ناو کۆمەڵگە توندوتیژتر و بەرینتر ئەبێتەوە.

هەربۆیە لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی کوردستان نوقمی هەژاری و بێکاری و بێ خزمەتگوزارییە، هەم هێزەکانی دەسەڵات و هەم ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی، لەهەر کات زیاتر کۆمەڵگەکەیان نوقمی خورافاتی قەومی و دینی کردووە، لە لایەک، و لە لایەکی ترەوە نیولیبراڵەکانی چەشنی (نەوەی نوێ) لە هەوڵی سەرگێژەکردنی جەماوەرن بە ئومێد هەڵچنین بە ئاڵوگۆڕپێکهێنان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە.

هەر لەم ڕاستایەدا، ناسیونالیستەکان کەوتونەتە بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە ئەگەری هەرەسی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە هەرێمدا، و باوەشێنی دەمارگیری و ڕق و قینەی نەتەوەیی ئەکەن، و ئیسلامی سیاسیش بەردەوام گورزی کوشندەی خۆی ئاراستەی ئازادییەکانی ژنانی کوردستان ئەکات و هەوڵ و

بۆ ل٢

## شەپۆلێکی بەرفراوان لە خۆپێشاندانی مامۆستایان زووربەی شار و شارۆچکەکانی داگرتەوە

دوا لاپەڕە




## تاوانەکانی حکومەتی ئەردۆگان بۆ سەر کوردستانی سوریا، ڕیسوایە و دەبێ کۆتایی پێ بێت

لە (٥)ی ئۆکتۆبەری (٢٠٢٣) بەدواوە ڕژێمی بۆرژوا ناسیونال ئیسلامی و عەسکەرتاری تورکیا بە چەکی قورس و تۆپخانە و فڕۆکەی سەربازی و درۆنەوە هێرشە دڕندانەکانی خۆی دەستپێکردووە بۆ سەر خەڵکی سڤیل و منداڵ و بەساڵاچوانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پەیەدە) و ژێرخانی ئابوری لە وێستگەکانی کارەبا، کێڵگە و پاڵاوگەکانی نەوت و گازیشی کردۆتە ئامانج. بەپێی ڕاگەیاندنەکان تا ئێستا زیاتر لە (٩) هاوڵاتی مەدەنی و (٣٩) شەڕڤان کوژراون و زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن دۆلاریش زیانی بە ژێر خانی ئابووری گەیاندووە.

گەرچی ئەم هێرشەی بۆسەر کوردستانی سوریا و دەیان هێرشی تریشی هەر لەم ماوەیەدا بۆسەر ناوچە سنورییەکانی (هەرێمی کوردستانی عێراق) و هەروەها (کەمپی پەنابەرانی مەخمور)یش کە تیایدا خەڵکی سڤیل کراونەتە ئامانج، بەبیانووی ئەو فەقینەوە خۆکوژییەوەیە کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا لە ئەنقەرەدا ڕوویدا، بەڵام ئەم هێرش و خوێنڕێژییە هەڵقوڵاوی ستراتیژ و سیاسەتە فراوانخوازەکانی حکومەتی ناسیونال ئیسلامی شۆڤێنستی تورکیایە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە هاوکات و بەهەمان شێوەی دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و تاوانکاری ئیسرائیل کەوتۆتە ڕەشەکوژی خەڵکی سڤیل و منداڵ و پیر و پەککەوتە و وێرانکاری شار و شارۆچکەکان.

حکومەتی ئەردۆگان لە تورکیا، وەک هاوشێوەکەی حکومەتی ناتانیاهۆ لە ئیسرائیل، حکومەتی میللی مەزهەبی تیرۆر و کوشتارە، حکومەتی زیندانی و سەرکوتە، حکومەتی هەژاری و هەڵائاوسان و گرانی و بێکارییە لەناوخۆی تورکیا، و سەرچاوەیەکی نائارامیی و پشێوی و مەترسیشە بۆسەر ژیانی جەماوەری زەحمەتکێشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

تاوانە جەنگییەکانی حکومەتی تورکیا لە کوردستانی سوریا و هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەک تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل، ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت و قاوەنەدرێت و ڕیسوا نەکرێت و بێ وەڵام بمێنێتەوە لەلایەن بەشەریەتی ئازادیخوازەوە، بەڵام ئەوەی کە دەتوانێت سنورێکی جدی دابنێت بۆ تاوانکاری ئەم ڕژێمە شکڵپێدان و هێنانەمەیدانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ناوچەکەیە بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی ئینتەرناسیونالیستی، کە چەسپاندن و پتەوکردنی هاوپشتی نێونەتەوەیی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرجەستەبکاتەوە لەبەرامبەر تاوان و ملهوڕییەکانی ئەو ڕژێمە بورژوازیانەدا.

نا بۆ تاوانە جەنگییەکانی ڕژێمی ئەردۆگان و سیاسەتە شۆڤێنستیەکانی

## چوارەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) لە (گۆڕەپانی تەحریر)ی بەغدا بەرز ڕاگیرا

٢ل




موئەیەد ئەحمەد:
ڕەفتاری فاشیستانە و تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل و پەرچەکرداری حەماس و تیرۆریزمەکەی، لێک جیاناکرێنەوە و یەک پرۆسە و یەک واقیعەتن. ٢ل
هەرێمی کوردستان، شکستی دەسەڵات و دوو بەدیلی واقعی و عەمەلی — نادر عەبدولحەمید — ل 4
کوچک لە ئاگر گەرمتر! (١)، سەرنجێکی کورت لەسەر شەڕی غەززە — عەبدوڵا سالح — ١٠ل
ئەم سیستەم و دەسەڵاتە گەیشتۆتە بن بەست — نەوزاد بابان — ٩ل
سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شاری کەرکووک — ٢ل
زۆرێک لەوانەی لە بواری ئەدەب و هونەر و بیر و سیاسەتدا کاردەکەن، خاوەن پەیامی ڕەخنەگرانە و مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانە نین؟! — عەلی محەممەد ئەمین — ل ٩
وانەکانی ئەدەب و هونەری ڕاپەڕین لە عێراق — موئەیەد ئەحمەد — ١٠ل
مانۆری سەربازیی تۆفانی ئەقسا — نەوزاد عومەر عەلی — ١١ل
بەرگریکردن لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر — ئازاد ئارمان — ل ٩
بانیژەی ئەدەب و کلتوور — ٥ل تا ٨ل

ڕێوت

البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# چوارەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) لە (گۆڕەپانی تەحریر)ی بەغدا بەرز ڕاگیرا



یەک شەممەی (١-١٠-٢٠٢٣) سەدان خۆپێشاندەر، لە (گۆڕەپانی تەحریر)، بەشداریان کرد لە یادکردنەوەی چوارەمین ساڵی (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر) کە لە ساڵی (٢٠١٩)دا سەریهەڵدا.

خۆپێشاندەران لە کاتێکدا وێنەی ئەو قوربانیانەیان بەرزکردبۆوە کە گیان بەخشی لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم ڕاپەڕینەدا، ئیدانەی سیاسەتەکانی ڕژێمی فەرمانڕەوای ئێستای عێراقیان کرد، و خوازیاری ڕزگاری بوون لە دەست ئەم ڕژێمە ئیسلامی و قەومییە.

هەروەها خۆپێشاندەران هەموو ئەو حزب و هێزانەشیان سەرکۆنەکرد کە خۆیان بە هەڵقوڵاوی ڕاپەڕینەکە دادەنێن و بەشداری هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکەن. خۆپێشاندەران ئەو لایەنانەیان وەک هێزی دژە شۆڕش و دوژمنی ئەو جەماوەرە دانا کە خوازیاری گۆڕانکاری ڕیشەییە.

ئەمە و خۆپێشاندەران جەختیان لەوەش کردەوە کە هەر بەردەوام دەبن لە خەباتی خۆیاندا دژی ئەم دەسەڵاتە فەرمانڕەوایەی ئێستا، چونکە بارودۆخی سەرکوت و تیرۆر و نەبوونی خزمەتگوزاری و بێکارییەکی بەربڵاو هەر بەردەوامی هەیە و بگرە لەناو زۆرێک لە توێژە کۆمەڵایەتییەکانیشدا بارودۆخەکە تا دێت خراپتر دەبێت.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) لەو بۆنەیەدا بەشداری کرد، و چەند دروشمێکی بەرزکردەوە، لەوانە (ڕیزی چینایەتی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەهەژارکراوان، ڕێگای ڕزگاربوونە لەم ڕژێمەی ئێستا)، لەگەڵ دروشمی (ئازادی و یەکسانی ژنان و خەباتی سەربەخۆ بۆ گەیشتن پێی، پێوەری شۆڕشگێڕانەی هەموو ڕاپەڕینێکە) ئەمە جگە لە بەرزکردنەوەی دروشمی (هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەڕیوو) کە دروشمی سەرەکی ڕێکخراوەکە بوو لە کاتی ڕاپەڕینەکەی ساڵی (٢٠١٩)دا، هەروەها بەیاننامەکەی ڕێکخراویش بەبۆنەی چوارەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەرەوە لەنێو ئاپۆڕەی جەماوەری خۆپێشاندەردا دابەشکرا.

جێگای سەرنجە کە (کۆڕبەندی ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێڕ)یش بەشداریان کرد لەم یادکردنەوەدا، بە بەرزکردنەوەی چەندین دروشم کە داوای ڕزگاری یەکجارییان دەکرد لەم ڕژێمەی ئێستا. ئەمە و چالاکوانانی (کۆڕبەند)ەکەش بەیاننامەکەی خۆیان بەم بۆنەیەوە لەنێو خۆپێشاندەراندا بڵاو کردەوە.

لەم خۆپێشاندانەی یادکردنەوەیەدا، هێزە ئەمنییەکانی ڕژێم هەستان بە گەمارۆدانی (گۆڕەپانی تەحریر) و دروستکردنی ئاستەنگی بۆیان و هەوڵیاندا بڵاوەیان پێبکەن، وە نزیک کاتژمێر شەشی ئێوارە ڕاستەوخۆ هەستان بە سەرکوتکردنیان و بە زۆر بڵاوە پێکردنیان.

شایانی باسە لە هەندێ شاری تریش خۆپیشاندانی هاوشێوە دەستی پێکرد بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر) لەوانە لە شاری (ناسریە) و لە (گۆڕەپانی ئەلحەبوبی).

# دەربارەی ڕووداوە خوێناوییەکانی

.......پاشماوەی ل١

بەردەوامیدانی دامەزراوە بۆرژوازییە دەسەڵاتدارکانی ئیسرائیل و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بە چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی فەلەستینییەکان و داگیرکردنی هەرچی زیاتری خاکەکەیان و چڕکردنەوەی سیاسەتی فراوانخوازی و نیشتەجێکردن وەک دەوڵەتێکی میلیتاریستی ملهوڕ، هۆکاری سەرەکییە کە لە پشت خوێنڕشتنی خەڵکی سڤیلەوە وەستاوە لە (کەناری ڕۆژئاوا) و (کەرتی غەززە) و هەروەها لە ئیسرائیلیش، چ لەڕابردوو و چ لە ئێستاشدا، وە هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەم کارەساتانەشە کە تا ئێستا بەشێکی جیانەکراوەی بوونی دەوڵەتی ئیسرائیلن، وە هەر ئەمەش، ئەو زەمینەیە کە ڕەوتە شۆڤێنیست و ناسیۆنالیستە عەرەبییەکان و ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی وەک (حەماس) و (جیهاد) و هاوشێوەکانیان تێایدا گەشە دەکەن و دەبنە تەوقێک بەگەردنی جەماوەرەوە لە فەلەستین و باقی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان ئیسرائیل و هەندێک وڵاتی عەرەبی، وە پەیوەندییە ژێر بەژێرەکانی سعودییە و ئسرائیل و ئەگەری هاتنە ناوەوەی ئەم وڵاتە بۆناو ئەم پرۆسەیە، کەشوهەوایەکی سیاسی نوێی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێناوەتە کایەوە بەجۆرێک کە هیچ بوارێکی بۆ (کۆماری ئیسلامی ئێران) و هاوپەیمانەکەی (بزووتنەوەی حەماس) نەهێشتۆتەوە جگە لە دەستبردن بۆ کاریگەریدانان لەسەر دۆخەکە بە قازانجی خۆیان ئەویش لە ڕێگەی چالاکیەکی سەربازییەوە، بەبێ گوێدانە کەمترین بەرپرسیارەتی لەوەی کە کردەوەیەکی لەم جۆرە تاوانی کوشتنی خەڵکی سڤیلی لێ دەکەوێتەوە لە ئیسرائیل و لە کەرتی غەززە.

وڵاتانی ئیمپریالیستی و لەسەرووی هەموشیانەوە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، بەخێرایی کەوتنە پشتگیری کردن و هاوکاریکردنی حکومەتە ڕاستڕەوەکەی ئیسرائیل لەم شەڕەدا، و دەستی سوپاکەیان ئاوەڵاکرد تاکو ئەوەی بیەوێت بیکات لە کوشتن و وێرانکردن لە غەززە، و چاویش بپۆشن لە کردە تاوانکارییە بەردەوامەکانی بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوان لە فەلەستین.

لەگەڵ دەستپێکردنی ئەم هێرشە سەربازییەی حەماس، حکومەتی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە لە دۆخێکی شەڕدایە، ئەمەش بۆئەوەی پاساو بۆ کۆمەڵکوژییەکانی خۆی لە دژی فەلەستینییەکان بێنێتەوە، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی هەندێک ستراتیژی ڕانەگەیەنراوی تر لە ئەگەری فراوانکردنی بازنەی ئەم شەڕەی ئێستا. فراوانبوونی بازنەی ئەم شەڕە و لێکەوتەکانی، کە بریتین لە کارەساتی نوێ بۆ جەماوەر لە فەلەستین و ئیسرائیل و ناوچەکە، بەشێکن لەو ئەگەرانە، بە تایبەت لەبەر ڕۆشنایی قەیرانێکی قووڵدا کە تووشی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی ئەو ناوچەیە هاتووە، وە لەکەش و هەوایەکیشدا کە بەرژەوەندییە جیۆ-پۆلەتیک و جیۆ-ئابورییەکانی هێزە ئیمپریالیست و ئیقلیمییە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکە بەتوندی تووشی پێکدادان بووە.

مێژوو سەلماندوویەتی کە پرسێکی ئاڵۆز و پڕ گرێوگۆڵی وەک پرسی فەلەستین لە ڕێگەی شەڕ و توندوتیژی لایەنێکەوە دژ بە لایەنێکی تر چارەسەر ناکرێت، چونکە هەریەک لەم دوو لایەنە ئامانجی تایبەت بە خۆیان هەیە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە جەوهەری پرسەکەوە نییە. حکومەتی ئیسرائیل هیچ بەرنامەیەکی نییە بۆ داننان بە مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستین، وە (بزووتنەوەی حەماس)یش هەوڵی دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی دەدات نەک تەنها لە کەرتی غەزە، بەڵکو لە هەموو پارچەکانی فەلەستین، و ئەمەش لەو شێوازە حوکمڕانییەیدا دەدەکەوێ کە لە غەززە لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە پیادەی دەکات.

ئەوانەی باجی ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتییانە دەدەن، کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی بێ تاوانی سڤیلن لە هەردوولا، تەنیا ئەوانن کە هیچ بەرژەوەندییەکیان لەم شەڕانەدا نییە و تەنیا داواکارییان دابینکردنی ژیانێکە کە ئاسایش و ئارامی و ئاشتی تێدا بەرقەرار بێت، ئەمەش لە ئێستادا تەنها لە ڕێگەی ئەو چارەسەرەوە بەردەست دەبێت کە پێکهێنانی دوو دەوڵەتە، و تیایدا دەوڵەتی فەلەستین وەک ئیسرائیل بەهرەمەند بێت لە سەروەری تەواو.

ئێمە، لە کاتێکدا، ئەم شەڕە و پرۆسەی کوشتنی خەڵکی بێتاوان لە هەردوولا سەرکۆنە و شەرمەزار دەکەین، هاوپشتی خۆمان ڕادەگەیەنین لەگەڵ جەماوەری ستەملێکراوی فەلەستین و زەحمەتکێشانی ئازادیخوازی ئیسرائیل کە ئەوانن بەرژەوەندییان هەیە لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ پرسی فەلەستین، لە هەمانکاتیشدا داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەم شەڕە دەکەین.

٨ - ١٠ - ٢٠٢٣

# سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شاری کەرکووک



هێزە میلیشیاکانی سەر بە حزبەکانی دەسەڵات و حکومەتی ناوەندی لە شاری کەرکووک، تەقەی ڕاستەوخۆیان ئاڕاستەی خۆپێشاندەرانی گەڕەکی (ڕەحیماوا) کرد کە زۆرینەیان کوردی زمانن، و خۆپێشاندنیان دەکرد بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لەدژی داخستنی ڕێگای سەرەکی نێوان کەرکوک - هەولێر کە بارگرانی بۆ ژیانی ڕۆژانە و سەختی ئابووری بۆ هاوڵاتیان هێنابۆ ئاراوە.

ئەم کردەوە تاوانکارییە بووە هۆی کوژرانی (٤) خۆپێشاندەر و برینداربوونی (١٥) کەس، لە (٢)ی ئەیلوولی (٢٠٢٣). ئەمە و هەر هەمان ئەو هێزانەش هەڵساون بە هەڵمەتێکی دەستگیرکردن هەر لە گەڕەکی (ڕەحیماوا).

ئەم ڕووداوە خوێناوییە بەدوای ئەوەدا دێت کە چەند تاقمێکی پاڵپشتکراو لەلایەن هێزە میلیشیاکانی سەر بە حیزبەکانی دەسەڵاتدار، وە بە بەشداریی ئەندامانی "هاوپەیمانی عەرەبی" و "بەرەی تورکمانی" کە هێزی سیاسی چالاکن لەو شارەدا، و بەر لە هەفتەیەک لەم ڕووداوە خوێناوییە هەڵساوون بە دانانی خێمە لە بەردەم بارەگای پێشووی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، بۆ ڕێگریکردن لە ڕادەستکردن و گەڕاندنەوەی بارەگاکە بۆ ئەم حزبە، کە پێشتر ئەو بارەگایە لەلایەن میلیشیاکانی (حەشدی شەعبی)یەوە دەستی بەسەرداگیراوە.

ئەم ڕووداوانە سەرلەنوێ دڵەڕاوکێ و ترسی هێناوەتەوە ئاراوە، لە ئاڵۆزبوونی قەیرانەکە و پەرەسەندنی دەمارگیریی نەتەوەیی و شەڕ و پێکدادانی قەومی، لە نێوان دانیشتوانی کوردی زمان و عەرەبی زمان و تورکمانی زمان، لەسەر بنەمای مێژوویەکی تاڵ لە ستەمی نەتەوەیی و ڕاگواستنی زۆرەملی و ڕووداوە خوێناوییەکان و کێشمەکێشە قەومییەکان کە دەیان ساڵ لەم شارەدا لە ئارادابووە.

شارەکە بە تایبەتی لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بۆتە گۆڕەپانی ململانێی هێزە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد و عەرەب و تورکمان، بەتایبەتی حزب و هێزە میلیشیا چەکدارە کوردی و عەرەبییەکان، بۆ بەرەوپێشبردنی ئەجێندا سیاسییەکانیان و خۆداسەپاندنیان بەسەر شارەکەدا، بە سوود وەرگرتن لە خۆشخەیاڵیی نەتەوەپەرستانە، کە ڕێگەخۆشکەری کاری سەرکوتگەرانە و توندوتیژی و تاوان بووە دژی دانیشتووانی شارەکە بە پلەی جیاواز.

پاڵنەرەکانی ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی بارەگای ئاماژە بۆکراو، بەدەر لە ئامانجە سیاسییە کۆنەپەرستەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەو شارە، تەنیا سنووردار نییە بە حیساباتی قازانج و زەرەری حزبە میلیشیاکانی دەسەڵاتداری عێراق و هاوبەشەکانیان لەم سیناریۆیەدا بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پارێزگاکان، بەپێچەوانەوە ئەم کارە و ئاڵۆزکردنی دۆخەکە بەم شێوەیە، نە بە جیا لە ستراتیژێکی هەمەلایەنەتر و پرۆسەیەکی کێشمەکێشی نێوان حزبە جۆراوجۆرە ئیسلامی و قەومییەکان ڕوویداوە کە چارەنووسی ئەم وڵاتەیان کۆنترۆڵ کردووە، وە نە بە جیاش لەو سیاسەت و ستراتیژییانە ڕوویداوە بەرامبەر عێراق، کە درێژکراوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییان هەیە.

ئەمڕۆ عێراق بە یەکێک لە سەختترین قۆناغەکانی قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ململانێی جیۆپۆلەتیکیدا تێدەپەڕێت کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بەخۆیەوە بینیوە، و تیایدا ڕووداوەکان و قەیرانەکان بە شێوەیەکی خێرا و فرەڕەهەند ڕوودەدەن. هاوسەنگی هێز لە نێوان هێزە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوا ئیسلامی و قەومی فەرمانڕەوا و باڵە جۆراوجۆرەکانیان ناسەقامگیرە، ئەمەش لە جەرگەی قەیرانە قووڵەکەیاندا کە لەدەستدانی متمانەی جەماوەرە بە حوکمڕانی ئەو هێزانە و سیستەمە سیاسییە گەندەڵە قەومی و ئیسلامییەکەیان لە سەرانسەری عێراقدا، و بێتوانایی تەواوی دەسەڵاتەکەشیان لەوەی کە ئاسۆیەکی ئابووری و سیاسی بخاتەبەردەست بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی جەماوەر و هەژاری و بێکاری، و نەبوونی خزمەتگوزاری، و کارەساتی ژینگەیی و چەندین تراژیدیای دیکەی جەماوەر.

هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی زیادبوونێکی بەرچاوی دەستێوەردانی زلهێزە ناوچەییەکان لە ناوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕوودەدەن، بەتایبەتی لەلایەن ڕژێمەکانی ئێران و تورکیاوە، بەهۆی ئەو بۆشاییەی کە گۆڕانی هاوسەنگی هێزی ناوچەیی لە بەرژەوەندی ئەم دوو وڵاتە هێناویەتە ئاراوە. لەجەرگەی ئەم دۆخە قەیراناوی و ناجێگیرەدا، ئەوەی کە تەوەرەی سەرەکی لە دیاریکردنی ڕێبازی سیاسی وڵاتەکە پێکدەهێنێت لە ئێستادا، بریتییە لە بەردەوام بوونی ئیسلامی سیاسی شیعە لە دەستبەسەراگرتنی کاروباری دەوڵەت و سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە.

ئەوەی لە کەرکوک دەگوزەرێت، دابڕاو نییە لەم ڕۆڵە گەشەسەندووەی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە و میلیشیا دڵسۆزەکانیان بۆ ڕژێمی ئێران، و سەرکوتگەرییان و کۆنترۆڵکردنیان بەسەر ڕێڕەوی بارودۆخی عێراق و دروستکردنی قەیرانی جۆراوجۆر بەپێی پێداویستیی بەرژەوەندییەکانیان. سەرکوتکردنی خوێناوی خۆپێشاندانەکانی کەرکووک و وروژاندنی دەمارگیریی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی قەومی لەو شارەدا، شتێک نییە جگە لە بەردەوامی ئەو کارانەیان و ستراتیژەکەیان بۆ حوکمڕانی.

بنەمای چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی شاری کەرکووک ئەوەیە کە جەماوەری شارەکە، لەناو شۆڕاکانیاندا ڕێکخراوبن و دەسەڵاتی شارەکە بگرنە دەست خۆیان، لەسەر بنەمای هاوکاری و تەبایی و ژیانکردنی ئاشتیانە لە نێوان نەتەوە و مەزهەب و ئایینە جیاوازەکاندا، بەبێ هیچ هەڵاواردن و جیاکارییەک. خەباتی بەردەوام بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ستەملێکراو لەسەر بنەمایەکی چینایەتیی سەربەخۆ، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە سەر بە چ نەتەوە، ئایین و تائیفەیەک بن، نەک هەر ئەرکێکی بنەڕەتی کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان و پرۆلیتاریای سۆشیالیستە لەسەر ئاستی سەراسەری وڵات، بەڵکوو بنەما و گەرەنتییەکی دڵنیاکەریشە بۆ هێنانەدی ئاسایش و ئاشتی لە شاری کەرکووک و بەرجەستەکردنەوەی ئیرادەی سیاسی جەماوەر.

ئەمڕۆ لەجەرگەی ئەم دۆخە قەیراناویی و مەترسیدارەدا، کە تووڕەیی جەماوەری تیا هەڵکشاوە بەرامبەر بە ئەنجامدەرانی تاوانەکەی (ڕەحیماوا)، ئەرکی هەر کەسێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و بەدیاریکراویش لە شاری کەرکووک، کە هاوکاری خەڵکی بێت تا نەکێشرێنە نێو هەستونەستی نەتەوەپەرستی و عەقڵیەتی تۆڵەسەندنەوە لە ئەندامانی نەتەوەکانی تر.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەم تاوانە دەکات، و لە هەمان کاتیشدا بە توندی ئیدانەی پەرەپێدانی بە ئەنقەستی گرژی سیاسی دەکات لەلایەن هێزە میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی شیعە و ئەنجامدانیان بۆ تاوانی کوشتن و بریندارکردنی خۆپێشاندەران، و هەروەها حکومەتی ناوەندیش بە بەرپرسیار دادەنێت لە ڕادەستکردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکە بۆ بەردەم دادگا.

ئەمە، و ڕێکخراوەکەشمان خەبات دەکات بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایەتی و بەڕێوەبردنی شاری کەرکووک لە ڕێگەی ئەو شورا جەماوەرییە شۆڕشگێڕەکانەوە بێت کە سەربەخۆ بن لە هەردوو حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٤ی ئەیلولی ٢٠٢٣

# لە یەکەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی جەماوەریی ژنان و کرێکاران و لاوانی ئێراندا

(١٦-٩-٢٠٢٣) یەکەمین ساڵیادی خرۆشان و ڕاپەڕینی جەماوەری ژنان و لاوان و کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەراسەری ئێرانە، کە بە کوشتنی (ژینا ئەمینی) لەلایەن پۆلیسی جمهوری ئیسلامییەوە دەستی پێکرد، و تیایدا هێزە سەرکوتگەرە ئەمنییەکان و میلیشیاکانی سەدان خۆپیشاندەریان کوشت و چەندین هەزاریان زیندانی کرد و ژمارەیەکیشیان لە سێدارەدان.

ئەم ڕاپەڕینە کە بەدژی ستەم لەسەر ژنان و حیجاب پۆشینی زۆرەملێ سەریهەڵدا، هەر زوو گۆڕدرا بۆ ڕاپەڕینێکی چینایەتی و سیاسی جەماوەریی بەرووی هەژاری و بێکاری و سەرکوتی سیاسی و فەرهەنگی سیستمی سەرمایەداری و ڕژێمە سیاسییە ئیسلامییەکەی لە ئێراندا. هەروەها بە درێژایی زیاتر لە شەش مانگ زووربەی هەرە زۆری شار و شارۆچکەکانی گرتەوە و ڕژێمەکەی توشی ترسولەرز کرد، و پایە بنەڕەتییەکانی ئیسلامی سیاسیشی، بە تایبەت ستەم لەسەر ژنان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێنایە لەرزین.

بۆ زیاتر لە چوار دەیەیە ئەم ڕژێمە لە هەوڵی جێگیرکردنی هەڵاواردن و داسەپاندنی دۆخێکی کۆیلایەتیدایە بەسەر ژناندا، کە ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژی سیاسی هەموو ڕەوتە فەرمانڕەوا و ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئیسلامی سیاسی پێکدەهێنێت لە سەراسەری جیهاندا، بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە.

ئەمە چوارەمین ڕاپەڕین بوو لە شەش ساڵی ڕابردوودا، کە یەک لەدوای یەک سەریانهەڵداوە لە ئێراندا، بەرووی هەژاری و بێکاری و گرانی و داسەپاندنی بێمافی لەلایەن ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێرانەوە؛ کە ڕاپەڕینەکانی (دیسێمبەری ٢٠١٧)، و (نۆڤێمبەری ٢٠١٩) و (تەممووزی ٢٠٢١)ن، وە لە بەردەوامی زنجیرەیەکی نەپساوەی مانگرتنی کرێکاراندا دێت کە دەیان هەزار لە کرێکارانی شارەوانی و کارگەکانی شەکر و چیمەنتۆ و پیترۆ کیمیاوییەکان و ئاسن توانەوە بەشداریان تێدا کردووە.

ئەم ڕاپەڕینە لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە هەوڵی لە قاڵبدانی دراوە لەناو ئەجندای ڕەوتە جۆراوجۆر و هەمە چەشنەکانی بۆرژوا ناسیونالیستی پان ئێرانیست و قەومییە لۆکاڵییەکان و لیبراڵ ئیسلامییەکان و شاهەنشاهییەکان و پۆپۆلیزمی جەماوەریانەی سەروو چینایەتییەوە، ئەمە جگە لە هەوڵدانی وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بۆ خنکاندنی وزەی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە و بەهرەبەرداری بۆ خزمەت بە بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکەکانیان.

سەرمایەداری و دەسەڵاتی بورژوا ئیسلامی و قەومی نەک هەر لە ئێران، بەڵکو لە عێراق و تورکیا و لوبنان و تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە قەیرانێکی قوڵی لەچارنەهاتوودایە، و نەک هەر ڕووبەڕووی نارەزایەتی و خۆپێشاندانی ڕۆژانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەمدیدە و لاوانی ئازادیخوازە، بەڵکو بەردەوامیش ڕووبەڕووی ڕاپەڕینە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم جەماوەرەیە بۆ ڕزگاربوون لە چنگی ئەم سیستمە ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە ژیانی لەمەنگەنەداوە. ئەمە پرۆسە و بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانەیە و بە دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەیی پرۆلیتاریا لە جەرگەیدا ئەبێتە قەیرانێکی شۆڕشگێڕانە و ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕشی سۆشیالیستی و سەرکەوتنی.

ئەمڕۆ لە ساڵیادی ئەم ڕاپەڕینەدا، ترس و دڵەڕاوکێ سەراپای ڕژێمی جمهوری ئیسلامی داگرتووە بۆ بەرگرتن بە دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەم ڕاپەڕینە و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی، چونکە هێشتاش وەک گڕکانێک لە دەرونی کۆمەڵگەی ئێراندا دانەمرکاوەتەوە. هەربۆیە، ماوەیەکە کەمپینێکی بێهودەی بەڕێخستووە هەم بۆ دووبارە فەرزکردنەوەی حیجابی ئیجباری کە لە پاش ڕاپەڕینی پارەوە ژنان پەیڕەوی ناکەن و هەم دەستیداوەتەوە گرتن و سزادانی چالاکەوانانی ڕاپەڕینەکە.

هەر لەم ڕاستیەشدا، یەکێک لەو هەنگاوانەی گرتوویەتییەبەر، ڕێکەوتنامەیەکە لەگەڵ حکومەتی عێراق، بە ئاگاداری حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتداری، بۆ داخستنی بارەگای حزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران لەناو هەرێمی کوردستانی عێراقدا تا (١٩-٩-٢٠٢٣) و هەڕەشەی موشەکباران و لەشکرکێشی دەکات ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، ئەویش بەمەبەستی خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی جەنگی و نانەوەی تراژیدیایەک لەدەرەوەی سنورەکان تا بتوانێت سەرکوتی نارەزایەتییەکانی جەماوەر بکات لەناوخۆی ئێران و بەربگرێت بە سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕینەکە.

لە یادی یەکەمین ساڵەی ڕاپەڕینی (ئەیلولی ٢٠٢٣)ی ئێراندا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنینەوە کە ڕێگەی ڕزگاری لەدەست تەواوی ئەو مەینەت و کارەساتانەی سەرمایەداری و دەسەڵاتی بۆرژوایی ئیسلامی سیاسی، هەوڵدانە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم نارەزایەتی و ڕاپەڕینانە لە ڕێگەی چەکدارکردنیان بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و هێنانەدی هاوپشتییەکی نێونەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق شانبەشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوانی ئازادیخواز و ڕەوتی پرۆلیتاریای سۆشیالیست لە سەرجەم عێراق و ناوچەکەدا لە خەباتدایە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەی بێ چین و ئازاد و یەکسان.

هەروەها ئەم ڕێکخراوە وێڕای سەرکۆنەکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان هەردوو حکومەتی ئێران و عێراق، و ساتوسەودای حکومەتی هەرێم و حزبە فەرمانڕەوا کانی، دژ بە حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران لە هەرێمدا، مافی پەنابەریی سیاسی و ئازادیی هەڵسوڕانی سیاسی و فکری و میدیایی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بە مافێکی بێ ئەملاوئەولا دەناسێ، و لە هەمانکاتیشدا حکومەتی ناوەندی و هەرێم، بە بەرپرس دادەنێ لە پاراستنی ئەمنیەتی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە و پەنابەران و خانەوادەکانیان.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٢٠٢٣-٩-١٤

پاشماوەی...

## نەدانی موچەی کرێکاران و کارمەندانی هەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی ڕیسوای دەسەڵاتدارانە دژ بە جەماور

تەقەلاکانی کرێکاران و گەنجانی بێکاری کوردستان و ڕیزی خەباتیان بە ئیسلامیزم و دژایەتی لە بەرامبەر هەر ئایدیایەکی ئازادیخوازانە و سۆشیالیستیدا تێکدەدا.

لە بەرامبەریشدا، هێز و حزبە ئیسلامی و قەومییەکانی دەسەڵاتدار و حکومەتەکەیان لە بەغدا کە بێباکن لە هەژاری و نەداری و بێکاری جەماوەری هەرێم، بەردەوامن لە درێژەپێدان بە ململانێکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا. هەر دوو لا جەماوەری هەرێمی کوردستانیان کردۆتە بارمتەی ساغکردنەوەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و مانۆڕە جیوپۆلتیکسەکانیان و پەیوەندیان لەگەڵ زلهێزە ناوچەیی و دەوڵەتییەکاندا. هەروەها، دەسەڵاتدارانی بەغدا سەرقاڵی خۆشکردنی ئاگری دەمارگیری نەتەوەیین تا سەرەگێژی ڕەواج پێبدەن و پەردەپۆشی گەندەڵییەکانیان بکەن، و بێگوزارانی و هەژاری و بێکاری و بێ خزمەتگوزاری زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری عێراق بە دەمارگیری نەتەوەیی وەڵامبدەنەوە.

بۆ ڕزگار بوون لەم بارودۆخە کارەساتبارە ڕێگەیێک لە بەردەمدا نییە جگە لە بەهێزکردن و یەکخستنی ڕیزی خەباتی کرێکاران و زەحمەکیشان و بێکاران و ژنانی ستەملێکراو و گەنجان و سەرجەم ئازادیخوازان هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی عێراق، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سەربەخۆی چینایەتییان، و بەبێ هیچ جیاوازییەکی مەزهەبی و دینی و نەتەوەیی و جنسی و ڕەگەزی و هەر جۆرە جیاکارییەکی تر.

ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا پارسەنگی هێزی چینایەتی لە بەرژەوەندی بورژوازی دەسەڵاتدار و هێز و ڕەوتەکانیەتی، و تا خەڵکی کرێکار و نەداری هەرێم ئەم پارسەنگییە نەگۆڕن لە بەرژەوەندی خۆیان هیچ ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی لە بەرژەوەندییان نایەتەدی. کەوتنە داوی ئایدیۆلۆژیا و ئاسۆی قەومی و دینی و بروبیانووەکانی کێشە لەگەڵ بەغدا، و خۆشباوەڕیی بە هەڵبژاردن، بارودۆخە کارەساتبارەکە زیاتر درێژە پێئەدا. چارەسەر لە بەرەوپێشچوونی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا لە کوردستان و سەرجەم عێراقدایە.

بە ڕیزی خەباتی یەکگرتوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سەربەخۆی چینایەتی کرێکاران و نەداران، و هاتنە مەیدانیان وەک هێزێکی کاریگەری جەماوەری بەرووی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم لە هەرێمدا هەنگاوی یەکەمە بۆ کۆتایی هێنان بەم یاریکردنە بە ژیان و گوزەرانی جەماوەرەوە.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) بە توندی سەرکۆنەی هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی دەکات، و بەرپرسیاریەتی هەژاری و برسیەتییەک کە بە سەر جەماوەری هەرێمی کوردستاندا سەپاوە، دەخاتە ئەستۆیان. هەروەها شان بە شانی کرێکاران و زەحمەتکیشان و سەرجەم ئازادیخوازان لە خەباتی پەیگیرانەدایە بۆ کۆتاییهێنان بە باری سەختی ژیانی ئابووری جەماوەر لە هەرێم و سەرتاسەری عێراقدا.

سیاسەتی ڕیسوای موچە نەدان پێویستە دەستبەجێ کۆتایی پێبهێنرێ.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٣٠ (ئاب)ی ٢٠٢٣

ڕەوت
البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# موئەیەد ئەحمەد:
# ڕەفتاری فاشیستانە و تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئیسرائیل و پەرچەکرداری حەماس و تیرۆریزمەکەی، لێک جیاناکرێنەوە و یەک پرۆسە و یەک واقیعەتن.



موئەیەد ئەحمەد

لەم کەمپێنە سەربازی و تیرۆریستییەی ئیسرائیلدا لە غەززە تا ئەمڕۆ ( ٢٥ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣) و بە گوێرەی وێبسایتی (میدیل ئیست ئای)، پتر لە ٦٥٠٠ سیڤلی فەلەستینی گیانیان لەدەستداوە کە٢٧٠٠ کەسیان منداڵن و نزیکەی ١٧ هەزار کەسیش بریندارە. ئەم جینۆساید و کاولکاریە بە بەردەوام خانوو و باڵەخانە و گەڕەک و خەستخانە و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکانیان کردۆتە ئامانج و ئەمەش شانبەشانی فەرزکردنی گەمارۆیەکی ئابووری و خزمەتگوزاری بێ ئەندازە نائینسانی کە بەجارێ دانیشوانی غەززەی بێ نان و ئاو و کارەبا و هەر خزمەتگوزارییەکی تەندروستی و پێویست کردووە، و بوەتە هۆی فەراهەمهێنانی فەزا بۆ دەربەدەرکردنی زۆرەملێی زیاتر لە ملیۆن و نیوێک فەلەستینی و ئاوارەکردنیان بۆ دەرەوەی کەرتی غەززە.

## چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ڕەوت لەگەڵ موئەیەد ئەحمەد، سەبارەت بە ڕووداوەکانی کەرتی غەززە

**ڕەوت: سوپاس هاوڕێ موئەیەد بۆ ئەم دەرفەتە و ئەم بەدەنگەوە هاتنەت بۆ ڕۆژنامەی (ڕەوت) لەسەر ڕوداوێکی جیهانی گرنگ و نزیک لە کۆمەڵگای ئێمە لە (٧)ی ئەم مانگەوە دەستپێیکردووە. باڵی سەربازی ڕێکخراوەی حەماسی فەلەستینی و چەند گروپێکی جیهادی تر هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی ئیسرائیل و کردەوەیەکی سەربازی غافڵگیرانە و سەرکەوتوانەیان بەڕێوەبرد و لەوێوە جەنگێکی خوێناوی درێژەی هەیە. بە ڕای تۆ ئەم کوشتوکوشتارە چۆن هەڵدەسەنگێنی و بەرەو کوێ دەڕوات و هێزەکانی دەرگیری ئەم جەنگە چۆن دەبینی؟**

موئەیەد ئەحمەد: دەستانخۆش بێت و زۆر سوپاس، بۆ منیش زۆر گرنگ بوو کە دەربارەی ئەم مەسەلەیە بدوێین. ئەم دەورەیە لە کوشتوکوشتار وماڵوێرانی و دەربەدەری، ئەڵقەیەکی دیکەی ئەو زنجیرە دوور و درێژە کارەساتبارەیە کە بۆ دەیان ساڵە لە ئارادایە و بەرۆکی بە خەڵکی مەدەنی و دانیشتوانی بێتاوانی فەلستین و ئیسرائیل گرتووە. جینۆسایدی دانیشتوانی کەرتی غەززەش کە دەوڵەتی ئیسرائیل و حکومەتەکەی و هێزەکانی ئەنجامی ئەدات لە ئێستادا درێژەی سیاسەت و پراتیکی بەردەوام و چەند دەیەیی هەمان ئەم دەوڵەتەیە دژ بە فەلەستینییەکان. جیاوازیەکەی هەر ئەوەیە کە ئەمجارەیان بە دوای ئەو هێرشە سەربازی و کارە تیرۆریستییە وەحشیانەیەی ڕۆژی ٧ ئوکتۆبەر دێت کە حەماس و جیهادی ئیسلامی و باڵە سەربازیەکەیان؛ کەتائیبی ئەلقەسام (كتائب القسام)، ئەنجامیداوە.

بەگوێرەی هەواڵەکان هێرشی سەربازی و تیرۆریستی حەماس بووەتە هۆی کوشتوکوشتاری زیاتر لە ١٤٠٠ کەسی سیڤل و سەربازی ئیسرائیلی و بەدیلگرتنی سەدان سەرباز و سیڤل کە بەشێکیان منداڵن. ئەڵبەتە ئەم هێرشە سەربازییەی حەماس لە ٧ ئۆکتۆبەردا سیاسەت و ستراتیژێکی پێشتر نەخشەدارێژراوی ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە بووە و ئاواش پیادەکراوە و لەبنەڕەتدا هەڵێنجراوی سیاسەت و تیۆری و پراتیکی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسییە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا جیاناکرێتەوە لەوەی کە کردەوەیەکی سەربازی و تیرۆریستییە لەبەرامبەر تیرۆر و فەزایەکی تیرۆریستی، کە پێشتر دەسەڵاتداریەتی ئیسرائیل و دەوڵەت و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی، و لەسەرەتای دروستبوونی ئیسرائیلەوە و هەتا ئێستاش، خوڵقاندویەتی و پیادەی کردووە بەدژی فەلەستینییەکان.

سوپا و هێزە ئەمنییەکانی ئیسرائیل ئەمساڵ و پێش ئەم ڕووداوانەی ئێستای غەززە، سەدان فەلستینییان کوشتووە، و لەساڵی ٢٠٠٧یشەوە تا پێش ئەم ڕووداوانە خوێنی زیاتر لە شەش هەزار فەلەستینییان ڕشتووە. هەروەک ئەبینین ئەوا بۆ پتر لە دوو هەفتەیە هێزەکانی ئیسرائیل سەرقاڵی تەفروتوناکردنی کەناری غەززەن و هەتا ئەم ساتەوەختە و بەدوای تاوانکاریەکەی بۆ سەر خەستەخانەی معمەدانی، کە بە گوێرەی ئیدارەی تەندروستی غەززە ٤٧١ کوژراوە و ٣١٤ کەس بریندار بووە، لەم کەمپێنە سەربازی و تیرۆریستییەی ئیسرائیلدا لە غەززە تا ئەمڕۆ( ٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣) و بە گوێرەی وێبسایتی (میدیل ئیست ئای)، پتر لە ٦٥٠٠ سیڤلی فەلەستینی گیانیان لەدەستداوە کە٢٧٠٠ کەسیان منداڵن و نزیکەی ١٧ هەزار کەسیش بریندارە. ئەم جینۆساید و کاولکاریە بە بەردەوام خانوو و باڵەخانە و گەڕەک و خەستخانە و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکانیان کردۆتە ئامانج و ئەمەش شانبەشانی فەرزکردنی گەمارۆیەکی ئابووری و خزمەتگوزاری بێ ئەندازە نائینسانی کە بەجارێ دانیشوانی غەززەی بێ نان و ئاو و کارەبا و هەر خزمەتگوزارییەکی تەندروستی و پێویست کردووە، و بوەتە هۆی فەراهەمهێنانی فەزا بۆ دەربەدەرکردنی زۆرەملێی زیاتر لە ملیۆن و نیوێک فەلەستینی و ئاوارەکردنیان بۆ دەرەوەی کەرتی غەززە.

حکومەتی ئیسرائیل ئەیەوێت، گەر بۆی بلوێت، بەم جینوسایدە هێرشی زەمینی و داگیرکردنەوەی ئەم کەرتە ئەنجامبدات، بەم پێیەش، ئەیەوێت، جارێکی دیکە، وەک ساڵی ١٩٤٨، تراژیدیایەکی دیکەی ئینسانی بخوڵقێنێ بەڵام ئەم جارەیان لە ئاستێکی زۆر گەورەتر و هەمەلایەنەتردا و بەدژی دانیستوانی غەززە کە بۆ خۆیان هەمان ئەو کەسانە و نەوەکانیانن کە پێشتر ڕاگوێزراون لە فەلەستین لە ساڵەکانی ١٩٤٨ و ١٩٤٩دا.

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی هێزەکانی دەرگیر لەم جەنگەدا، سەرەتا ئەبێ ئەوەمان لاروون بێت، کە ڕەفتاری فشیستانە و تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئیسرائیل و پەرچەکرداری حەماس و تیرۆریزمەکەی، لێک جیاناکرێنەوە و یەک پرۆسە و یەک واقیعەتن، و بە بڕوای من، ئەمە بەردی بناغەی هەر شیکردنەوەیەکی دروستی ئەم جەنگەیە.

ئەوە ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەوەی فەزای خوڵقاندووە و ئیمکانی داوە کە حەماس ئەم کارە و ئەم تاوانە بە دژی سیڤلی ئیسرائیل ئەنجامبدات، دەوڵەتی ئیسرائیل و سەرکوت و کوشتوبڕیەکانییەتی بەدژی خەڵکی فەلەستین، واتە حەماس تەواوکەری ئیسرائیل و قوتبی بەرامبەریەتی. هەر بۆیە ناکری ئەم جەنگە لە یەکلاوە سەیر بکرێت، بەڵکو ئەبێ هەردوولا وەک پرۆسەیەک و لە کۆنتێکستی یەکتردا لێکبدرێتەوە.

بەڵام ئەم پلەیە لە شیکردنەوە نامانگەێنێتە تەواوی ڕاستیەکە و تێگەیشتن لە پاردۆکسی ئەم دوولایەنە چونکە فاکتۆرێکی دیکەی بناغەیی دێتە ئاراوە؛ بەو ئەندازەیەی کە باسی حەماس بکەین، ئەویش ئەوەیە کە حەماس بەشێکە لە بزووتنەوەیەکی بەرینتر و واوەتر لە چوارچێوەی کێشە و پێکدادانەکانی فەلەستینییەکان و دەوڵەتی ئیسرائیل، کە ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسییە. و هەر بەم پێیەش ڕێباز (مەنهەج) و سیاسەت و هەروەها بەرنامە و تیوری و پراتیکی حەماس سەر بەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە چینایەتییەی بورژوازییە، و ئامانجی حەماس هەر تەنها تێکرماندنی ئیسرائیل نییە بەڵکو دروستکردنی ئیمارەتیکی بورژوازی سەرکوتگەری ئیسلامییە لە شوێنیدا. هەر بۆیە پێش ئەوەی حەماس لەبەرامبەر ئیسرائیلدا بێت لەبەرامبەر کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز و ژنانی فەلستیندایە.

لە وەڵام بە پرسیارێک کە بۆ ئەبێ حەماس پەیوەندی بەبزووتنەوەی دژە ستەم لەسەر جەماوەری خەڵکی فەلەستینەوە هەبێ، و بۆ ناکرێت جەنگ و پێکدادانەکانی حەماس لەبەرامبەر ئیسرائیلدا تەنها وەک قوتبێکی ئیرهابی بەرامبەر قوتبی ئیرهابی دەوڵەتی ئیسرائیل نیشان بدرێت، ئەڵێم ئەتوانری ئەو کارە بکرێت، بەڵام ئەوە باسەکە نییە و لە ڕێگەی ئەو ڕەخنەیەوە ناتوانری سیاسەتێکی کرداریی کۆمۆنیستی لێوە دەربهێنرێت.

بەسادەیی بڵێم، جەماوەری فەلەستین دەرگیری ستەمی دەوڵەتی ئیسرائیلە لەسەری و ئەم کارە سەربازی و تیرۆریستییەی حەماس، بمانەوێت یا نەمانەوێت، پەیوەندییەکی بەلابردنی ئەو ستەمەوە پەیداکردووە هەم لەباری ئەوەی کە لەواقعدا ستەمێک لە ئارادایە و بەرنگارییەکی جەماوەری فەلەستین هەیە بەرامبەری، و هەم لە هۆش و فیکری جەماوەری بەرینی فەلەستینی و جەماوەری نارازی لە ولاتانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە حەماس، لەهەمان کاتدا، ڕەوتێکی ئیسلامی سیاسییە، بەڵام لە جوگرافیایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتورێکی دیاریکردودا هەبوونی سیاسی و عەسکەری هەیە و لە پەیوەند بە کێشەیەکەوە، کە کێشەی فەلەستینییە و هۆکاری ئەسڵی و سەرەکی ئەم کێشەیەش ئیسرائیلە، درێژە بە کاری خۆی ئەدا.

هەر بۆیە ناکرێت ئەم لایەن و دەورە سیاسی و پراتیکی و تانەنانەت ئایدیۆلۆژیەی حەماس لە پەیوەند بە خودی کێشەی فەلەستینەوە لە شیکردنەوەدا ببرێتە دەرەوە و تەنها لە سەر بنەمای ئەوەی کە بەشێکە لە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئەم بزووتنەوەیە، کە خۆی وایە، هەڵبسەنگێنرێ.

بەڵام هەموو ئەمانە بەو مانایە نییە کە نە بێدەنگ بین لەبەرامبەر تیرۆریزمی حەماسدا و نە حەماسیش وەک سومبل و بەشێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازنەی خەڵکی فەلەستین لە قەڵەمبدەین، چونکە زۆر بەسادەیی حەماس لەگەڵ ئەوەشدا کە دژی ئیسرائیلە، بەڵام ئەمە نایخاتە بەرەی بەرنگاری هەقخوازانەی جەماوەری خەڵکی فەلەستینەوە بەڵکو وەک خۆی ئەمێنێتەوە، واتە ئەوەی کە حەماس ڕەوت و ڕێکخراوێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسییە لە پەیوەندیدا بە بەرنگاریی خەڵکی فەلەستینەوە دژی ستەمی نەتەوەیی ئیسرائیل لە سەریان. بەم هۆیەشەوە، هەتا ستەمکاری ئیسرائیل هەبێ بە دژی فەلەستینییەکان ئەم ڕەوتەش ئەتوانی لەسەر ئەم ستمکاریە بژی و گەشە بکات و لە هەمان کاتدا وەهەم پەرەپێبدا لەنێو جەماوەری نارازی فەلەستین و خەڵکی نارازی ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەوەی کە حەماس لە بەرەی بەرنگاری خەڵکی فەلەستینە.

هەندێک کێشەیان لەگەڵ ئەوەدا نییە کە حەماس پێناسە بکرێت وەک ڕەوت و حزبێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی بەڵام لە هەمانکاتدا پاکانەی بۆ ئەکەن و دەڵێن نوێنەری خەڵکی ستەملیکراوی فەلەستینە دژی ئیسرائیل و هەر بەو پێیەش وای دائەنێن کە کردەوەی سەربازی و تیرۆریستەکانی و ئایدیاڵەکانی بەشێکن لە بەرنگاریی هەقخوازانەی خەڵکی فەلەستین. دیارە ئەم جۆرە بۆچونەش کەوتنەدوای ئەو وەهمەیە کە حەماس ئەیخوڵقێنێ.

هەروەها ئەو ڕەوتە بەناو سۆشیالیستانەی کە لەئەسڵدا باڵی چەپی ناسیونالیزمی عەرەبیین، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا خۆ بەجارێ هەموو ئایدیاڵە سۆسیالیستی و ئینتیرناسیونالییەکانیان لە ژێرپێ ناوەوە، و حەماس بە سومبلی بەرنگاری ئازادیخوازانەی خەڵکی فەلەستین ئەناسێنن و بەرگری لێدەکەن و هەموو سنوربەندییەکی چینایەتی کریکاری و سۆشیالیستیان سڕیوەتەوە لەنیوان خۆیان و حەماسدا، و نەک هەر بوونەتە ناسیۆنالیست بەڵکو بوونەتە ئیسلامیش.

خەباتی جەماوەری چەوساوە و ستەملێکراوی خەڵکی فەلەستین شایستەی هێزێکی بەرنگاری ئازیخوازانە و ئینسانی و ئینتەرناسیۆنالیستییە، هیزێک کە لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسی و بورژوا ناسیونالیزمی فەلەستینیدا ڕاوەستابێت لەهەمان کاتدا کە خەباتی بە دژی دەسەڵاتی بورژوازی ئیسرائیل و ستەمکاریەکانی ئەم دەوڵەتە بەرەوپێش ئەبات.

**ڕەوت: جیۆپۆلیتیکی سیاسیی ناوچەکە و قوتبەندییەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە لە ئاڕاستەکردنی ئەم جەنگ و ململانێیەدا؟**

موئەیەد ئەحمەد: بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەم جەنگەی لەئارادیە جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماسە و لێرەوە سەریهەڵداوە، بەڵام هەروەک ئەبینین، ئیسرائیل درێژکراوەی هێزی ئیمپریالیستی ئەمریکا و وڵاتە ئیمپریالیستە ڕۆژئاواییەکانی هاوپەیمانییەتی و بەکردەوە ئەمە ڕەنگیداوەتەوە لەم جەنگەدا. هەروەها، حەماسیش بەهرەمەندە لە هاوپشتیی ڕاستەخۆی ڕژێمی ئیسلامی ئێران و هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا و بەشێکە لە بەرەی بەرەنگاری (جبهة الممانعة ) کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران سەرکردایەتی ئەکات و حزبوڵڵا و ڕژێمی ئەسەد لە سوریا و حزب و هێزە میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی عیراق، تیایدا گردبونەتەوە. هەرچەندە لە ئێستادا چین و ڕوسیا دوورە پەرێزن لەم جەنگە بەڵام ئەمە لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران پەیمانی ستراتیژی سەربازیی هاوبەشی هەیە لەگەڵ کەمپی ئیمپریالیستی ڕوسیا و چیندا.

سەرباری ئەمانە، ئاشکرایە کێشەی فەلەستین قوڵایی و کاریگەریی ناوچەیی هەیە لەناو وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جەماوەری ئەم ناوچەیەدا. ئەڵبەتە ئەم کاریگەرییە ناوچەییە لەوێوەوە نەهاتووە کە بەسروشتی لە جیهانی ئەمڕۆدا کێشە لۆکاڵیەکان، بەهۆی توندوتیژبوونەوە و بەرینبوونەوەی جەمسەرگیرییە جیهانییەکانەوە، بە ئاسانی ئەبنە کێشەی جیۆ سیاسی و ستراتیژی ناوچەیی و تەنانەت جیهانیش، بەڵکو بە هۆکاری ئەوەوەیە کە خودی کێشەی نیوان فەلەستین و ئیسرائیل بۆخۆی لایەن و قوڵایی جیهانی و ناوچەیی هەیە، و لە ئێستادا ئەم کارەکتەرەی لەهەر کات بەهێزترە، یان ڕوونتر بڵێم کێشەی فەلەستین لە ئێستادا بە چڕوپڕی ئەم کارەکتەر و لایەن و قوڵاییە جیهانی و ناوچەییەی لە خۆدا عەکس کردۆتەوە.

هەردوو ئەم کەمپە جیهانی و ناوچەییە لە ساتەکان و ئەگەرەکانی پەرەسەندنی ئەم جەنگەی ئێستای ئیسرائیلدا ئەژین لە غەززە، و ئیسرائیل هەر لەسەرتاوە ڕایگەیاندووە کە لەحاڵەتی جەنگدایە وەک دەوڵەتێک، و بەسروشتی ئەم جەنگە هەڵگری ئەگەری بەرین بوونەوەیە لەناو خۆیدا. سەرباری ئەمانە، ئەم جەنگە جگە لەوەی لە بارودۆخی هێرشی سەربازی حەماس و پەرچەکرداری ئیسرائیل و کوشتوکوشتارەکانی ئیسرائیل بەدژی فەلەستینییەکان هەڵگیرساوە، بەڵام بۆخۆشی ئاکامی شکڵگیری هاوکێشە و جەمسەرگیری ناوچەیی تازە و پەرەسەندنی کێبڕکێی جیۆ سیاسی و ئابووری نێوان چین و ئەمریکا بووە، مەبەستم پرۆسەی سروشتیکردنەوەی پەیوەندی نیوان ئیسرائیل و هەندی لە وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەت ئەگەری سروشتیکردنەوەی پەیوەندی نیوان سعودیە و ئیسرائیل و توندوتیژتر بوونەوەی کێبڕکێی نیوان ئەمریکا و چین لە ئاستی سیاسی و ئابووری و سەربازیدا لەوانە بڕیاری کۆبونەوەکانی (ج ٢٠- G٢٠) لەسەر ڕاکێشانی خەتی دەریایی و زەمینی لە هیندستانەوە بۆ سعودیە و ئیسرائیل لەبەرامبەر خەت و پشتێنەی ستراتیژی ئاوریشمیی چین کە بە کەنداو و عیراق و تورکیادا تێدەپەڕێت.

شڵەقاندن و تێکدانی ئەم پرۆسە سیاسی و ستراتیژە ئابووریانە و گۆڕینی بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی ئێران و درێژکراوە جیهانی و ناوچەییەکانی لەڕێگەی هێرشی سەربازی و کاری تیرۆریستی و میلیتاریزەکردنەوە، پێدەچێت ئامانجێکی گرنگ و پڕبایەخی ئەم هێرشە سەربازیەی حەماس بوو بۆسەر ئیسرائیل کە بەهاوبەش لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا بەڕێوەچووە. ئەوەی کە چەند ئەمریکا و ئیسرائیل بە ئەشکرا دانبەوەدا نانێن ئێران دەستیهەبووە لە هێرشەکەی حەماسدا، لەبەر هۆکاری ستراتیژی دیکەی خۆیانە، و لەو واقعە ناگۆڕێ.

ئەوەندەی باسەکە لەسەر پەیوەندی کێشەی فەلەستین بێت بە ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە دەبینین کە بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە فۆرمی کێشەی فەلەستین چی بەسەردێت، و پەیوەندی نیوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل نورماڵ ئەبێتەوە یا نابێتەوە، هەرچەندە ئەمە زۆر گرنگە بۆی کە ڕوونەدات، بەڵکو مەسەلەی سەرەکی بۆ ئێران ئەوەیە کە زەرورە کێشەی فەلەستین هەردەم گەرم بێت و بەردەوام بێت تا بەکاریبهێنێ بۆ چەسپاندنی پایەکانی خۆی لەبەرامبەر جەماوەری نارازی ئێراندا، وە کاتێکیش چارەسەربێ لە دەرەوەی ویست و ئارەزووی ئەم ڕژێمە، ئەیەویت بە شیوەیەک بێت کە بۆی بەسوود بێت.

بەهۆی سەرجەم ئەو فاکتۆرانەوە کە ئاماژەم پێدان، هەم ئەم جەنگە کارەکتەری جیهانی و ناوچەیی هەیە و هەم پۆتینسی و ئەگەری بەرین بوونەوەی لە ئارادایە.

**ڕەوت: گەرسەرنج بدەین ئەبینین کە کاریگەری حەماس و بەرەی بەرنگاری لەسەر کێشەی فەلەستین سنورداره و ناکۆکی خۆی هەیە، ڕای تۆ چییە لەم بارەیەوە؟**

موئەیەد ئەحمەد: دروست وایە، کاریگەری حەماس و بەرەی بەرنگاری لەسەر کێشەی فەلەستین سنووردار و پرۆبلۆماتیکە. ئەوە ڕوونە کە دژایەتی حەماس و حزبوڵڵا و ڕژێمی ئیسلامی ئێران بەرامبەر ئیسرائیل ناتوانێ ئەو کاریگەرییەی هەبێت لە قوڵایی وڵاتانی عەربیدا و لەناو جەماوەری ئەم وڵاتانەدا بۆ نمونە وەک کاریگەریەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەربی لەسەریان لەدەیەکانی سەدەی ڕابردوودا، هەربۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم قوتبە ئیسلامییە لە دژایەتیدایە بەرامبەر ئیسرائیل، بەڵام ئەم دژایەتییەی لە دەروەی پێداویستییەکانی خەڵکی فەلەستین و دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی فەلەستینییە کە لە ئاکامی پەیمانی ئۆسلۆوە هاتۆتەئاراوە، و ئەجندە و پراتیکی ئەم بزووتنەوە ئیسلامییە ناتوانێ ببێتە ڕابەر و سومبلی چارەسەری کێشەی فەلەستین.

لەم ڕاستایەدا ئەبینین، بەرەی بەرنگاری نەیتوانیوە لە کێشەی فەلەستیندا وەک کێشەیەکی واقعی کە دەرگیری خەڵکی ستەملیکراوی فەلەستینە و پەیوەندێکی ئۆرگانیکی هەیە بە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبییەوە و بەشێک بووە لە بزووتنەوەی دژی کۆلۆنیاڵی و دەسەڵاتی هێزە ئیمپریالیستە ڕۆژئاواییەکان، ڕۆڵ و کاریگەریی هەبێت. بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و تایفەگەری شیعی ڕژێمی ئێران و حزبوڵڵا و هێزەکانی دەوربەریان لەبەرەی بەرنگاری، نە ئەسڵوفەسلیان و ئامانجی ستراتیژیان دێتەوە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی جەماوەری فەلەستین و نە بەشیک بوون و هەن لە بەرنگاری هەقخوازانەی جەماوەری خەڵکی نارازی و ستەملێکراو لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە دژی کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا.

گەر بزووتنەوەی بورژوا ناسیونالیستی عەرەبی فۆرمی لەناوبردنی پۆتینسی ئازادیخوازنە و یەکسانیخوازانەی خەباتی جەماوەری کریکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتانی عەربی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە بواری خەباتیان بە دژی سەرمایەداری ئیمپریالیزم، ئەوا بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی وەڵامی کۆنەپەرستانەیە بە ناکامییەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی و لەباربردنی هەوڵ و تیکۆشانی جەماوەری زەحمەتکیش و ئازادیخوازی ئەم وڵاتانەیە، لە فۆرمی فاشیزمدا. هەر بۆیە هیچ پەیوەندییێکی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئەم وڵاتانەوە نییە، بەڵکو لە بەرامبەریدایە. لە ئیستاشدا نە حەماس و ڕژێمی ئێران، و نە هیچ هێز و حزبێکی ئیسلامی سیاسی ناتوانێ پەیوەدنییەکی ئۆرگانیک پەیدا بکات بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی جەماوەرەوە بۆ ڕزگاربوون لە ستەمی نەتەوایەتی و هەڵاواردنی نەژادی دەوڵەتی ئیسرائیل.

(ڕێکخراوی ئازادی فەلەستین) بەشێکە لەبزووتنەوەی بۆرژوا ناسیونالیستی عەرەبی و ئەم ڕێکخراوە لە کەرتی ڕۆژئاوادا کیانێکی ئیداری و دەسەڵاتی سیاسی هەیە. نە ئێران و حزبوڵڵا و نە حەماس ناتوانن ئەم جێگەیە ئاڵوگۆڕ پێبکەن، و بەر بەوە بگرن کە بزووتنەوەی بۆرژوا ناسیونالسیتی فەلەستینی چاوی لە وڵاتانی عەربی بێت بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین. هەروەک وتمان بۆ ئێران مەسەلی فەلەستین مەسەلەیکی ستراتیژی سیاسی ڕژێمەکەیەتی و پەیوەندیێکی میکانیکی و دەرەکی هەیە بە کێشەی فەلەستینەوە، ئەویش لە ئاستی جیۆ ستراتیژی و سیاسی و ئیدیۆلۆژیدا و لە پەیوەند بە بەرژەوەندەکانی درێژەدان بە خۆی لە ناخۆی ئێراندا.

**ڕەوت: حەماس و بەرەی بەرهەڵستکاری ئیسلامی و جیهادییەکان دەڵێن، دەورانی بەهێزی عەسکەری و توانای موخەباراتی ئیسرائیل بەسەر چووە، ناتانیاهۆش دەڵێت، دەرگای جەهەنمیان بۆ خۆیان کردەوە و دەبێت سزای ئەم کردەوەیان وەربگرنەوە، شەڕ و کوشتار بەشێوەیەکی زۆر نائینسانی درێژەی هەیە، پێشبینی ئێوە بۆ ئایندەی ئەم جەنگ و جوگرافیای ئەم ناوچەیە بەکوێ دەگات؟**

موئەیەد ئەحمەد: حکومەتی ناتانیاهۆ و سەرجەم دامودەزگای دەسەڵاتداری بورژوازی ئیسرائیل تووشی تیکشکانێکی سەربازی و ئاسایشیی و سایکۆلۆژی گەورە بوون بەهۆی هێرشە سەربازیەکەی حەماس و کارە تیرۆریستەکانی، و ناتوانن لە ڕێگەی ئەنجامدانی تاوانکارییەکیان لەغەززە قەرەبوی بکەنەوە، دۆخەکە بەرنەوە جێگەی پێشوی خۆی.

هەروەک ئاشکرایە بەهۆی ئەم ڕوداوە سەربازییانەوە هاوکێشە سیاسییەکان گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، و وەک ئاماژەم پێدا، تەگەرەیەکی گەورە هاتۆتە سەرڕێی پرۆسەی سروشتیکردنەوەی پەیوەندی نیوان سعودیە و ئیسرائیل. هەروەها جەماوەری نارازی لە وڵاتانی عەرەبی کە تورەیە لەم قەسابخانەیەی کە لە غەززەدا ئەکری خەریکە دێتە دەنگ لەبەرامبەر ڕژێمەکان و بێ دەنگیان و هیچ لە کاردانەبوونیان لەبەرامبەر کوشتوکوشتاری ئیسرائیل بە دژی فەلەستینییەکان و خەڵکی غەززە. و تەنانەت ڕژێمی ئێران و حزبە دەسەڵاتدارە ئیسلامییەکانی عێراقیش لەبەردەم نارەزایەتی خەڵکی هەردوو ئەم وڵاتەدان و هەڵوێست و کرداری ئۆپۆرتیۆنیستییان بوەتە جێگەی ڕەخنەیان.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا، و بەتایبەت لە ناو وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا، ئیسرائیل کەوتۆتە بەردەم لێشاوی تۆڕەیی حزب و هێزە سوشیالیست و ئازادیخوازەکان و بەشێک لە نەقابە و فیدراسیۆنە کرێکاریەکان و ڕای گشتی، و هەر لەم ڕاستایەشدا بەردەوام خۆپێشاندان ئەکرێت بە دژی تاوانکارییەکانی ئیسرائیل و هاوکاریی حکومەتەکانی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆی. لەگەڵ هەموو چەواشەکارییەکانی ئەم دەوڵەتە ڕۆژئاواییانە و میدیاکانیان و پشتگیریان بۆ ئیسرائیل، بەڵام تای تەرازویی ڕای جەماوەر هەر ڕۆژە زیاتر ئەشکیتەوە بە لای فەلەستینییەکاندا.

لە وەڵامی ئەوەی کە ئایندەی ئەم جەنگە بەرەو کوێ دەڕوات، سەرەتا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە ئەم جەنگە ئەلقەیکە لە ڕەوەندێکی سیاسی و ستراتیژی سەربازی هەمەلایەنەتر و بەرین تر کە پێش ئەم جەنگە لەئارادا بووە، هەربۆیە، هەر پەرەسەندن و بەرین بوونەوەیەکی ئەم جەنگە لەسەر بنەمای ئەم ڕەوەندە هەمەگیرەوە دێتە ئاراوە. ئەوە ئاشکرایە ئەمریکا هەر لەیەکەم ڕۆژەوە هاتووە بەهانای ئیسرائیلەوە و دوو کەشتی جەنگی لە (دەریای ناوەڕاست) جێگیر کردووە و لە (دەریای سور)یش کەوتوەتە جوڵە و خۆ ئامادەکردن. ئەوەش فاکتیکی ڕۆشنە کە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین قوڵایی ناوچەیی هەیە و هەموو کارێکی سەربازیش لەوانە ئەو جەنگەی ئیستا لە غەززە بێگومان قوڵایی ناوچەیی پەیدا ئەکات.

گەر بەدیاریکراوی دەستنیشانی بکەین، ئەمڕۆ کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل لەئاستی کێشمەکێشی دەوڵەتی و جیۆ پۆلیتیکسدا، بریتییە لە کێشمەکێشی نیوان ڕژێمی ئیسلامی ئێران و بەرەی بەرنگاری و پاڵپشتە نێودەوڵەتییەکانیان کە چین و ڕوسیایە لەلایەک، و دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەمریکا و هێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا، لە لایەکی ترەوە. لەم بوارەدا هەتا ئێستا وڵاتانی عەرەبی کەم تا زۆر یان لەگەڵ ئێراند هاوپەیمانن وەک سوریا و یەمەن و عیراق، یان لە پرۆسەی نورماڵیزەکردندان لەگەڵ ئیسرائیل و بێدەنگن.

پەرەسەندنی ئەم جەنگە وەک جەنگێکی ناوچەیی بەڕاستەوخۆیی و سەرەتا ئەم دوو لایەن و جەمسەرە ئەگرێتەوە. بۆ ئەمریکا، ئیسرائیل تا ڕادەیەکی زۆر بنکەی ستراتیژییەتیی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، و پەرچکردارەکانیشی بریتیە لە بەرگریی

بۆ لاپەڕە ١٠

ڕەوت البدیل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# هەرێمی کوردستان، شکستی دەسەڵات و دوو بەدیلی واقعی و عەمەلی

نادر عەبدولحەمید



شکستی تەمام عەیار و هەمەلایەنەی دەسەڵاتدارانی هەرێم لەباری ئابووری و سیاسی و کارگێڕی و ...هتدەوە، بانگەشەیەکی خەڵکی نارازی وەیا ناوزڕاندنی دەسەڵات نییە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی لیبراڵ قەومی و ئیسلامییەوە، بەڵکو واقعێکی دەردناک و تراژیدیایەکە کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی هەرێمەکە تیایدا دەژین، هەتا حزبەکانی دەسەڵاتداریش ناتوانن تکۆڵی لێبکەن و بەجۆرێک دانی پێدا دەنێن و بڕوبیانوو دەهێننەوە بۆ پێنەوپەڕۆکردنی و چۆنییەتی هاتنەدەرەوە لێی.

### یەکەم: شکستی سیاسی

ئەمەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت (حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە ڕاستیدا قاوغێکی بەتاڵە، چونکە گوزارش ناکات لە دەسەڵاتێکی ناوەندی یەکگرتوو لە هەرێمەکەدا کە یاسا و دادگای سەربەخۆی هەبێت لە حزبە فەرمانڕەواکانی. لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا کە ئەم هەرێمە لەژێر فەرمانڕەوایەتیی حزبەکانی دەسەڵاتدا بووە، نەیانتوانی حکومەت و کارگێڕیەکی دەوڵەتییانەی تۆکمە و یەکگرتووی بورژوازی خاوەن دامەزراوەی سیاسی و مەدەنی بهێننەدی. بەدرێژایی زیاتر چارەکە سەدەیەک ئەم هەرێمە وەک دوو زۆنی لە یەک دابڕاوی کارگێڕی و سیاسی "زەرد"ی هەولێر و دهۆکی (پارتی) و "سەوز"ی سلێمانی و هەڵەبجەی (یەکێتی) لە ڕێگەی میلیشیا و دامودەزگای ئەمنی حزبی سەرکوتگەرانەوە بەڕێوە دەبرێت.

نەک هەر ئەم شکستە سیاسییە گەورە و ستراتیژییەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد (کوردایەتی)، بەڵکو ئەو یەککەوتن و هاوپەیمانەتییە ستراتیژەی کە لە نێون دوو حزبی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیەدا لە ساڵی (٢٠٠٧) مۆرکرابوو مرد، و ئێستا هەر حزبە، نەک ژێربەژێر بەڵکو بەئاشکرا، لە هەوڵی هێنانەدی هاوپەیمانەتی دایە بەدژی ئەوی تر لەگەڵ لایەنە دینی و قەومییەکانی دەسەڵاتی مەرکەزی و واژۆکردنی گرێبەستی یەک لایەنە لەگەڵ حکومەتی بەغدا.

ئەمە و هیچ شتێکیشیان پێ نەماوە بۆ جەماوەری زەحمەتکێشی هەرێمەکە جگە لە سەرکوتی خۆپێشاندان و نارەزایەتی بەردەوامی ڕۆژانەیان و ڕاوەدوونان و گرتنی هەڵسوڕاوان و چالاکوانانیان. ئەم جەماوەرە دەمێکە خوازیاری ڕزگاربوونن لەدەستیان و ئەمەش نەک هەر لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکانیاندا، بەڵکو هەتا لەو ڕێژە زۆر کەمەی بەشداریان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیشدا دەردەکەوێت، کە تیایدا ئەو حزبانە لە ڕێگەی تەزویر و ساختەکارییەوە خۆیان بە "سەرکەوتوو"ی هەڵبژاردن ڕادەگەیێنن.

### دووەم: ئیفلاسی ئابووری

لە بودجەی ناوەندی عێراق، لە یەکەمین دە (١٠) ساڵی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٤-٢٠١٤)، وێڕای داهاتی ناوخۆ، پشکی هەرێم لەە بودجەیە لە (١٧٪) بووە، کە کۆی گشتی بەپێی ئامارە فەرمییەکان لەو ماوەیەدا (٤٢) ملیار دۆلار پشکی هەرێم بووە (بڕوانە جەدوەلی ئامارەکە). جا لەگەڵ ئەم هەموو داراییە زەبەلاحەدا ژێرخانێکی ئابووری سەردەمیانەیان دانەمەزراند، بەڵکو بە پێچەوانەوە زوربەی هەرە زۆری ئەو داراییە بەتاڵان برا و وەک کەڵەکەی سەرمایە گردبۆوە لای کۆمپانیاکانی سەر بە هەردوو حزبی دەسەڵات و بەرپرسانی حزبی و حکومی باڵا کە مۆنۆپۆلی بازرگانی و زەویوزارە پڕبەهاکانی دەوروبەری شارەکان و سامانە سروشتییەکانیان کردووە. هەر بۆیەش لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەزاران ملیۆنێر و سەدان ملیاردێری دۆلار لە کوردستانی عێراقدا، لە داوێنی حزبەکانی دەسەڵاتدا، وەک قارچکی بەهار هەڵتۆقین و بەرەیاندا بە گەندەڵییەکی لەڕاددەبەدەر کە جەستەی کۆمەڵگەکەی دارزاندووە.

هەروەها گرتنەبەری ستراتیژی سەربەخۆیی ئابووری هەرێم لە (٢٠١٤)دا لە بواری بەرهەمهێنان و بەبازارکردنی نەوت و گازەوە لە ڕێگەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و تورکیاوە، بووە هۆی بڕینی پشکی هەرێم لەو ساڵە بەدواوە لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە، کە ئەمەش بەدەوری خۆی حکومەتی هەرێمی ئیفلیج کرد، کە نەک هەر نەیتوانی شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکان دابین بکات، بەڵکو هەتا مەجبوور بوو دەستبخاتە قورگی کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتیش و موچەکانیان بە نیوەناچڵی و بە بڕینی بەشێکەوە پێ بدات، لەگەڵ پێنەدانی چەند موچەیەک لە ساڵێکدا بەناوی پاشەکەوتەوە، کە بەگشتی بازاڕی پوکاندنەوە و زیاتر لە (٣٠٠٠) کۆمپانیا مایەپوچیان ڕاگەیاند و بووە هۆی پانوپۆڕکردنەوەی داوێنی بێکاری لە کوردستان بەشێوەیەکی سەرسامئاوەر، کە کۆچ و ڕەوی لاوان و خانەوادەکانیانی بەدوای خۆیدا هێنا بۆ دەرەوەی وڵات.


نەک هەر ئەوە بەڵکو دوای ئەم هەموو هاشووشە بۆ سەربەخۆیی ئابووری، بەناچاری دۆسیەی نەوت و گازیان ڕادەستی حکومەتی ناوەندی کردەوە و حکومەتی هەرێمیش زیاتر لە (٣٢) ملیار دۆلار قەرزارە. ئەمە چ ئیفلاسییەکی گاڵتەجارییە! نەوت و گاز بۆ ماوەی هەشت - نۆ ساڵ لە بازاڕەکانی جیهاندا بفرۆشیت و لەوسەریشەوە حکومەتەکەت ئەو هەموو ملیارە قەرزار بیت؟ خۆ بڕیاریش نییە کە ئەم قەرزانە کۆمپانیاکانیان و سەرمایەدارانی ملیۆنێر و ملیاردێر بیدەنەوە، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵات وەک بڕینی خزمەتگوزاریی شارەکان و کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە و دانەمەزراندن لە کەرتی گشتیدا، کردوویانەتە باجی سەرشانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و منداڵەکانیان و نەوەکانی داهاتووشیان.

### سێیەم: چاکسازی هیچ مانایەکی بۆ نەماوەتەوە لەناو دەسەڵاتدا

ساڵانێک هەردوو حزبی (پارتی) و (یەکێتی) و حکومەتی هاوبەشیان بە دەنگی بەرز باسیان لە چاکسازی دەکرد، هەتا سەرەک وەزیرانی ئێستا (مەسرور بارزانی) لە پێکهێنانی کابینەی نۆهەمی خۆیدا لە (٢٠١٩)، ناوی حکومەتەکەی خۆی نا (کابینەی چاکسازی)، بەڵام حکومەتەکەی ئەو زیاتر لەوانەی پێش خۆی هەژاری و نەداری بەسەر جەماوەردا داسەپاند، لێرەوە لە میانەی ئەزموونێکی سیاسی ڕۆژانەدا جەماوەر بۆیان دەرکەوتووە و پەیان بەو ڕاستییە بردووە کە هیچ مانایەک نەماوەتەوە بۆ چاکسازی لەناو ئەم حکومەتە و لە ڕێگەی ئەم حزبانەی دەسەڵاتەوە، جا مەسەلەکە لە ئێستادا بۆ ئەو جەماوەرە بۆتە ئەوەی چۆن چۆنی ڕزگاریان بێت لەدەستیان.

### چوارەم: ڕەوتە کۆمەڵایەتیە سیاسییەکان و بەدیلە جیاوازەکان

لێرەوە، لە ئیفلاسی سیاسی و ئابووری و داخرانی دەرگای هەرجۆرە چاکسازییەک لەناوخۆی خودی حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدا، چوار ڕەوتی کۆمەڵایەتی سیاسی؛ قەومییە لیبراڵەکان و ئیسلامی سیاسی و شۆڕشگێرانی پۆپۆلیست و سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان کەوتوونەتە کێشمەکێش لە نێوخۆیاندا، لە پێناو زاڵکردنی ئاسۆی خۆیان بەسەر کۆمەڵگە و هەڵخڕاندنی (حەشدی) جەماوەر بەپێی ئەجێندا سیاسییەکانی خۆیان و پاڵێوەنانیان ڕووەو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە تایبەتن بە بزووتنەوەکەی خۆیانەوە، هەر هەمووشیان لە ژێر پەردەی ئەوەدا کە هەوڵدەدەن وەڵام بە خواستەکانی جەماوەری ستەمدیدە بدەنەوە.




کێشمەکێشی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە سیاسیانە، نەک هەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی دژایەتی حزب و ڕێکخراوەی بزووتنەوەیەک بۆ حزب و ڕێکخراوەی بزوتنەوەکانی تر، بەڵکو لەڕێگەی ڕکابەری نێوخۆیی و ململانێی "خێزانی" لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە جیاوازەکانی بزووتنەوەکەی خۆشیانەوە و دەرواتە ڕێوە. هاوپەیمانەتی دوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سیاسیش بۆ باڵادەستی خۆیان و دژایەتی و پاشەکشەپێکردنی بزووتنەوەکانی تر هەر بە هەمان شێوە دەرواتە ڕێوە. لێرەوە جۆرەها ئەجێندای سیاسی و بەدیلی جۆراوجۆر دەخرێنەڕوو لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، بە ئامانجی لەقاڵبدانی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و کۆنترۆڵکردنیان و ئاراستەکردنیان بەرەو بەدیهێنانی ئەجێندای دیاریکراو.

سەرەڕای ئەو هەموو ژمارە زۆرە لە ڕەوت و ڕێکخراوە و حزب و بلۆک و قەوارەی سیاسی، وە سەرەڕای ئەو هەموو ئەجێندا و بەدیلانەی کە دەخرێنەڕوو، بەڵام هەر هەموویان لەناو چوارچێوەی دوو بەرەی چینایەتیی گەورەی ناکۆک بەیەکدا ڕیز دەبەستن و لە قاڵبی دوو ئەڵتەرناتیڤی نەوعی دژ بەیەکدا جێ دەکەون، کە ئەویش؛ یا چاکسازیی بورژوازییە لەناو هەمان ڕژێمی سیاسی ئابووریدا، یان ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و هەڵتەکاندنی ئەم ڕژێمە سیاسی ئابوورییەیە لە ڕوانگەی کرێکاری کۆمۆنیستەوە، بەمانەک تەواوی ئەو حزب و ڕەوت و ڕێکخراوە جۆراوجۆرانە و ئەو بەدیلە ڕەنگاوڕەنگانە پۆلێن دەکرێن بەسەر دوو پۆلدا؛ بەدیلی ڕیفۆرمیستی بۆرژوا نیولیبراڵی ناسیۆنالیست و ئیسلامی لەلایەک و بەدیلی شۆڕشگێرانەی سۆسیالیستی کرێکاری لە لایەکەی تریدا.

- **بەدیلی ناسیونالیستە لیبراڵەکان**

ناسیۆنالیستە لیبراڵەکانی کوردستان سەرەتا لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی و فشاری پەرلەمانی خستنە سەر حیزبەکانی دەسەڵات (پارتی) و (یەکێتی) و چاکسازییەکانی پەرلەمانییەوە، دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەیی لە کوردستاندا بێتەدی. ئێستا پاش تێپەڕینی چەندین خولی پەرلەمانی، ئەم لیبراڵ ناسیۆنالیستانە بێ ئومێد بوون لەوەی کە لە ڕێگەی خودی ئەم حزبانەی دەسەڵاتەوە ئەم ئامانجەیان بێتەدی، بۆیە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودی ئەو حزبانەی دەسەڵات ڕێگرن لە بەردەم هاتنەدی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەیی و خوازیاری لاچوون و لابردنی ئەو حزبانە و دەسەڵاتیانن، بەڵام ترسیان هەیە ئەمە لە ڕێگەی ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەرییەوە ئەنجام بدرێت، لێرەوە لە هەوڵدان تا ئەم حزبانەی دەسەڵات لە ڕێگەی فشاری وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەلا بنرێن ئەویش بە ناچارکردنیان بە هەڵبژاردنێکی "پاک و بێخەوش"ی دوور لە ساختەکاری و لە ژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا.

حزبی (نەوەی نوێ) سەر بەم بەدیلە نیولیبراڵەیە کە دەیەوێت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە دەسەڵاتدا بگرێتە دەست و حکومەتێکی نوێ پێکبهێنێت بە بەشداریی چەند لایەنێکی قەومی و ئیسلامی، وە لە هەمان کاتدا پارێزگاری لەو دامەزراوانەی حوکمڕانی بکات کە لە لایەن دوو حزبی دەسەڵاتداری تا ئێستاوە دروستکراون، واتە هێنانەکایەی ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی شکڵی، لەسەرەوەی کۆمەڵگەدا ئەویش بە لابردنی تەنها سەروپۆتەڵاکی دەوڵەت و هێشتنەوەی هەمان قەوارەی دەوڵەت و هەمان دامەزراوەکانی حوکمڕانی. هەرچی وڵاتانی دیموکراسی ڕۆژئاوایی و ئیمپریالیزمی ئەمریکییە، پشتیوانی ئەم گۆڕانکارییە شکڵی و ڕووکەش و فەرمییە دەکەن، بۆ ڕزگارکردنی دۆخەکە و ڕێگری کردن لەوەی لە ژێر کۆنترۆڵ دەرچێت، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی و ئەجێندا جیۆپۆلەتیکیەکانیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

- **بەدیلی ئیسلامی سیاسی**

ئیسلامی سیاسی هێزێکی ڕێکخراوە، حزبەکانی لە پەرلەمانی کوردستان خاوەن کورسین و لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و دادگاکانیشدا کاریگەرییان هەیە، وە بە هاوکاری حزبەکانی دەسەڵات پەنا دەبەنەبەر داسەپاندنی یاسای کۆنەپەرستانە، بەتایبەتی دژی ژنان و گەنجانی تینووی ئازادی، بۆ ڕێگری لە ئازادییە مەدەنییەکان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنخواز، و لە قاڵبدان و بەرتەسک کردنەوەی ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگادا. زووتر ئەم حزبە ئیسلامییانە هاوبەشی (یەکێتی) و (پارتی) بوون لە کابینە جۆراوجۆرەکانی حکومەتی هەرێمدا، لە ئێستاشدا دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە هاوبەشی داهاتووی حکومەتی حزبی (نەوەی نوێ) بن، یان بەشێک بن لە هاوپەیمانەتییەکی حکومەتی نێوان چەند حزبێکی قەومی و ئیسلامی، بەڵام ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی ببێتە بەدیلێکی سەربەخۆ بۆ دۆخی ئێستای کوردستان دوورە لە واقعەوە.

ناوەڕۆکی ئابووری بەدیلی هەموو حزبە ئیسلامییەکان هەمان بەدیلی نیولیبراڵی ناسیونالیستەکانە بەکەمێک خێروخێراتی ئیسلامییەوە، ئەمەش لە نموونەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران و ئەفگانستان و تورکیا و سعودیە... شدا، ڕوون و ئاشکرا دیارە کە هەمان سەرمایەداری نیولیبرالیزمە، بەڵام ئەوەی جیایان دەکاتەوە لە ناسیونالیستە لیبراڵەکان، دەخالەتکردنەناو کاروباری شەخسی تاکەکەسی و داسەپاندنی کۆنەپەرستیەتی ئایینی بەسەر کۆمەڵگە و سەرکوتی ئازادی بێ پەردەیە، کە لە مەشیاندا ناسیونالیستەکان لە بەرژەوەندیانە نەک هەر سازشکار بن لە بەرامبەریدا، بەڵکو بەئاشکراش دەست تێکەوڵاو بکەن لەگەڵیاندا، بۆ بەرگرتن بە ڕەوتی شۆڕشگێرانە و سۆشیالیستی ناو کۆمەڵگە، هەر ئەمەش بنەمای هاوبەشیانە لە حکومەتدا پێکەوە و بەدیلێک لە کۆکتێلی قەومی ئیسلامی پێکدەهێنن بۆ دەسەڵاتی بورژوازی.

- **بەدیلی شۆڕشگێرانەی جەماوەری**

جگە لە نارەزایەتیی ڕۆژانە، تورەیی و پەستی جەماوەریش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەڵەکە دەبێت و جارجاریش سەردەکێشێ بۆ تەقینەوەیەکی بەکۆمەڵ و گروپە چەپەکان و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان تیایدا چالاک دەبن، کە وەک هەمیشەش داوا دەکەن خەڵک بێنە مەیدانی خۆپیشاندان و ڕاپەڕین ئەنجام بدەن تا دەسەڵات بڕوخێنن و لە ڕێگەی پێکهێنانی شورا و کۆمۆن و کانتۆنەکانەوە دەسەڵاتی خۆیان دادەمەزرێنن، هەموو ئەمانەش بەبێ ئەوەی هاوسەنگی هێز و ئاستی ڕێکخراوبوونی جەماوەر لەبەرچاو بگیرێت.

ڕوانگەی ئەم شۆڕشگێرە جەماوەرییانە، جەماوەر وەک بەرەیەکی یەکپارچە و یەکگرتوو لەدژی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی دوو حیزبی خاوەن میلیشیا و دامودەزگای سەرکوتگەر دەبینێت، چینەکان و ڕەوتە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکان و خەباتی چینایەتی لەناو جەماوەردا نابینێت، لە ڕوانگەی ئەوانەوە کێشمەکێشی ڕەوتە فکری و سیاسییە حزبییەکان لەناو بزووتنەوەی جەماوەریدا ناکۆکی دروست دەکات و دەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕیزەکانی خەباتی جەماوەری، بۆیە لای ئەوان خەباتی فیکری وەک یەکێک لە پایەکانی خەباتی چینایەتی کەم بەهایە و یەکێتی گەل و هەمووبەهەموو دوژمنایەتی کردنی دەستەجەمعییانەی ڕژێم بەرز دەنرخێنن.

پۆپۆلیزمی شۆڕشگێرانە ڕەوتێکی ناتەبا و نارێکخراوە، چالاک و بزێوە لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان و ڕووداوە سیاسییەکاندا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئاسۆی سەرووچینایەتییەکەی لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا، ڕێگرە لەوەی ببێتە بەدیلێکی واقعی بۆ چینە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگا، چ بورژوازی و چ کرێکار، بەڵام بۆی هەیە لە دۆخێکی مێژوویی دیاریکراو و قەیراناویدا، ببێتە پردەبازێکی ڕاگوزەر و کاتی بۆ پەرینەوەی یەکێک لە بەدیلی چینە ئەسڵییەکانی کۆمەڵگە.

- **بەدیلی سۆشیالیستی**

ئەم بدیلە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە کە خەڵکی کوردستان لە کۆمەڵگەیەکی چینایەتی-سەرمایەداریدا دەژین، وەک بەشێک لە سیستەمێکی ئابووری و سیاسیی جیهانی، کە تێیدا بۆرژوازی کورد بەهرەمەندە لە پەیوەندییەکی ئابووری و سیاسی و تەنانەت ئەمنی و سەربازی ستراتیژیانەی پتەو لەگەڵ بۆرژوازی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا. دیاردە و ڕواڵەتی دواکەوتووانەی پێش سەرمایەداری خێڵەکییانە و بنەماڵەیی و عەشایەری کە هاوڕای دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبەیە، لە جەوهەری چینایەتی بۆرژوازییانەی ئەم حیزبانە و حکومەتی هەرێم ناگۆڕێت.

لە ئێستادا ئەم دەسەڵاتە کەوتۆتە ناو قەیرانێکی قوڵەوە، لە ئاکامی ئەوەی کە حزبەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ڕێباز و سیاسەتێکی ئابووری چینایەتی ڕوون و ئاشکرایان گرتۆتەبەر کە نیولیبرالیزمە و پەیڕەوی دەکات لە ڕێنمایی دامەزراوەکانی وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا لە چەشنی (بانکی نێودەوڵەتی) و (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی)، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر بە تایبەتکردنی کەرتی گشتی، و شانخاڵی کردنەوەی دەوڵەت لە بەرپرسیارێتی دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، دانەمەزراندن لە کەرتی گشتیدا.

مانەوەی ئەم سیستەمە سەرمایەدارییە و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، ئێستا لە دوژمنایەتییەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی جەماوەری زەحمەتکێش. ئەوەی کە ڕێگرە لە گۆڕینی ئەم بارودۆخە قەیراناوییەی سەرمایە و دەسەڵاتی بۆرژوازی و تراژیدیای ژیانی خەڵک، بۆ قەیرانێکی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشێکی سۆسیالیستی کرێکاران و ڕەنجدەران و دامەزراندنی دەسەڵاتی چینایەتی خۆیان، نەبوونی ڕێکخستن و چەکداربوونیانە بە ئاسۆیەکی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی و دابڕانی بزووتنەوەکەیانە لە بزووتنەوەی سەرتاسەری چینی کرێکار لە عێراقدا. ئێمە وەک کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان لە کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی ئەم تەحەدا مێژووییە بووینەتەوە.

- **بەکورتی**

لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانێکی قوڵی کۆمەڵگای سەرمایەداری و دەسەڵاتی بۆرژوایی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، تەنها دوو بەدیلی ڕاستەقینە و عەمەلی لە ئارادایە، یان چاکسازی نیولیبراڵی بودەڵە و بۆش بە گۆڕانکارییەکی شکڵی و ڕووکەشیانەوە کە لیبراڵ قەومییەکان و ئیسلامییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، یان شۆڕشی جەماوەری زەحمەتکێش کە خۆی لێکهەڵپێکابێت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و سۆشیالیستی چینی کرێکارەوە لە سەرانسەری عێراقدا و لە هەوڵی دامەزراندنی حکومەتێکی کرێکاریدا بێت لە هەرێمەکەدا بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتدارەتی شۆرایی و چینایەتی کرێکار بەسەر کۆمەڵگادا.

کۆتایی ئەیلول/سێپتێمبەری ٢٠٢٣

# گەشاو عەبدولقادر: نەک هەر بەرزکردنەوەی پلە لە ئارادا نییە، بەڵکو مامۆستایان لە بێ موچەییشدا ڕاگیراون

ئامادەکردنی چاوپێکەوتن، نەوزاد بابان



**ڕەوت: زۆر سوپاس بۆ ڕەخساندنی ئەم فورسەتەت و بەخشینی کات بە خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان. وەک بەڕێزتانیش دەزانن بواری پەروەردە، یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی کۆمەڵگەیە، ئایا دەسەڵاتدارانی کوردستان، لە خەمی بەرەوپێشەوبردن و گەشەپێدانی ئەم بوارەن؟**

مامۆستا: زۆر سوپاس بۆ ئێوە. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دیارە ناتوانین بەگشتی هەموو بەرپرسانی ناو دەسەڵاتدار تۆمەتبار بکەین. کێشەکە لەو سیاسەتەدایە کە حکومەت و دەسەڵاتداران پیادەی دەکەن نەک لە خودی بەرپرسان، لەهەموو کات و ساتێکدا، لە هەموو جێگاوڕێگایەکدا، لە هەموو ڕۆژگارێکدا، کەسانی دڵسۆزهەن، وە کەسانی بێموبالات یش هەن. لەبەر ئەوە هەندێک کە دەتوانین بڵێین زۆرینەیان نەک لەخەم پەروەردەدا نین، بەڵکە لەخەمی هیچ ڕەهەندێکی مرۆڤایەتیدا نین چونکە سیاسەتەکانی دەسەڵات پیادە دەکەن. کەرتی پەروەردە بنچینە و بونیادنانی نەوەی کۆمەڵگاکەمانە، بەڵام زۆر بەداخەوە زۆر فەرامۆش کراوە لە کوردستاندا.

**ڕەوت: مامۆستا و کارمەند و کادیرەکانی بواری پەروەردە، جێگایەکی تایبەتی و بەرپرسیارەتیەکی گرنگی پەروەردەییان لەسەر شانە. ئایا حکومەتی هەرێم، بەو چاوەوە دەڕوانێتە ئەم توێژە فراوانە؟**


مامۆستا: نەخێر، زۆر لە وڵاتان بۆ نمونە ئەگەر لەوڵاتێکی وەک مالیزیا چاولێبکەین، مامۆستا پێگەیەک وجێگەیەکی زۆر تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو نەوەی دوارۆژ دروستدەکات، گەشەی پێدەدات، پەروەدەی دەکات، بناغەی دروستبونی کۆمەڵگایە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا بەداخەوە، کاتێک مامۆستا داوای موچەی ڕەوای خۆشی دەکات و دێتە مەیدانی خۆپێشاندان و مانگرتن بەرپرسانی دەسەڵات پێیان دەڵێن بۆخۆتان هەر خۆپێشاندان بکەن و هەڵپەڕن!! وە نەک هەر جۆرەها قسەی ناشیاوی پێ دەوترێ بەڵکو لە خۆپێشاندانیشدا لەلایەن دەسەڵاتەوە بەر شەق دەدرێت، ئەمانە باشترین بەڵگەن کە پێگەی مامۆستا لەلای دەسەڵاتداران چۆنە.

**ڕەوت: چی پێویستە بکرێت بۆ باشترکردنی ژیانی هەموو ئەو کەسانەی کە لەپەروەردەدا کاردەکەن و چ لەبارەی موچەوە، موکائەفات و دەوراتی تایبەتی و خولی گەشتیاری و وە ئەندامانەکانی نێو ئەم ڕشتەیە چ هەنگاوێک بنێن؟**

مامۆستا: بۆ باشترکردنی ژیانی مامۆستا بەستراوەتەوە بە سیاسەتەکانی حکومەتەوە. حکومەت لە دۆخێکی سیاسی ناجێگیردایە، لام وایە کە ناتوانێت هیچ بۆ مامۆستایان بکات، نەک هەر بەرزکردنەوەی پلەکانیان، بەڵکو ئەوەتا هەتا موچەکانیشیان لەکاتی خۆیدا نادات. تەنها هێزی یەکگرتوو و فشاری خۆیانە کە دەتوانێ حکومەت و دەسەڵاتداران ناچار بکات کە کە ژیانیان باشتر بکرێت. ڕاستە دەوراتی ڕاهێنان هەیە لە ئێستادا و لەوبڕوایەداشم کە سودێکی زۆری بۆ مامۆستایانیش هەیە، وە هەروەها خول هەیە. بەڵام گەشت بۆ مامۆستا بەهیچ جۆرێک نەبووە. بۆ نمونە من کە ٣٢ ساڵە مامۆستام و کە زۆریش خەمخۆری پەروەردەم و خۆمیش ماندووکردووە، بە سوپاسیشەوە و بەڕێزیشەوە کە ئەم قسەیە دەکەم کەجێدەستیشم دیارە لە نێو پەروەردەدا بەڵام جگە لە ستایش و سوپاس هیچ شتێکی تر لەئارادا نییە، دەکرێت بڵێم هیچ شتێک تا ئێستا بۆ مامۆستایان نەکراوە. ئەو شوقانەی کە دروستکران یەکەم زووربەی مامۆستایان بێبەش کران و دووەمیش زۆر دوورە دەست بوو، وە لەبەر بێ مووچەیی ئەوانەش کە وەریان گرتبوو فرۆشتیانەوە. یانی ئەمانە پێویستە بۆ مامۆستایان بکرێت، ئەگەر مامۆستا ژیانی خۆش بوو، باری دارایی باش بوو، کەسایەتیەکی جێگیری هەبوو بەدڵنیاییەوە، زۆرینەی زۆری مامۆستایان خەمخۆرن، زۆرینەی زۆریان بەدڵسۆزی کارەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

سوپاسی دوبارەم بۆ ڕۆژنامەی ڕەوت کە مامۆستایەکی بەئەزمونی وەکو منیان بەسەر کردەوە. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. ڕێزی تایبەتیشم بۆ بەڕێزتان هەیە کاک نەوزاد.

# محمد ڕەسوڵ: لە سایەی سیستەمی حکومرانی سەرمایەداری هەندێک سەرمایەدار هەموو شتیان هەیە و زووربەی خەڵکیش هیچیان نییە.



**نەوزاد بابان: خۆشحاڵین بەم دیمانەیە لەگەڵ، مامۆستا (محمد ڕەسوڵ) وەک هەڵسوڕاوێکی بەرچاوی مامۆستایان و جەماوەری. لەدوای ئەوەی کە وەزیری پەروەردە (١٩ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣) بڕیارێکی دەرکرد کە دەبێت مامۆستایان بایکۆت بشکێنن و بچنەوە هۆڵەکانی خوێندن، بەڵام ڕۆژی یەک شەمە (٢٢ ئۆکتۆبەر ٢٠٢٣) مامۆستایانی نارازی نەک نەچونەوە بۆهۆڵەکانی خوێندن بەڵکو خۆپێشاندانی سەراسەریشیان ڕاگەیاند، بەڕای بەڕێزتان ئەسڵی ئەم کێشەیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟**

محەمەد ڕەسوڵ: لە سایەی ئەو سیاسەتانەی کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی هەرێم و دەسەڵاتی کوردی گرتوویانەتەبەر، (١٦)ی ئۆکتۆبەر و گرفتی نارۆشنی لە دوربین و نەڕوانینی بۆ ئاینەدە و لەدەستدانی پشتیوانی نێودەوڵەتی وەک دەرئەنجام لێ کەوتەوە، ئەم دەسەڵاتە، سەپاندنی هەژموونی سیاسەتی سەرمایەداری و فراوان بوونی قەڵشتی چینایەتی و قۆرخی دەسەڵات و تاکرەوی گرتۆبەر و دەستوری گۆڕیووە بۆ خێڵەگەرایی و عەشیرەتگەرایی، و سەرورەر نەبونی یاسا و دادگا. لە سایەی سیستەمی حکومرانی سەرمایەداری هەندێک سەرمایەدار هەموو شتیان هەیە و زووربەی خەڵکیش هیچیان نییە، و موچەکانی خۆشیان پێنادرێت، لە دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە میللەت نارازی و ڕق و دەرمارگیرە بەرانبەر بە حکومەت و پەرلەمان و ئاڵا و نەتەوە و خاک و نیشتیمان. لێرەوە چین و توێژە زوڵم لێکراوەکان، لەوانە مامۆستایان کە ئێستا لە نارەزایەتی دەربڕیندان، دێنە مەیدان بە مانگرتن و خۆپێشاندان تا ئەم سیستەمی حکومرانییە بگۆڕێت تا لەم سیستەمە سەرمایەدارییە و چینایەتییە ڕزگاریان بێت.

## بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئامادەکردنی/ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش

### هونەرمەندی کاریکاتێریست

# ڕێناس عارف

## دەنگێک کە هەمیشە دەڵێت نا




هونەرمەند ڕێناس عارف ساڵانێکە لەبواری هونەری کاریکاتێر جێدەستی دیارە و بەردەوام ئامادەیی هەبووە لە ڕووداوە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردیی و قسەی خۆی لەڕێگەی هونەرەکەیەوە کردووە. بانیژەی ئەدەب وکلتوور لەمیانی چەند پرسیارێکەوە ڕووی لە ڕێناسی هونەرمەند کرد تا بیدوێنێت و تیشک بخاتە سەر چەند لایەنێک لە تێکۆشانی هونەریی

__بانیژەی ئەدەب و کلتوور : هونەری کاریکاتێر لێکهەڵپێکرانێکی مەزنی هەیە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و سیاسەت، دەکرێت بە هونەری کاریکاتێر بووترێت هونەری وەڵامگۆی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و دژە ئینسانییەکان؟__

ڕێناس عارف : یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئەم هونەرە بەشداریکردنی کارایانەیەتی لەژیانی ڕۆژانەدا. ئەو بەشێوازێکی ئاکتوێل و زیندوو قسە لەسەر بابەتەکانی ڕۆژ دەکات، کاریکاتێر یان باشتر بڵێم، کارتۆن جارێکی دیکە هەواڵ و ڕووداوەکان نیشاندەدات و سەرلەنوێ خوێندنەوەی خۆی بۆ دەکاتەوە، لەهەنگاوی دووهەمدا هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ڕووداوەکان نیشاندەدات واتە کاریکاتێر تەنها گێڕەرەوەو تۆمارکەرێکی هونەرییانەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو دەبێتە ڕەخنەگری ئەو سیستەمەی کە ئەم ڕووداوانەیان خوڵقاندوە.

__بانیژەی ئەدەب و کلتوور : دەوترێت ئەوەی هونەری کاریکاتێر دەیکات ڕەنگە بە وتاری ڕەخنەیی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیش نەکرێت، تۆ دەڵێی چی لەو بارەوە؟__

ڕێناس عارف : وتارو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی بەهێواشی کار لەسەر هزری مرۆڤ دەکات بەڵام وێنەو کاریکاتێر کار لەسەر ئیحساساتی مرۆڤ دەکات پاشان لەهزردا تۆمار دەبێت، هەر زانیاریەک ئەگەر لەشێوەی نووسین یان بیستراودا بێت ئەوا بەشێوەیەکی ئەبستراکت لەبیری مرۆڤدا تۆمار دەکرێت و دەچنە خانەکانی پشتەوەی مێشک. بەڵام زانیاری وێنەیی لەدەرگایەکی ئاوەڵاترەوە واتە لەچێژو لەزەتی هونەرییەوە دێتە ناو هزری مرۆڤەوە. هەڵگرتن و گێڕانەوەی ئەو زانیاریە ( چێژبەخشانە) ئاسانترە تا وتارێکی ڕەخنەیی و ڕاپۆرتێکی درێژی ڕۆژنامەوانی. واتە لەیەکەمیاندا بە ڕێڕەوێکی مەنتیقیدا تێپەڕ دەبێت بەڵام دووهەمیان لەدەرگای خەیاڵ و فەنتزیاوە. دەتوانین زۆر بەسادەیی بڵێین ووتار بۆ کەسانی خوێندەوارو نوخبەیە بەڵام کاریکاتێر بۆ هەموو چین و توێژەکانە

__بانیژەی ئەدەب و کلتوور : وێنە سەرەتاییەکانی کاریکاتۆر لە ئەورووپا دژ بە ئایینی مەسیحییەت بوو، چەند هونەرمەندانی کورد توانیویانە سوود لەم هونەرە وەربگرن بۆ وەستانەوە دژ بە دەستدرێژییەکانی ئایینی ئیسلام لە کوردستان؟__

ڕێناس عارف : سەرهەڵدانی کارتۆنی سیاسی ڕەخنەیی و ڕۆژنامەوانی لە ئەورووپا هاوشان بوو لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەریدا، وەک دەزانین ئەوکاتە شۆڕشێکی هەمەلایەنەی زانستی و فیکری و هونەری مۆدێرن دژ بەدەسەڵاتی دینی و پاپاو کڵێسا بەرپا کرا و شۆڕشی پیشەسازی و سەرمایەداریش لەولاوە بووەستێت کەواتە کاریکاتێر لەم شەڕەدا بەتەنها نەبوو، هێرشەکان بۆسەر دنیای کۆن گشت بوارەکانی گرتبووەوە. بەڵام ئەم شەڕە هەمەلایە نییە لەجیهانی ئیسلامدا هێشتا دەستی پێنەکردووە، زانست و فیکر و تەکنەلۆژیا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کەخۆیان ڕێکبخەن و جەبهەیەکی دژ بە " ئۆردوگای کۆنەپەرستی " پێک بهێنن. بەپێچەوانەوە؛ ئۆردوگای دژەئینسانی : کە بریتین دەمارگیری قەومی و دینی و فاشیزم و گەندەڵی سیاسی و ئابووری، لەم ساتەدا لەبرەودان و کۆمەڵگیان گەڕاندۆتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، هەر هەوڵێکی ڕەخنەییش کە کاریکاتێر دەیدات تەنها هەوڵێکی تاکلایەنانەیەو لەغیابی ئەم بەرە زانستی و فیکریەدا کاریگەریەکی ئەوتۆ جێ ناهێڵێت، ناکرێت ئەرکی هەڵگیرسانی ئەم شەڕە گەورەیە بەتەنها بدەیت بەسەر کاریکاتێردا.



__بانیژەی ئەدەب و کلتوور : ئاکلمان و هاوراکانی ،تێکۆشان زانست بخەنە خزمەت ئەم هونەرەوە، ئایا ئێوە چەند سوودمەندن لە دەستکەوتە زانستییەکانی کۆمپیوتەر لە بواری وێنەی کاریکاتۆریی؟__

ڕێناس عارف : : ڕەنگە من لە پێشینەکانی ئەو هونەرمەندانە بم لەکوردستان کە سوودم لە تەکنیکی کۆمپیووتەر و چاپەمەنی مۆدێرن وەرگرتبێت، هەر بەحوکمی کارکردنم وەک کارمەندی DTP: Desk top publitions و گرافیک دیزاین هەروەها خوێندنی موڵتیمیدیا کاریگەری ئەم تەکنیکانە تائێستاش لەسەر کارەکانم ڕەنگی داوەتەوە، هەڵبەت دەبێت بەکارهێنانی ئەو بەرنامانە بەئاگاییەوە ئەنجام بدرێت و لەخزمەتی بنیاتنانەوەی جوانکاری و فیکری کارەکەدا بێت. بەڵام وەک هەر هونەرمەندێکی خۆڕسک زۆر جار دەگەڕێمەوە سەر تەکنیکی دەستی و هێڵکاری و نیگارکێشان، گرنگ نییە کار بە چ تەکنیکێک دەکەیت بەڵکو پەیامەکەت و بەها مرۆیی و مێژویی کارەکەت گرنگە. ئەوە سروشتی بەرهەمەکەیە دیاریدەکات کە لەچ تەکنیکێک سوود وەربگریت.

ڕەنگە بە هاتنەکایەی زیرەکی دەستکرد (artificial intelligence) جۆرەها ژانری هونەری نوێ بێنە کایەوەو و هونەری کاریکاتێریش ئەم کاریگەریانەی بەر بکەوێت، پێشبینیکردن بۆ داهاتوو کارێکی ئەستەمە بەڵام بەدڵنیاییەوە گۆڕانکاری گەورە بەڕێوەیە ئەگەر جەنگ و پەتاو برسێتی و پیس بوونی ژینگە نەبنە ڕێگر. لەلایەکی دیکەوە کەسانێک هەن دەیانەوێت بگەڕێنەوەو بۆ تەکنیکی دەستی و سادەیی و پریمیتیف. من هەمیشە







بەشوێن فۆرم و نمایشی جیاوازدا دەگەڕێم ئێستا کارەکانم قەبارەیەکی گەورەتریان وەرگرتووە، کە لەسەر زەوی و لەڕووی شەقامەکان کاریکاتێر یان تابلۆکان دەکێشم،

__بانیژەی ئەدەب و کلتوور : ئێوە و چەند هونەرمەندێکی ڕادیکاڵیتر بە کاریکاتێر دژ بە نابەرابەرییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی وەستاونەتەوە. ئایا لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە ڕووبەڕووی هیچ دژەکردارێک بوونەتەوە؟__

ڕێناس عارف : کارتۆنیستی جیددی لەهەموو شوێن و سەردەمێکدا ژیانی پڕە لە کێشمەکێش و مەترسی، چ لێرە و چ لە ناو کوردستان هەڕەشەمان لەسەر بووە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووئەو کاتانەی کە لە کوردستان بووم لەگەڵ هاوڕێیان: سەردار و شوکاک دا چەندین پێشانگا و کاری ڕۆژنامەوانی و نمایشی جەماوەری و کۆڕو فێستیڤاڵمان لەگەل مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاری کوردستان ئەنجامدا، پاشان گرووپی کارتۆنی ( نەقیزە) مان دامەزراند، کاتێک سەرەتا لە سلێمانی پیشانگایەکمان نمایش دەکرد، چەند ڕۆژێک دواتر ڕەوانەی شارو شارۆچکەکانی دیکەمان دەکرد. لە سلێمانی پێشوازی گەرممان لێ دەکرا و بەهۆی ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە پیشانگاکانماندا دەسەڵات نەیدەتوانی بە ئاشکرا ڕووبەڕوومان بوەستێتەوە تەنها بەربەستی ئیداریان بۆ دروست دەکردین یان بۆ چالاکییەکانی داهاتوومان هۆڵی نمایشمان لێ قەدەغە دەکرا، بەڵام ئەوکارانە نەدەبوونە بەربەست لەڕێماندا بۆ نموونە ئێمە کەلتوورێکی نوێمان داهێنا کە ئەویش نمایشی پێشانگای سەر شەقام و شوێنە گشتیەکان بۆ نموونە لە دیواری شەقامی سالم (سەهۆڵەکە) لە سلێمانی و دیواری قەڵای هەولێر و دەربەندیخان و ماڵە رووخاوەکانی حامیە و کارگەی شەکرەکە و هەندێک شوێنی دیکە کە ڕەنگە لەیادم نەمابن، ساڵێکیان لە رانیە کاریکاتێرەکانمانیان دراند و چەند هاوڕێیەکیش بۆ ماوەیەک لە ئاسایش دەسبەسەر کران، هەروەها لەهەولێر بەدیواری قەڵاوە پشانگایەکمان کردەوە و خۆمان لەوێ نەبووین بەڵام هاوڕێیانی سەرپەرشتیار تووشی گێچەڵ و مەترسی بوونەوە.

__بانیژەی ئەدەب و کلتوور : گرفتەکانی بەردەم ئەم هونەرە لەهەردوو ئاستی عێراق و کوردستان چین و هەروەها ڕێناس عارف خۆی لە کوێی ئەم هونەردا دەبینێتەوە؟__

ڕێناس عارف : گرفتەکان هەندێکیان تەکنیکین بۆ نموونە: شوێنی نمایش، ئێمە پێویستیمان بە شوێنی کراوە یان هۆڵی گەورە هەیە چونکە جەماوەری کاریکاتێر لەرووی ژمارەوە هەمیشە زیاترن و ئەم هونەرە تایبەت نییە بە نوخبەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵام گرفتی گەورەی ئەم هونەرە بوونی دەسەلاتکی سەرکوتگەرە کە رەخنە قبووڵ ناکات شانبەشانی نەریتێکی دۆگماو پاشکەوتووی ئاینی کە ئەسڵەن وێنەکشان بە حەرام دادەنێت چ جای ئەگەر بتەوێت رەخنە لە پیرۆزییەکان و بتەکانیان بگریت، ئەم کارە هەوڵێکی بێوچان و ماندوبوونی هەمەلایەنەی دەوێت تا دەگاتە ئامانج.

( * )هونەرمەند ڕێناس عارف لەدایک بووی شاری سلێمانی کوردستانی عێراقە. گەلێ پێشانگای تایبەت و هاوبەشی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردۆتەوە. خوێندنی هونەریی لە وڵاتی هۆڵەندا تەواو کردووە و ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی هۆڵەندا و ئەندامی ڕێکخراوی کارتۆنیستانی هۆڵەندایە.

# دیدارێکی کورت لەگەڵ ڤیان مائی: دەرهێنەر و نووسەری بواری هونەری سینەما

## ئەگەر ژن ئازاد نەبێت، کۆمەڵگە چۆن ئازاد دەبێت!؟

سازدانی : بانیژەی ئەدەب و کلتوور

__بانیژەی ئەدەب و کلتوور : خاتوو ڤیان مائی، یەکجار خۆشحاڵ بووین کە دەرفەتت ڕەخساند بۆ ئەم دیدارە. بەڕێزتان یەکێکن لە هونەرمەندە گرنگەکانی هونەری سینەمای لەمڕۆدا، کە بایەخی جددی بە سینەما و بە چڤات و کێشەکانی و بەتایبەت بەژنان و منااڵن دەدەی.__

ڤیان مائی: هەروەسا گەلەک سوپاس بۆ ئێوە، بەڵێ، هەڵبەت، هەمیشە دەڵێم، ئەگەر ژن ئازاد نەبێت، کۆمەڵگە چۆن ئازاد دەبێت، چۆن دەتوانێت مناڵەکانی ئازادانە پەروەردە بکات. ئازادی ژن زۆر زۆر گرنگە چونکە، ژن خوڵقێنەری ژیانە، ژن مناڵ دەهێنێتە دونیا، دایک وباوک لە ژن دروست دەبن، مامۆستا وسەرکردە، سەرباز و مەدەنی هەموویان لەژن دروست دەبن، بۆیە ئەبێت ژن ئازاد بێت، بڕوای بەخۆی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئینسانی ئازاد پەروەردە بکات. وەکی دیش ئێمە باسی یەکسانی دەکەین، ئەگەر ژن ئازاد بیت و هەست بە یەکسانی بکات کە هیچ جیاوازی لەنێوان ئەو و پیاودا نییە، بەو شێوەیە کچ و کوڕەکانی خۆیشی پەروەردە دەکات بە شێوەیەکی یەکسان. پێویستیمان بەیەکسانییە. پێویستیمان بەئازادی مرۆڤە.

__بانیژەی ئەدەب و کلتوور : خاتوو ڤیان تۆ لە چەند چاوپێکەوتندا باسی گرنگی سینەمای دۆکیومێنتاری، یان فیلمی دۆکیومێنتاریت کردووە، بەلای تۆوە گرنگییەکەی لە چیدایە؟__


ڤیان مائی: هەڵبەت زۆر گرنگە، بەتایبەت بۆ ئێستا، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە باسی نەوەی ئێستا بکەین، تاقەتی فیلمی درێژی نییە، تاقەتی پەرتووک خوێندنی زۆر نینە، تاقەتی زۆر خوێندن و کاتی نییە بۆ مێژوو، ئەگەر دۆکیومێنتەک بکەی ڕێکوپێک بێت، جوان بێتن، زۆر درێژ نەبێت، دەبێتە مێژوو. دەبێتە کونسکاپ، بەسویدی وای پێدەڵێن،( ** ) بەڵام من پێت دەڵێم دەبێتە زانست و ئاگاداری. ئەگەر ئێستا سەیری دۆکیومێنتێک بکەم زۆر زۆر ئاسانتر تێدەگەم وەک لەپەرتووکێک کە بیخوێنم. پەرتووکیش خۆشە بخوێنی بەڵام زیاتر ئێستا کە بڵاودەبێتەوە دۆکیومێنتە، زۆر کەناڵ هەنە دەتوانن لێێ ببینن بە ئۆن لاین، بە ڕێگای ئینتەرنێت دەتوانن بە دۆکیومێنتێک بزانن شاعیرێک، مرۆڤێک، چیان کردووە، چۆن ئەژین ئێستا. ئیتر بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییە، بۆ هاوکاری و هاوسۆزی یەکترە.

__بانیژەی ئەدەب و کلتوور : بەڕێزتان زۆر بایەخ بە مناڵانیش دەدەن، چ لەژیانی تایبەتی خۆت و چ لە کارە سینەماییەکانتدا، بەتایبەت ئەو فیلمەی لەسەر مناڵە ئێزیدییەکان بوو، ڕۆناهی لێدەباری.__

ڤیان مائی: هەڵبەت مناڵ زۆر بێگوناهن، مناڵ پێویستی بەیارمەتییە، ئێمە باسی مناڵە ئێزیدییەکان دەکەین کە من لەگەڵیان بووم، بەرنامەم بۆیان دانا، بەرنامەی ( کەن و هێڤی)، بۆ ئەوەی بتوانن پێبکەنن و هێڤیان هەبێت. هیوا هەبێتن. ئیتر ئەویش بە چیرۆک و بە گۆرانی و بە گروپ و بەچێکردنی شانۆ و فیلمکردن وسەیری فیلمکردن و سەیری فیلمەکانی خۆیان بکەن و ئیدی ئەوەش تەشجیع بوو بۆ ئەوەی زیاتر هونەر بکەن و یەکتر بگرن و کۆم دروست بکەن و ئیدی ئیدە و بیرۆکەی ئەوان بیت و شت دروست بکەن و ڕەسم بکێشن، تیاتر بکەن، هونەر بکەن، پێبکەنن، ئیتر ئەوانە پێویستیان پێبوو، بۆ نموونە پاش ئەو کارەساتە کاتیان بۆ ئەو شتانە نەبوو، کە بکەنن یان یاری بکەن. مناڵ زۆر بێگوناهن، پێویستیان بە کاتە، کاتیان پێبدەین، وە شتێکی تریش هەیە ئەبێت ئێمە باوەڕ بکەین کە ئەم مناڵانە گەورە ئەبن و ئەبنە مرۆڤ و مرۆڤی داهاتوون، ئەبێت بایەخیان پێبدەین، ئەبێت ئاگادار بین، ئەبێت ڕێگایان پێبدەین کە زانست و ئاگادار بن. کە زۆر شت بزانن. ئەوە ئێمەین ، گەورەین ، مامۆستاین ، دایک و بابین، سیاسەتمەدارین، قوتابخانەیە ئەبێت ڕێگایان بۆ خۆش بکەین بۆ ئەوەی مناڵ یەکتر ببینن و فێری شت ببن و فێری ژیان ببن و بڕوایان بە خۆیان هەبێت. ئەبێت ئینسانی ئازاد بن، ئەبنە باوک، ئەبنە دایک، ئەبێت ئینسانی ساخلەم بن و بایەخیان پێبدەین. ئەبێت مرۆڤی ئازاد بن.

__بانیژەی ئەدەب و کلتوور : بەڕێزتان دەرهێنەری سینەماییین، کارێکی یەکجار قوورسە بەتایبەت ئەگەر دامەزراوە و ئیمکانات و ئەکتەری لێهاتووت نەبێت، زەحمەت نەبێت باسی هەندێک لەهەوڵەکانی خۆت بکە بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان؟__

ڤیان مائی: هەڵبەت پرسیارێکی زۆر زۆر جوانە، من ئەگەر نموونەی خۆم بێژم، زۆر زۆر غەریبە، بۆچی؟ چونکە ،خۆ بەرای من هەموو نوێهاتییەک، شتی تازە، کاری تازە، جێگای تازە ، هەموویان قوربانی پێویستە، تاقەتێکی زیادەی پێویستە، چونکە دەوروبەر لێت دەترسن، لەگۆڕانکاری دەترسن کە ڕۆتینی ژیان دەرباز بکەن، وەکو دایک و باوک بین. نوێهایەتی هەردەم دژایەتی هەیە، چونکە ترس هەیە، بۆیە دژایەتیش هەیە، ئیتر کە بگەڕێمەوە بۆ وڵات، ژنیش بم، لە ئەوروپاوە گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان ، وە لەمەیدانم و ناترسم و دەمەوێت گۆڕانکاری بکەم. شتی تازە بکەم. فێستیڤاڵ لە شاری خۆم بکەم. فیلم بکەم، خەڵکانێک بێنم فێری فیلم بن. کچ و کوڕ پێکەوە ئیش بکەن. وە فێری هەموو ئیشێکی هونەری ببن کە لەناو فیلمدا هەیە. چونکە ئێمە دەبێت فێر بین. هەر هونەرێکی تر، دەتوانین بڵێین، تاکە کەسێک دەتوانێت بیکات، وێنەکێشێک دەتوانێت تابلۆیەک بکات، موزیکشنێک دەتوانێت گۆرانییەک دروست کات، بۆ نموونە دەرهێنەرێک دەتوانێت دەقی شانۆیەک بنووسێت و دەرهێنەریشی بێت و ئەکتەریشی بێت. بۆ نموونە ، بەڵام سینەما نا، سینەما پسپۆری جیاجیای پێویستە، چونکە هەر کەس ناتوانێت هەموو شتێک بزانێت، ئێستا چۆن خانوویەک دروست دەکەی پێویستت بە نەخشەیەک هەیە، ئیتر ئەمیش سیناریۆیەکی باش، چیرۆکێکی باش هەیە، ئەمە نووسەرێکە، زمانزانێکت پێویستە، چۆن دەریدەهێنی، دەرهێنەرێکی باشت پێویستە، ئەو دەرهێنەرە، بە کامێرا وێنەکان دەگرێت، کامێراوانێکی باشی پێویستە، چۆن ڕوناهی و دەنگ و چۆن ئەوانە دروست دەکەی، پسپۆڕی خۆیان پێویستە، چۆن ئاگاداری جلەکان دەبیت، ئاگاداری دیکۆر دەبی، ئاگاداری هەموو دیزانەکان دەبیت، ئەوانەت پێویستن، موزیک بۆ ناو فیلم. مۆنتاژەکە، کەس ناتوانێت هەموو شتێک بزانێت، ئەبێت هەندێک لێ بزانن، یانی گروپ دروست دەبێت، زەحمەتییەکە بۆ من ئەوە بوو کە شتێکی تازەیە، نامۆیە بەخەڵک، غەریبە،وە ئەبێت بیکەم چونکە حەزم لێیە، حەزدەکەم لێرە شتێک بڵێم، کەبۆ زۆر لە هاوڕێکانم، کەس وکارم تەعەجوبیان دەهات دەیانوت تۆ چ تاقەتێکت هەیە!؟ ئاخر من عەشقێکم هەیە، عەشقێکم بۆ ئەم هونەرە، بۆ ئەم کلتووره و هەبوونە، بۆ ئازادی و یەکسانی، بۆ ئەم وڵات و بۆ ئەو هەموو قوربانیدانەی بۆ ئازادی ، عەشقێکی زۆر زۆر گەورەم لەناو دڵدا هەیە، ئیتر ئەم عەشقە بۆم دەبێتە هێز، بۆم دەبێتە خۆشەویستی بۆ خەڵک و بۆ ئیشەکەی خۆم، ئیتر لێناگرم کەسانێک هەبن دژ بن،ئەگەر بەرپرسێک، یان دەرهێنەرێک ڕێگربا من تێدەگەیشتم، وە ئەگەر هەڤاڵانی منیش عاجز ببان من دەموت هەوڵی زۆرتر، یان ئەگەر ئەکتەرێک ڕۆڵەکەی خۆی بەدڵی نەبا، من دەموت باشتر دەکەین و هەوڵی زیاتر دەدەین. ئەگەر ئینسانی خراپ هەبن، بەڵام ئینسانی باشیش زۆر زۆر هەن. بەدڵنیاییەوە پتر ئینسانی باش وهاریکار هەنە. من کاتێک گەڕامەوە کوردستان و توانیم بەڕێگای کۆمەڵایەتی کە زۆر جار لایەنی نێگەتیفی هەیە، من توانیم دیوە پۆزەتیفەکەی بەکار بهێنم، من ژنم و بەرواریمە، ئیدی پیاوەکانیش لەگەڵ کچ وژنی خۆی و هەموو یارمەتییەکی من دەدات و بەسایەرەی خۆیی بەبێ ئەوەی پارەم لێوەربگرێت، کە من پێویستیم بەو یارمەتیانە هەبوو، ئەوانیش هاتن و یارمەتیان دام. ڕاستییەکەی من پێویستیم بەیارمەتی زۆر هەبوو، ئەوانیش هاتن، پێویستم بە خەڵک بوو، بەجێگە، بەڕێنوینی و بە هاریکار بوو،، پێویستیم بە پارە هەبوو هەردەم، کە پارە بۆ فیلم زۆر زۆر گرنگە. ئیدی کەس وکار، هەڤاڵان، ڕێکخراوەکان، هوتێلەکان، چێشتخانەکانی شاری دهۆک، هەتا فێستڤاڵم لە دهۆک کرد، فێستڤاڵی فیلمم لەشاری خۆم کرد و ئێستا بۆتە فێستڤاڵی نێودەوڵەتی، زۆر زۆر دڵخۆشم. لە پێشدا چەند گەنجێک لەگەڵ من بوون، وتم بابیکەین بە فێستڤاڵ، وتیان چۆن؟ ناکرێت؟ وتم با دەیکەین و ڕۆژێک دێت دەیکەینە فێستڤاڵی نێودەوڵەتی گەورە و خەڵکی دهۆک بەو ناوەوە دەیناسن. ئیتر شتەکان ڕۆیشتن، فیلمەکانم سەرکەوتوو بوو، چونکە من پاسەپۆرتی سویدیشم هەبوو، فیزەم نەدەویست و بۆ زۆر وڵات چووم و زۆر خەڵاتم برد . فیلمەکانم جوانن. ئەکتەر باش هەیە و ئەکتەری خراپ هەیە، وە پێویستە ئەکتەری خراپ فێرییان بکەی. بەڵام بۆ من ئاسان نەبوو، چونکە نابێت تەنها ئەکتەر بیت، بەڵکە دەبێت ئازادیش بیت بە تایبەت بۆ ژن. بۆیە دەبێت بیزانیت و دەبێت ئازاد بیت. وە ئەبێت خاوەن عەشقیش بیت. عەشقی هونەر، عەشقی خەڵک و ئازادی. وە ئەبێت لێبزانی نابێت ماندوو بیت. ئەبێت لێی بگەڕێی ، یەک ،دوو، سێ نا، بەردەوام تا دەیدۆزینەوە. من کەسێکی زیرەکم چونکە عەشقم هەیە، چونکە پەروەردەی دەستی باوکمم. هیچ جیاوازی نەبوو لە نێوان کچ و کوڕ لەلای ئەو، شاعیرێکی چەپی پێشکەوتنخواز و کرێکارێکی کشتوکاڵی بوو. ڕۆشەنبیریک و قەڵەم بەدەستێکی عاشق بوو. عەشق بۆ وڵات، بۆ شۆڕش، بۆ یەکسانی و ئەو عەشقەی لە نێو دڵی ئێمەدا چاند. سەرکەوتنەکانم ئەنجامی ئەو عەشقەیە، ئەو عەشقە لە پشتمە و حەتمەن پاسەپۆرتی سویدیش لە پشتمە. لەسوید چوومە قوتابخانە و فێری زۆر شت بووم و فێری فیلمسازی بووم و هەروەها کە مناڵم گەورەبوون دیسانەوە خوێندم. سوپاسی سویدیش دەکەم کە ئەو فورسەتەی بۆ ڕەخساندم، وە لە وڵاتان گەڕام و زۆر فێستڤاڵم بینی. ئینسان دەبێت هەوڵبدات و عەشقی هەبێت. خەبات بکات و ببێتە نموونەی جوان بۆ ئینسانی داهاتوو، بۆ ئەو منالانەی کە گەورە دەبن. هەوڵبدات ببێتە ئینسانی باش بۆ دەوربەر . ئێمە ئیشەکانمان، بەرهەمەکانمان، فیلمەکانمان ، پەرتوکەکانمان دەمێننەوە، ئێمە دەڕۆین. ئەوەی دەمێنێتەوە، بەرهەمەکانمانە ، هەڵوێستەکانمانە. ئەو نەوەیە تەماشای هەڵوێست و بەرهەمەکانمان دەکات. زۆر سوپاس بۆ ئێوە.( ** )



( * ) کۆنسکاپ : زانیاری

( ** ) ڤیان عەبدولڕەحمان ئەحمەد کە بە ڤیان مائی ناسراوە،لەگوندی مائی ،سەربەقەزای ئامێدی لەپارێزگای دهۆک لەساڵی ١٩٦٠ لە خێزانێکی ڕۆشنبیر هاتۆتە دونیاوە. خانەوادەکەی باوەڕی بەئازادی و یەکسانی هەبووە و هیچ جیاوازییەکی لە نێوان کچ و کوڕەکاندا نەکردووە وپەروەردەیەکی جوانی کردوون. ڤیان مائی دامەزرێنەری فێستڤاڵی سینەمایی دهۆکە و خاوەنی هەشت فیلمی سینەماییە و وەک پرۆژەی ئایندەش پرۆژەی فیلمی تری دکۆیومنتاری بەدەستەوەیە.

ڕەوت
البديل OCAI
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# چەند هەناسەیەک

## لە قەسیدەی ( دەقی تەمەن )




شیعری : ناڵە حەسەن

(١)

خۆم لەنێو ڕووناکییەکی چوارگۆشەیی شاردۆتەوە
تا ونبوونی پایز و ڕەشبینی کاتژمێرەکان
کەس نامدۆزێتەوە
گەردەلوولی ناو خەیاڵم وەک چاوی ئەستێرەکان
پڕبووە لە گومان
بورژانگەکانیشم لەگەڵ میلۆدییە ئیرۆسییەکان هەڵدەوەرن
چاوەڕوانی تیشکێکی شینی شەوانەم
کە لەنێو خۆرئاوابوونی شیعرەکانم بدرەوشێتەوە
زەمەنیش لەنێو مەمکۆڵەکانی ئاگر ڕاکشاوە و
هێدی هێدی بەدەم وڕێنەوە خەو دەیباتەوە.

(٢)

گەر ئەمجارە
دەستم لە لچکە کراسی
نیشتیمانم گیربێتەوە
دڵۆپە بارانە مێینەکان و
شەونمی سەرلێوی گوڵە تەنیاکان و
کرمە خەمۆکییەکانی ناولەپی خاک
هەموویان ئاشت دەکەمەوە
یادەوەرییەکانم لەسەر سینگی بەفر و
لەسەر ڕووی ڕووبارەکان دەنووسمەوە
سێبەری ژێر هەر درەختێک
دەکەم بە ماڵی خۆم و ئیتر ناڕۆمەوە.

(٣)

هۆ ژنە
نیگا سپییە چاو ڕەشەکە
دەزانم ئێستا لێم یاخیت و
شیعرەکانم ناخوێنیتەوە
بەس دڵنیام ڕۆژێک دادێ
دیوانەکانم لەباوەش دەگریت و
بەدەنگێکی نەرمی پڕ سۆز
دەمخوێنیتەوە
بەڵام بەداخەوە ئەوکاتە من لێرەنیم ...!

ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

# ڕۆحێکی دوور

# لە هەیەجانی مندا

شیعری : ڕۆژ هەڵەبجەیی



من نازانم دووری و نزیکی چ واتایەکی هەیە لام،
کە تۆهەیت و من لەبوونا هەستت پێدەکەم
ئاخر دوورییەکانی تۆ بەهانەن بۆ من،
دوورییەکان لەکوێن ؟
کە دەست دەخەمە سەر هەناسەکانی چەپم،
نزیکتر لە ڕۆحم دەدوێی،
لەوێ هەستت پێ دەکەم،
دڵێک هەیە خەریکی هەیەجانە بۆم..
گوڵی گیان دوورییەکان کواهەن؟
کە بۆ ئاسمانی دڵت دەڕوانم،
دڵۆپەکانی میهرەبانی دەڵێن : تۆ ئافریدەی ڕۆحمی!
تۆ لەودیو پەراسوی پەردەی پەنجەرەکانەوە،
ڕوانینت دەڕژاو ئاگات لە من نەبوو،
نەزیفی پێڵاوەکانم سەردەکا!
تەماشات لەهەموو شوێنێک دەپێکاو،
ئاگات لە من نەبوو،
بەچرپەی (با) برینەکانم دەپێچاو،
بە لقی درەختەکانەوە حەسرەتم ، دەبووە گەڵا!
شتێک هەیە نامەوێ پێت بڵێم وەک ئاوازێک لە جریوەی ئاو ،
لەسەر لێوەکانم نووستوە..
لێگەڕێ بابنوێ تینوێتی جوانترە ،
تا بگەمە لێوە تەڕەکانی تۆ !
ئەمە شکاندی دڵ فێری کردم...
شتێک هەیە نامەوێ پێت بڵێم ،
وەک درەوشانەوەی پەپولە، لەسەر کوڵمی گەڵا ...
لە ناخما نووستوە لێگەڕێ با بنوێ،
درەوشانەوەی دوور جوانترە، تا بریقەی باوەشی تۆ
ئەمە تنۆکەکانی فرمێسک فێریان کردم ..
شتێک هەیە نامەوێت پێت بڵێم،
وەک گۆرانییەکی حەزین پڕە،
لە ماچی سەرمەدیی و لەگریانی ڕەنگاڵەیی و لەو ڕێگایانەی ناگەنە کۆتایی...
لێگەڕێ باڵەدەرونما بنوون پێویست ناکا بگەنە تۆ
من فێرم بارانی حەسرەتم بباریّ...
ئەمێستا وشەکانم ، لە سەرمای تۆدا ڕەقبوونەوە..
تۆ چ هەتاوێکی تەزیووی ،
خەمم تەڕ دەکەیت بەشکان و چاوەڕوانیم بەگەلاریزان...
ئەو کاتەی ڕوانینت ڕوو لە ئاسمانێکە،
بێئەوەی بزانی ڕوو لە چ شوێنێکە!
تۆ ئەی مەلەکوتی ڕۆحم لێم ببورە،
ئەمە ئەو دەستانە فێریان کردم شکان لەناویانا هەڵقوڵا
گوناه تاوانێک بوو کردییە بەری!
شتێک هەیە ناوێرم پێت بڵێم،
وەک داگیرسانی شقارتەیەک ،
چاوت پڕدەبێت لە تروسکەو
ڕووخسارت لە تاڵەکانی مانگ و دڵت لە باڵەکانی خۆر ..
لێگەڕێ با هەموویان بێدەنگی بکێشن ...
لە تاریکییا جوانترە بۆت بگەڕێم ،
تا لەڕووناکیا ئاوێزانت بم،
بۆم مەگەڕێ من شتێکم،
لەهەڵم دەچم ئەگەر، دەستم لێبدەیت
فەنا دەبم من شتێکم لەتەم دەچم،
ئەگەر جگەرەی لێوت پێکەی مەحف دەبم...
دەست لە مندان بە تاڵبوونەوەی منە لە تۆدا...
مەهێڵە بەتاڵ ببمەوە..
ئەی ڕۆحم! ئاخر تۆ چ پێچی پێچەوانەیەکی ،
دڵت پڕکردووم لە ڕاکردنی ڕووناکی،
کەچی هەر تاری تاریکی دەشێلی...
پەروانەکان بێدەنگ دەکەی،
بە گەمژەیی چرایەک، کەچی تەریقەتی گوڵ دەگریت
بە بولبولەکانی ناو فەرشی، سەردیوارەکە دەڵێی خامۆش بن،
کەچی میلۆدیای چەهچەهە پێ دەکەیت!
واز لەم پێچی پێچەوانە بێنە،
تۆ سەیرکە من ئەستێرەم هێناوەتە، سەر مێزەکەم
ژەمە خۆراکم بێت ئەستێرە کەی جوانە لە ئاسمانا باڵە فڕ بێت!
دەستم لێمەدە..
تاوێک سەیری خەیاڵم بکە چی شرۆڤە دەکات ؟
دەرگا کەی جوانە ئەدرەسی ماڵێک بێت !
دەرگا دەبێت بڕواتە ناو دەریا فریاد ڕەسێک بێت بۆ فەنا!
پەرداخ کەی جوانە نووچ بداتە سوراحی
پەرداخ دەبێت بڕواتە ناو پیانۆوە ئاوبداتە میلۆدیا
! با ئەوەشت بۆ دەرخەم خۆشم دەوێی،
وەک شادەماری شیعر ، کەهەمیشە لەخوێنما هاتووچۆ دەکا..
بەڵام ناشمەوێ نزیکت بم ، تا بەتاڵ نەبمەوە لێت..
خۆشم دەوێی وەک چاوەڕوانی،
گومان و نیگەرانی،
بەڵام ناشمەوێ نزیکت بم، تا بەتاڵ نەبمەوە لەیەقینت...
خۆشم دەوێی وەک نوێژی ئێوارەیەک،
بەنزا و موناجات و میهر، خۆم دائەپۆشم تابگەمە ئاستانەی خوا،
بەڵام ناشمەوێ نزیکت بم،
تا ڕۆحی زاهیدانەم ڕووتکەمەوە لەڕوگەی دڵت...
ئاخر ئەزیزی دڵم پێم وتی : عیشق شایەنی بەرکەوتن نییە ،
عیشق یانی دڵی خوا
کێ دەتوانێ بگاتە دڵی خوا؟
لێگەڕێ بائەمە نهێنییەک بێت، لە بەینی من و تۆ و خوا...
ئایا لەوە گەشتوی هەمووشتێک، دەڕواتەوە سەر گەڵا ڕێزان؟
وەک من و تۆ ..فیلمەکان، ڕۆمانەکان ،چیرۆک و نۆڤلێتەکان، تا چڵی شیعرەکان...
ئایادەزانیت گەڵاڕێزان چەند ئێشی زۆرە ؟؟
تۆ بیری لێبکەرەوە،
تەرمی ئەو هەموو گەڵایانە، لەژێر پێڵاوەکاندا دەناڵن .
ئەو هەموو تەرمە لەناو شەپۆڵەکانی ئاودا مەراسیمێکی حوزنن...
ئەو هەموو تەرمە بەدەم ، پێکەنینی (با) وە دەلەرزن...
بەڵام گەڵا ڕێزان لە کەڵەکە بووی ژانا دێتە گۆو دەڵێ:
من هەقیقەتێکتان نیشان دەدەم ،
تەرمی من ئێستا لەژێر پێڵاوەکانە،
ڕۆژێک دەبێ ڕێگا پێڵاوەکان نوقم کا!
تەرمی من ئێستا بەدەم (با) وە دێت و دەچێت،
ڕۆژێک دێ (با) پاڵکەوێت لەناو تابووتا!
تەرمی من لەناوشەپۆلەکانی ئاودا، سەربەرەو خوار دەڕوا ،
ڕۆژێک دێ بیابان بە شەپۆڵەکان بڵێ مەرحەبا!
لێگەڕێ با هەموو شتێک لە نهێنی خۆیدا بێت
ئەوە سیحرێکە لە ئەلفێکی ئەفسوناوی ،
کە ئاشکرابوو دەگەینە کۆتایی...
تۆ وەرە بڕۆرە بوومەلێڵ ،
تژی لە تەمومژ پیاسەک شۆڕ بکەرەوە ..
چێژ لەوەدایە ڕێگا ونکەیت، نەک دەستت بگاتە دیوار،
چێژ لەوەدایە پێڵاوەکانت ، پێیەکانت جێبهێڵن،
نەک بگەیتە کەنار!
سیحر بومەلێڵە،
کە دنیا ڕووناک بوویەوە نە ڕێگا ون دەکەیت و نە دەست دەدەی لەدیوار...
سیحر تەموومژە کە دنیا لە کازیوەوە، تل بوویەوە بۆ گزنگ ،
نە پێڵاوەکانت دەگرین و نە پێویست دەکا، لەنگەرێک بگریت لە کەنار!
ئاخر تۆ لە زیندانی ڕۆحی من تێناگەیت ،
زەمەن دوور دوور دەڕوا،
کاتژمێرێک نزیک نییە لەسەر دیواری ڕۆحم
بەیانی دێ ئێوارە دەست پێ دەکات
سێبەرێک لەرەی نایە لە ڕێگاکانی ڕۆحم،
تاریکی خۆی دەپێچێتەوەو
ڕووناکی سیگارەکانی خۆی پێدەکا،
جزووی ڕووناکی ناگاتە، چاڵە توناوتونەکانی ڕۆحم..
من تەنها خەونم خەون ،
کۆترێک نیم سەرم، بڵندکەم لە باڵای منارەی تۆ،
یان چۆلەکەیەک نیم ، ڕێنووسی هێلانەیەک چێکەم ، لە گوێسەوانەی دڵی تۆ!
گوڵی گیان چی لەخەون دەکەی؟
خەون باڵی هەیەو نافڕێ،
قاچی هەیە و ناگاتە پارکی ئازادیی،
دڵی هەیە و ناگاتە چنینی دڵداری!
گوڵی گیان دواجار من لەم عەسرەدا پێکەنینێکم درێژ درێژ،
قاقاکانم ڕستووە لە ڕەنگەکانی گریان،
گریانێک تاتەوتەمی مەوداکان،
لەشینی شەبقەوە تا،
گەمەی گۆجانەکەی شارلی شاپلن!

# شیعر بۆ منداڵان



شیعری : عوسمان دەروێش

## دەبم بە دۆستی کتێب

دەبم بە هاوڕێی کتێب
کە باشترین هاوڕێیە
گەلێ بەسوود و چاکە
زانیاری زۆری پێیە

هاوڕێیەکی ئاوهایە
هەرچەند دەیگرمە دەستم
ڕێی ژینم ڕۆشن دەکات
گەش دەکات بیر و هەستم


دەیکەم بە هاوەڵی خۆم
هەرگیز لێی دانابڕێم
نە من بێزار دەبم لەو
نە ئەو بێزار دەبێ لێم

ئیتر چۆن لە دۆستی وا
بۆ ساتێ لێی دەڕەنجێم
بۆ هەر جێگایەک بڕۆم
بە هەمیشە وا هاپێم

ڕووت
البدیل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# داستانی ئیلیا لە پێدەشتەکاندا ١٧٨٧

نووسینی : ڕەحیم سەرەڕۆ



ئەم تابلۆیە لە گەلەری هونەری وۆکەر؛ لە شەقامی ولیام براون لە مۆزەخانەی لیڤەرپوول بە بەرزی ٢٣٥ سم و پانی ٢١٠ سم لەسەر پارچە قوماشێکی کانڤاز لە لایەن هونەرمەندی شێوەکار (فردریک لایتۆن)ـەوە (*)بە بۆیەی چەور کێشراوە، داهێنانێکی زۆر گەورە و هەمە جەمسەری ئەفسانەیی لە ڕووپایی تابلۆیەکدا لەگەڵ ناواخنی مرۆڤ دەدوێت کە تژییە لە ڕەنگی زێرینی گەرم وەک بەڵگەیەک لەسەر بوونی هاوینە هەتاوێکی گەرمی توانا پڕووکێن لە ناوەڕاستی پێدەشتێکی کاکی و جگە لە خۆرو زەوی هیچ شتێکی تر هاوناوی بوون نییە. لە تابلۆکەدا تەنها دوو کاراکتەر هەن یەکەمیان ئیلیایە کە کۆی داستانەکەی لەسەر چنراوە و هەموو نیشانەکانی نائومێدی و لاوازی لە جەستەی ڕووت و شەکەتیدا دەبینرێت ، دووەم فریشتەی فریادرەسە کە بە دەستەکانی خۆی شەرابی بوژاندنەوەی لە بەرزاییەکانەوە بۆ هێناوە، دوو باڵی بریسکەداری ڕەنگین و قۆڵ و بازوویەکی پڕ لە تواناو تێکسمراوەوە کە گەشەی ژیانی پێوە دیارە و جلە سپییەکەشی تێکەڵ بە زەردەی هەتاو بووە لە کۆی داستانەکەدا ئارامییەکی تەواو بە بینەر دەبەخشێت. لەم تابلۆیەدا بینەربەر لە چاوەکانی ڕۆحی پڕ دەبێت چێژی هونەری و بە هۆی هارمۆنیای ڕەنگەکانەوە دەگاتە ناواخنی داستانەکە کە لە دوای ماوەیەک لە غەدرو نائومێدبوون لە مرۆڤەکان کەسێکی فریشتە ئاسا دەبێتە فریادرەس و هەموو غایلەکانی مەرگ دەگۆڕدرێن و دەبنەوە بە یەکەم دەروازەی ژیان و کارامەیی لە لێبووردەیی و دوور لە ڕۆحی تۆڵە سەندنەوەوە دیسانەوە ئاسۆیەکی تر دەبەخشێتەوە بە ژیان؛ ئەمەش لە زۆربەی داستانە ئایینیەکاندا بوونی هەیە. کارەکتەرەکان لە ڕووخسارو دیزاینی پۆشاکیاندا دەچنەوە سەر گریکەکان، هەرچی بابەتی تابلۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ داستانێکی سفری تەوراتی جووەکان، ئیزابیلا دوای ئەوەی زۆربەی پەیامبەرەکانی سەردەمی خۆی دەکوژێت و دەگاتە سەر تەختی قەڵەمڕەوی، دوا هەنگاو دەیەوێت ئیلیا لەناوبەرێت و بەوەش کەس لە بەردەمی خۆیدا ناهێڵێتەوەو ئاسوودە دەبێت، بەڵام ئیلیا لە دەستی هەڵدێت و ڕوو دەکاتە پێدەشتێکی بیابان ئاسای وشک و برینگ و لە بێ کەسی و لە تاو بێ ئاوی و بێ نانی و نامتمانەییدا دەگاتە دەروازەی مەرگ و لەناوچوون، لە ئاسمانەکانەوە فریشتەیەک دەبێتە فریادرەس و ئاو و خواردنی بۆ دەبات و ڕێنمایی دەکات تا بگاتە شوێنی ئارام. لایتۆن لەم تابلۆیەدا دیمەنێکی زیندوو دەداتە ساتەوەختی دابەزینی فریشتەی فریادرەس بەسەر جەستەی تێکشکاوی ئیلیا لە کاتێکدا ئەو بەسەر بەردەڵاندا کەوتووە.. نەک بە مەبەستی حەسانەوەو پشوودان؛ بەڵکو لە ڕووخساریدا نائومێدی گەورە دەردەکەوێت و بە هۆی تێکشکانەوە خۆی ڕادەستی قەدەری ڕەشی مەرگ کردووە. بەڵام فریشتەکەی سەری پڕە لە شەبەنگی نەمری و بە دوو باڵی جادوییەوە دەبێتە فریادرەس و بە گیانێکی پڕ لە میهرەبانی بۆی دەڕوانێت و شەرابی هەستانەوەی پێشکەش دەکات. لەم تابلۆیەدا پەیامی گەورەی خۆڕاگری و سەرکەوتن دەبینین، ناوبراو دەیەوێت لەڕێی ڕەنگەکانەوە زمانێکی تایبەت ببزوێنێت و کۆی بێدەنگییەکان لەو سنوورەدا قەتیس بکات، هاوبار دەیەوێت نائومێدبوون و خۆ سپاردنە مردن بە هەموو شێوەکانییەوە ڕەتبکاتەوەو ئاسۆبینی بەرفراوانتر لەوەی هەستی پێدەکەین ئاوێتە بە ڕۆحمان بکات و دونیایەکی جوانترمان پیشان بدات.

---

(*) فریدریک لایتۆن هاوبار ناسراوە بە بارۆن لایتۆن؛ پەیکەرسازو شێوەکاری ئینگلیز، لە ٣ی مانگی دێسامبەری١٨٣٠ لە شاری سکاربۆرۆی باکووری یورکشایەر لە ئینگلترا (شانشینی یەکگرتوو) لە دایکبووە، هەوێن و بەهرەی زۆربەی کارە هونەرییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆک و داستانەکانی ناو کتێبە پیرۆزەکان و مێژووی دێرینی شارستانییە دێرینەکان، یەکێک بووە لەو هونەرمەندانەی لە هەر سێ قوتابخانە هونەرییەکە (هونەری ئەکادیمی، قۆناغی بەر لە ڕافاییلی، بزووتنەوەی ئیستاتیکا) کەسێکی سەرکەوتووی بێ ڕکابەر بووە؛ لایتۆن لە لایەن کۆشکی شانشینەوە بە کەسێکی خانەدانی ناو کۆشک ناسرابوو. بە هۆی هونەرەکەیەوە بە چاوی ڕێزەوە بۆیان دەڕوانی و چەندین خەڵاتی ناوازەی پێ بەخشراوە وەک میدالیای شەرەف و خەڵاتی ڕیپا، بە ڕۆژێک بەر لەوەی بە شێوەی فەرمی بگاتە پلەی بارۆن لە ٢٥ ی کانوونی دووەمی ١٨٩٦ کۆچی دوایی کردووە.

چیرۆک

# دووبارە ئاقڵ هەر خۆمم

بەرزان بابە شێخ

کەرکووک

٢٠٢٢/٧/١١



کە هاتە ژوورەوە و بینیمی سەرەڕای ئەوەی کارمەندەکانی دەرمانخانە زۆر بووین، بڕوا بکەم بەس لە منی ڕووانی، منێک دەم و چاوم لە مانگێکی تابان دەچوو، کوژەکەی چاوانم سحرێک بوو، (سەدا)م زیاتر پیرۆزی دەکرد، سەرەڕای ئەوەی ئەم پێیدەوتم کچە ئاقڵەکە، نەیدەوت زیرەک. بەیانی بوو، سڵاوی کرد و تێکڕا لە بەری هەڵساین. دەمزانی ئێستا چی دەڵێ، وێڕای ئەوەی بۆ ساڵێک دەبوو، سەری بەم نەخۆشخانەیەدا نەکردبوو. ئەم کارمەندی ئێرە بوو؛ کۆن بوو، بەڵام بۆ شارێکی تر چوو، یەکسەرە دوای هەواڵ گۆڕینەوە وتی( دەزانن دەرمانخانەکە لە چاو جارانەوە زۆرڕۆشن بووە )، تێکڕا سەیری یەکمان کرد، بەڵام ئەم قسەی دڵی منی وت ( ئاخر کچە ئاقڵە کە ئەمڕۆ لە نێوتانە. دەستە خوشکەکەی نزیکم دەستیدایە سەر مێزەکە ( ئاخر پێم بڵێن ئەو کچە ئاقلە کێیە؟ ) ئەمیش لەسەر کورسییەکە ،وەک لێی دەڕوانیم بەوشەیەک ( ئایدیا). ئاخر بۆیە بەئاقڵ منی دەچووان ،ڕۆژێک لە مشتومڕێکدا زۆرێک لە کارمەندەکان ،دوای بیستتی قسەکانی کەوتنە ئەستەغفیرەللە و هەڵسان لە مەجلیسەکە ،تەنها من نەبێ، هەم لە خۆشیدا چاوەکانم ئاوی تێدا زا و هەم دەمویست لە گەردی هەناسەکانیدا،نزیک تر بام. ئاخر ئەو لەوێدا وتی ( کافر ئەوانە نین ، کە خودای هەموو کە سێک نابوود دەکەن، بەڵکو ئەوانەن کە قسەی خەڵک دەدەنە پاڵ وەهمێک کە ناویان ناوە خودا ، ئێوە بە خۆتان نامۆ نەبن، هەر کەسێکتان خودایە کە) کە ناوی هێنام دەمزانی زیاتر لە مانەوەی لەم بارە دەروونییەدا، دواتر لەبەر ئەوەی بۆ ساڵێکە لێم بزرە دڕکی نیگام لە دڕکی هەستەکانی گیردەبێ، نەشدەکرا ئەو دیوارەی لە نێوان نەست و فکرمدا هەیە بڕووخێنم. ئاراستەی قسەکانم گۆڕی هەڵسام دەستم دایە قۆرییەکە و لە کوشتنی پیاوەکەی دوێنی دووام. ،کە دوێنی شەو، بە دەستی ژنەکەی و دۆستەکەی ژەهر خوار کراوە، لە بری سوڕانەوە لە سەر من ،هەر کارمەندێک حیکایەتی لەو کابرایە دەگێڕایەوە تادەمێک من چایەکەم بۆی دانا، دەمزانی دوای چایەکە بەخاتری جگەرە، خاتر جەم دەخوازێ و ئەویش نەبێ شوێنی تر لە نەخۆشخانە کە زۆری تری مابوو ئەم سەردانی بکا چۆن چاوم لێکرد، هەروا بوو، بەڵام کە هەستا ڕووی کردە هە ئوومان ( ببوورن ، بە خودا ئێوە لای من ،تێکڕاتان بەوێنەی (ئایدیا) ئاقڵن هیچ فەرق و جیاوازییەکتان ناکەم ) کاتێ ئەم وای وت لیوانی چایەکەم لە دەم بوو ، دامنایەوە بە تووڕەیی یەوە پێم وت ئاخر تەنها کچە ئاقڵەکە منم، من ڕازی نابم ئەوانی تر بن !! کە وام وت وەک با لە ڕەشەبا بێتەوە، دوواتر وەک ترسێکی هەبێ لە وەڵامدانەوە ئاگام لێبوو ئاوڕی لە دەرگاکە دایەوە ،کە بینی والایە ، هەردو دەستی بەرزکردەوە ، وتی (خودا حافیز ئایدیا خۆمن خودا نیم ، جارێک یوسفی لە براکانی جیاکردەوە و کردی بە کوڕی دەستە بژێری یەقوب و خۆی ، جارێک عیسا، جارێک موسا، جارێک ئیبراهیم، جارێک ئادەم ، جارێک موحەمەد ، چۆن من خۆم بێئەقڵ دەکەم ئێوە هەمووتان دەستە بژێری منن و دواتر کە س ناکەم بە قوربانی ئەویتر هەمووتان ئاقڵ. زانیم بەرگەی هیچ وڵامێک ناگرێ. چونکە دەمزانی ئەقڵی ئەمان لە منالێکی نێرسسی سیانزە ساڵان دەچێ ، خودا حافیزیم لێیکرد. ئەوانی تریش بەوێنەی من وەک بێدەنگیان هەڵبژاردبێ. ئاوها ئەومان ڕەتکرد و خۆشمان کەوتینە ناو ژاوەژاوی ئەو گۆمەی کە ئەو، ئەو بەردەی تێدا فرێدا ، بەردێک کە پڕ بەدڵ ئەمنیش ئارەزووی فڕێدانی بووم

# چۆن تیشکی هەتاو بەدەست بهێنین

## کە لەکاتێکدا کۆشک و تەلاری بۆرژواکان بەری تیشکی هەتاوییان لێگرتووین!

شیعری : مەلا ڕێباز



ئەم کرێکارێکی ماندووی ڕەنجدەری زەحمەتکێش بوو .

دەسقلێشاوی ناو کاری تاقەت پڕووکێنی بێ سنوور بوو .

ڕەنگ زەردو لاوازی ڕێی کاری قورسی پڕ زەحمەت بوو .

بەری ڕەنجی ئەم زێدەبایی گیرفانی بەرەی سەرمایەداری چاو
چنۆکی تێر نەخواردووی هەڵپەکەر بوو .

ئەو کرێیەی ئەم لەبری کاری ماندوبووانەی ڕۆژ وەریدەگرت
تەنها هەرئەوەندەبوو لە دەستەوە بۆ دەمبێ .

بەبێ ئەوەی بتوانێ قرۆشێکی لێ پاشەکوت بکات .

شوێنی ژینی ئەم و خێزانەکەی کەلاوەیەکی نسرمی ژێر زەمینێک بوو

کە تیشکی هەتاو هەرگیز ڕێی پێ نەئەبرد بێت و دزەیەک بکاتە ناوی .

ئەمی پێکهاتووی شەش سەر خێزان ، خۆیی و هاوژینەکەیی و چوار منداڵ .

دوو کوڕو دوو کچۆڵەی نازدار . نازداری دایە و بابی

لەش پڕ ژان و ئازار . ئەم بێجگە لەوەی لە کورەی کاری بەرەی بۆرژووازیدا ڕەنجی ئەداو ئارەقی ئەڕشت ،

لە هەمان کاتیشدا هاوژینەکەشی جلشۆر و نانکەری ماڵی دەوڵەمەندە هەمیشە حەساوەکان بوو .

ئەمان لەم دەردو ژانەدابوون . سێ لە منداڵەکانییان بەهۆی نەخۆشی کوشندەوە بەدەم ژانی بێ پایانەوە
بەدوای یەکدا گییانییان سپارد .

لە چوار منداڵ تەنها یەک منداڵییان بۆ مایەوە .

ئەویش نەخۆش و دەردەدارو بێهێز بەدەم ئازارەوە ئەتلایەوە .

دوای ئەوەی بەدەردی سەری سەردانی لای چەند پزیشکێکییان پێکرد . هەر بێسوود بوو .

ئازارەکانی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئەبوو . هەتا دواجار پزیشکێک تیشکی هەتاوی بۆ نووسی .

پێیوت دەرمانی دەردی ئەم جگەرگۆشە تاقانەیەی ئێوە

تەنها و تەنها هەر تیشکی هەتاوە .

لەوەزیاتر هیچ چارەسەرێکیتری نییە .

ئیدی منداڵەکەیان بەدەم نووزانەوەی دەردی گرانەوە پرسی .

هۆ بابەگیان هۆ دایە گیان ، پزیشکە کە چی دەڵێ و

دەرمانی چی بۆ نووسیوم . ئەوانیش بە چاوی پڕ لە ئەشک و گەرووی پڕ لە گریانەوە

بە جگەرگۆشەکەیان وت(ئەی گیانی بابە ، ئەی گییانی دایە .

پزیشکەکە تیشکی هەتاوی بۆ نووسیوی . ئەڵێ دەرمانی دەردەکەی تۆ

تەنها و تەنها هەر تیشکی هەتاوە).

ئاخر ئەمان چۆن تیشکی هەتاو بە دەسبهێنن

کە لە کاتێکدا کۆشک و تەلاری بڵندی بەرەی سەرمایەدارانی سووک و ڕیسوا

بەری تیشکی هەتاوی لە خانووە نسرمەکانی کرێکان و ڕەنجدەرانی زەحمەتکێش گرتووە .

ئەمان لەم لێکدانەوانەدابوون دوا جگەرگۆشەشییان

بەدەم ژانی جگەر بڕەوە گیانی سپاردوو

بوو بە پەپوولەیەک و بۆ لای دوو خوشک و براکەتری .

گیانی پیرۆزی هەڵفڕی .

بەڵێ بۆ ئەوەی ئیدی منداڵە نەخۆشەکانی تری زەحمەتکێشانی ناو کاری تاقەت پڕووکێن

لەبەر دووربن لە تیشکی هەتاو نەمرن و

نەبن بە قوربانی خواست و ویست و حەزی

سەرمایەدارانی چاوچنۆک . وەرن با ئێمەی هەژارانی

ڕەنجکێش ڕیزەکانی خۆمان یەکبخەین

بۆئەوەی هەموو کۆش و تەلاری سەرمایەداران بڕووخێنین و ئەو بەربەستە کۆنکرێتییە لابەین .

کە بەری تیشکی هەتاوی

لە خۆمان لە جگەرگۆشەکانمان گرتووە .

دەی با ئێستا دەسپێبکەین

چونکە سبەی درەنگەو دوا دەکەوین .

ئێستا کاتێتی و کاتێتی و کاتێتی .

تێبینی : نووسینی ناو کەوانەکە بە دەسکارییەوە بە سوپاسەوە وەرگیراوە .ئەم نووسینەشم هەر لەسەر قەرەوێڵە بۆر نووسیوە . وێنەکەش خۆم و کاک عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵی شاعیری چەپی ڕەنجدەرانی زەحمەتکێشە .

گرێژنە

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەینووسێت



# زمان و شوناس

زمان و شوناس لە پەیوەندییەکی بەهێز دان لەگەڵ یەکتر و زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی شوناس. زمان کۆڵەکەی بوون و شوناسە. هەرچەندە زمان و شوناس یەک نین و جیان، بەڵام دەتوانین بڵێین کە زمان شوناسە بەڵام شوناس بەتەنها زمان نییە. پەیوەندی نێوان ئەم دووانە وەکو پەیوەندی نێوان تایبەت و گشتە. زمان تایبەتە و شوناس گشتە. زمان هەرچەندە یەکێکە لە گرنگترین و بەپیتترین و قووڵترین و ئاڵۆزترین پێکهاتەی شوناس. شوناسیش گشتگیرترە لە زمان. چونکە شوناس جگە لە زمان چەندین دەرکەوتەی تری هەیە. شوناس بریتییە لە یەکانگیربوون و ڕێکەوتنی ژیانی هاوبەشی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان. بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیاکان و بەرژەوەندییە چینایەتییەکان وەکچۆن دەبنە مایەی بەرجەستەبوونەوەی شوناسی کۆمەڵایەتی چینایەتی، بەوجۆرەش زمان لەو شکڵپێدان و بەرجەستەبوونەوەیە بێئەرک نییە. چونکە دروستبوونی شوناس بەشێکی گرنگە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی عەمەلی دەربارەی زمان و بیردۆزی زمان. گوتاری پێکهاتنی شوناس لە کۆمەڵگەی چینایەتی ، گوتارێکی سیاسی چینایەتییە و لە ڕێڕەوی ململانێی نێوان کار و سەرمایەوە شکڵ دەگرێ و زمانیش هەر لەم پرۆسەیەوە بەرۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی هەڵدەستێت. زمان و شوناس دوو خەسڵەتی ئینسانن چونکە ئەمە بەتەنها ئینسانە هۆشیاری هەیە و ئەمەش پەیوەستە بە عەقڵەوە. زمان ڕێگاکانی بیرکردنەوە و مێژوو و هەست و ئیرادە و حەز و خولیا و پەیوەندی نێوان ئینسانەکانی لەخۆدا بەرجەستە دەکاتەوە و شوناسیش ئەم ڕەگەزانەی لە کۆی پێکهاتەی خۆیدا هەڵگرتووە. بۆیە ئینسان لە جەوهەری خۆیدا هەم زمانە و هەم شوناسە. زمان بیرکردنەوە و ئاخاوتن و لەهەمان کاتیشدا ئینتمایە و هەر ئەم ڕەگەزانەش هەقیقەت و شوناسی ئینسانە. زمان و شوناس دوو دیوی یەک پارە بن یان سنگ و پشتی ئینسان بن، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە شوناس لەگەڵ مرۆڤ لەدایک نابێت و یەکجاریش پێکنایەت، بەڵکو پەیوەستە بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەوە. شوناسی ئینسانیش ڕەنگدانەوەی شوناسی کۆمەڵگەیە، یان بەشێکە لە شوناسی کۆمەڵگە. کۆمەڵگەش هەمیشە جۆرێک لە شارستانی لەخۆیدا بەرجەستە دەکاتەوە. کەوابوو زمان شوناشی شارستانییەتە. گەشەی زمانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆش گوزارشتە لە شارستانی مۆدێرنی سەرمایەداری. کۆمەڵگەی چینایەتی سەرمایەداری مۆری خۆی لە زانستە مرۆییەکان و بزاوتە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێبازە ئەدەبیی و هونەرییەکان و تەنانەت لە زمان و شوناس و پەیوندییەکانیشیان دەدات. بەهێزبوونی زمان لە هەر بزاوت و کۆمەڵگەیەک ئاماژەی بەهێزبوونی شوناسی شارستانی ئەو کۆمەڵگەیەیە. زاڵبوونی هەر چینێکی کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵگە؛ گرەنتی ڕاپێچانی تەواوی بزووتنەوە مەعریفییەکانە لە بەرژەوەندی چینایەتی ئەو چینە و بە زمان و شوناسە چینایەتییەکەشییەوە.

# ژاکین




شیعری : ستار ئەحمەد

ئەگەر مردم؛ چرایەک لەگۆڕەکەم وەردەن
بەڵکوو بەگڵ داگیرسێ
هەتاو ڕاسپێرن؛ بەتیشک تەلقینم بنووسێ
ڕادەستی گوڵم کەن
هەنارێک لەژوور سەرم بنێژن
لەمێو ڕایەخ و
بەزەیتوون کەپرێکم بۆ سازکەن
کەچوونەوە لەنیشتمان بپرسن
نان بۆ پەنجەی پێشمەرگە ناناسێ
شەهید چۆن لەشیعرا لەدایک دەبێت
سەربدەن لەشوێنی میرەکان
بپرسن بۆ ماڵیان هێند دوورە
چەند دەرگا دەروونی حەوشەیان ڕادەگرێ
چۆن قەڵەم لەگڕی گوللەیا دەمرێ
گەر ڕۆژێک ڕێگەتان لێتێکچوو
بەردەکەی سەر کێلم
ژوانگەی هەنگاوتان بدوێنێ
لەگوڵ و ڕووناکی رامێنن
بزانن ئێوەش
لەمەزەی تەلارا دەمێنن
بپرسن لووتکەکان
وەک من و قەڵەم و شاعیران ڕووتەڵەن
یان گەرم و جوان و بەچێژن
چوون نان و خاک و ژیان و کۆشی ژن
ئاوازێک وەک شەوبا ڕۆحتانی تەنی
بەستەیەک هەناوی خەمتانی ژەنی
ڕێبەرێ لەدەرگەی تەمەنی
سروشتا ڕاوەستن
چەپکێک شیعر
سفرەیەک نان
بادەیەک خۆڵ و
گیرفانێک بێپارە
لەکەمەر ببەستن
چاوەڕێی مەرگ بکەن
بۆ بەژنی هەڵالە
ڕەشەباو مانگ و خۆر
بەدوای ئەستێرەکانا
بەرەو ژوور سەرکەون
تێبگەن لەعومری ڕەهابوون
لەزاری لێشاوو سنوورو لەناوچوون
هەر کاتێک شنەی با گڕی گرت
زەمین داخزا ئاسمان ڕووخا بەنەرمی دانەوێن
بۆ سۆزی خودایەک
بۆ ڕۆحی من و تۆ دەبێتە هەوێن.

# گوڵ و چاوەڕوانی

شیعری : تەلار تاهیر



چەن جوانە کاتێ گوڵ جوانی خۆی ئەنوێنێ
هەستی ناسک حزوور بۆ جیهانی ناخی دڵ و دەروونی
ئینسان دێنێ
خۆشم نازانم ئاخۆ ئەو گوڵە لە دایکبووی چ وەرزێک بێ
وا جوانییەک لە هەستەکانم ڕادەبەدەر هەموو ناخم ئەبزوێنێ
ئەوە چ گوڵێکە هەستی خۆشەویستم ڕادەماڵێ و
بڵێسەی چ ئاگرێکە دارستانی خۆشەویستم ئەسووتێنێ
گوڵێک چیرۆکی ژیانم دەڵێتەوە
ڕازێک دەکاتە میوانی شیعر و چرای تەنیایم گەش دەکاتەوە
نازانم مۆمی داگیرساوی تەمەنم لە چ ژوورێکی تاریکی غوربەتە
وردە وردە بەبێ هۆ دەتوێتەوە
ڕێگای چاوەڕوانی حەزەکانم قەد نابڕێتەوە
زۆر دەترسم پێش خۆر هەڵاتی خۆری خەندەی بەختەوەریم
قەدەر بەخەبەرم بێنێتەوە
شەمەندەفەری چارەنووسیشم لەم سەفەری چاوەڕوانییەم
بەرەو پیری مەرگم بەرێتەوە

# هاوڕێکەم



(بۆ مەرگی ناوادەی یوسف ئاودەل)

شیعری : بەختیار محەمەد

هاوڕێ ئازیزەکەم
بە هەژاریی و بە کەللەڕەقیی ژیا.
هاوڕێ هاوپیشەکەم
کۆرۆنا کوشتی
ئەو خەڵکی تەیراوە بوو
ئەو نەیتوانی هەرگیز ئەوێ
بە جێ بهێڵێ
وەک بڵێی درەختێکی
باخچەی (کورد و عەرەب) بێ
ئاوا هەژاریی و تەیراوای
خۆش دەویست.
ئەو هەمیشە بە پێ ڕێی دەکرد:
نە ئۆتۆمبێلی هەبوو
نە بایسکیل...
ئەو ئیماندارێکی کەللەڕەق و
سەرڕاستیش بوو
هەرگیز درۆی نەدەکرد
ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ
کە منی زۆر خۆش دەویست
چونکە منیش
- وەک ئەو هەموو جار دەیگوت -
مارکسییەکی کوڕە هەژاری
وەک ئەو سەرڕاست بووم
ئێمە هەردووکمان
دوو درەخت بووین
لە درەختە بێنازەکانی
باخچەی کورد و عەرەب
دوو درەخت لەوانەی
کە عەشقی وشەی کوکوختین
لێ مخابن ئەی هاوڕێ هەژارەکەم،
بەرلەوەی جارێکی دیکە بتبینمەوە
کۆرۆنا کوشتتی
ئێستاش لە هەموو وەختێک زیاتر
بیرت دەکەم:
بیرکردنەوە لە سەردەمی شکۆی هاوڕێیەتی.
ئاخ! ئەی هاوڕێ خواناسەکەم،
چەند بە سوێ بوو ئەو مەرگەی،
کە نەیهێشت– جارێکی دیکە - ماڵئاوایی لە یەک بکەین!

یوسف ئاودەل هاوڕێیەکی کۆتایی ساڵانی دەیەی هەشتام بوو، هەر ئەو ساڵانەش لە پەیمانگای پزیشکی بەغدا پێکەوە قوتابی بووین؛ ئەگەرچی ئەو گەنجێکی ئیماندار بوو، منیش گەنجێکی خوێنگەرمی عەلمانیی و مارکسیی، بەڵام پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆحیی یەکجار خۆش و پتەومان لەگەڵ یەکدا هەبوو، پێوەندییەکە بووبووە پێوەندییەکی خێزانییش و بەردەوام سەردانی ماڵی یەکترمان دەکرد و هەردوولا بووبووینە دۆست و ئاشنای نزیکی ئەندامانی خێزانەکانی یەکتریش، کە ئەوسا ئەم جۆرە پێوەندییە لە نێوان هاوڕێکاندا زۆر باو بوو. بەداخەوە بەستر پێرار (لە ئابی ٢٠٢٠) کۆرۆنا (پەتای ڕەش) کوشتی. ئای! چەند زوو مەرگت بووە سێ ساڵ ئەی هاوڕێ کەللەڕەقە کلۆڵەکەم!

# ماڵئاوا

شیعری : تاڤگە سابیر



دەڕۆیت و ئیتر ماڵئاوا
لە پیاوی بەردەم پەنجەرە ئەبەدیەکان
ئەو پیاوەی دەستەکانی مشتێ باران هەڵناگرن
خەو بە هیچ ژنێک نابینێ
ئەو بێ گوناهەی نیشتمان نییە
ئەو پیاوەی خەونی زڕاوە تا ئەبەد...!
دەڕۆیت و لە نێوان شار و هێمنیدا
لەنێوان نیازو مردندا
سەیری ئەو کۆشکە بێ حورمەتانە کە پڕن لە فاحیشەی نوستوو
سەیری ئەم ساختومانە بێ پەنچەرانە کە
سەیری ئەو گوڵانەکە لە تەنیایی عاشقەکاندا نووستون
ئەو گوفەکانەش ببینە پڕن لە باڵندەی جێماو..!
لە سەفەری هەور بۆ دوورترین گوناهە گوناه
تا چاو بڕ ئەکا هەر پیاوێکەو هیچ سۆزو عاتیفە یەک نابینی
تاچاو بڕ ئەکا هەر دارستانەو هیچ جریوەیەک نابیستی
تاچاو بڕ ئەکا هەر ئاوێنەیەو کەس بە ڕوخسارێک ڕازی نییە
عاشقەکان لە یەکدی ون دەبن
هاوڕێکان لە یەکدی دەتورێن
کەچی کەس لەو گۆڕستانە خەستەدا مردووی خۆی لەیا ناکات و
کەسیش مردووی لێ ون نابێت
من لە تۆ و تۆ لە من
بە دوو باڵی شەڕفرۆش و بە دوو دەستی گوناهبارەوە
ئەو خانووەشمان بەجێهێشت
تاوێک سەبووری تەنیایمان بوو
ئەو پیاوە جارسەیە خەو بردەریایەکەوە دەبینێ
دوورترین ئاو لە مەرگ ،
نزیکرین،ڕوونترین پەنجەرە لە یەقین
ئێستا ماندووترین کەس لەمن ئەو ڕێبوارە تاقە نەیە
مانگی دەوێ بۆ ژوورەکەی و
ماڵی کردنی خەیاڵی هەموو ڕۆح لەبەرەکان و
سەفەر کردن لەگەڵ ئاودا
تا کۆتایی ڕەشبینی درەختە پیرەکان
ئێستا لە من عاشق تر ئەو کەسەیە هەموو چراکانی هەڵکردبێت و
سەروەری باخچەکان بکات
ئەمیری کوڵان و چرپەی بیابان و دوا وەنەوزی گەڵاکان بێت
هەموو شەوێک بچێتە سەر بەرزترین لووتکە ئومێدو
هاوار بکات : منم نورانیترن پیاوی ئەم وێرانەیە
دەنگی ئاوەدانی ئەم دارستانە بێ خاوەنە منم
ڕێگەی نیشتمانە ئەبەدییەکان دەزانم
دەرگای خەیاڵەکانی ئێوە دەکەمەوە
بەباوەش ڕووناکی بەسەر منارە خامۆشەکاندا دابەش دەکەم
عاشقترین کەس لەمن ئەو پیاوەیە
لەسێبەری گۆرانییەکاندا گوڵی نووستوو،
ڕاهیبەی تەنیاو ئاوی سەر هەڵگرتوو.

## چیرۆکی زۆر کورت

# گوڵی سیاسی



جەمال کۆشش

ناوەڕاستی ئۆکتۆبەر ٢٠٢٣

-ئادەی نەشمیل لەگەڵ نێرگز وهەڵاڵە بچن، باقە گوڵێکی جوان وهەمەڕەنگی تایبەت بکرن.

-جا بۆ تایبەت و هەمەڕەنگ؟ ( چاوی چەپی دادەگرێت)

کۆنگرەی ئەوەل وئەخیر دەستی پێکرد ونوێنەران و میوانان وتەکانیان خوێندەوە. دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە بەسەر پەرشتی کاک تەیب عەبدولقادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ولێپرسراوی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی حزب بەیاوەری سەرکێش ئاکتیفست و عولەی هەڵاڵە بەرنامەکانیان بەڕێوەدەبرد.

بەرنامەی ڕێکخراو، دامەزراندنی کۆماری فردەوسی یۆتۆپیا، بە خوێندنەوەیەکی سەرپێی لەلایەن تێکڕای ئامادەبوانەوە، بەیەک دەنگ ممانەعە، پەسەند کرا.

کێشەی یەکجار گەورە لە پێڕەوی نێوخۆدا تەقیەوە،تا تەلەفۆنی بەڕێز سەرۆکی مەرجەعی گشتی دیوانی کۆمسیۆنەکانی حزب، مافەکانی نوسینی پیتەکانی بەگەورە یان بەبچووکی یەکلایی کردەوە . دەنگدان کرا وپێشتر لە هاوڕێ هیوای بەخت ڕەش تێگەیەنرابوو کەخۆی بۆ بەڕێوەبەری گشتی شانە سەراسەرییەکانی جیهان دوبارە کاندید نەکاتەوە. دیار بوو ئەویش لەبەزمەکە حاڵی بوو.

سەرکێش ئاکتیفست تا توانی بە لێهاتوویی وبەهرە خۆڕسک وخۆشەویستیە کۆمەڵایەتیەکەی هاوڕێ هیوای بەخت ڕەش دا هەڵیداو وەک سەرۆکی نوێ چەپکە گوڵی ماڵئاوایی لە پۆستەکەی پێبەخشی و لەنێو چەپڵەڕێزانی ئامادەبواندا، جگە لە سینە چەمینەوەیەک ڕوو بە ئامادەبوان ودۆشدامان بە گوڵەکانەوە ، دەتوت نتقی گیراوە،ئەو هیوایەی ڕێگای بەکەس نادا، یەک قسەشی نەکرد .

ڕاگەیاندنی سەرکوتوانەی کۆنگرەکە لە مەتبەغەکەی ماڵی تەیب عەبدولقادردا نوسرایەوە کە زۆرێک لە هاوڕێیانی مەکتەب سیاسی داوەت کرابوون.

# زۆرێک لەوانەی لە بواری ئەدەب و هونەر و بیر و سیاسەتدا کاردەکەن، خاوەن پەیامی ڕەخنەگرانە و مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانە نین؟!

عەلی محەمەد ئەمین



لەبارودۆخێک دا کە زۆرێک لە خەڵکی بەجیاوازی چین و توێژیانەوە لەژێر ستەم و نادادیدان، نان لە گەروی شێردایە و بەئاسانی بەرماوەکەشی جگەلە داروودەستەیەکی تایبەت نەبێ ڕووناکاتە کۆشی خەڵکانێک کە ژەمێ نانی تێروتەسەلیان دەستناکەوێ تا هەموو ئەندامانی خێزان لێی بەهرەمەندبن، گوزەرانی شایستە بۆ لاوان، کە توێژێکی بەرینی کۆمەڵگان لە ئارادا نیە، بەتایبەت کە هەزارەهایان ئامادەییان هەیە بۆکار، کاریان دەسناکەوێ و ئەگەریش دەستیان کەوت، ئەوا ناتوانن پێداویستیە سەرەتاییەکانیانی ژیانی پێ دابینکەن، مووچەخۆرانیش لە هەلومەرجێکی گەلێک خراپدا ژیان دەگوزەرێنن و بەچەند مانگ ئەگەر مووچەیەکیان بدەنێ، نان و خۆراک و دەواو دەرمان، جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی ... بەگران دەستدەکەوێ و ئازادییە سیاسی و مەدەنیەکانیش، هەردەم لە بەر پەلامار و هەڕەشەدایە و تەنانەت لەناو حیزب و ئۆرگانەکانیش دا نزمترین ئاستی ئازادی بیر و بۆچوون پەیڕەو دەکرێ.

بەڵێ لەوەها بارودۆخێکدا، بێدەنگی لە ئاست هەموو ئەمانەدا کارەساتە، نارەزایی دەر نەبڕین حاشاکردنە لە مرۆڤبوون، لە کەسێتی بەرپرسیار .... بەتایبەت بۆ کەسانێکی خاوەن بەهرە، ناسراو، خۆ بە نووسەر و ڕۆشنبیرزان، هونەرمەند و شاعیر و توێژەر و دادوەر و خۆ بە سیاسەتمەدارزان.... جێگای نیگەرانییە برێکی زۆر لەمانە، نەک ڕۆڵی پێشڕەو و ڕابەر و ڕێکخەر و گۆبەند... نابینن، بەڵکو ئەگەر دەربار نەبن و دیوەخانی بەرپرسان گەرموگوڕ نەکەن، دەست بەکڵاوەکەی خۆوە دەگرن، کورد وتەنی نەبا ئارداوی ببن و حیزب و دەسەڵات لێیان بڕەنجێ و پاروی دەمیان لێ بفڕێنرێ.

زۆرێک لەوانەی لە بواری ئەدەب و هونەر و بیر و سیاسەت دا کاردەکەن. با بەهرە و توانا و سەلیقە و شارەزاییشیان هەبێ، بەڵام هەرهەموو ئەوانە، خاوەن پەیامی مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانە نین، خۆ هەندێکیان ئەگەر بشبن، خوانەکات لەبەرامبەر ئەو هەموو نە هامەتییانەی کە سەرەتا ئاماژەمان پێدا، هەڵوێستێکی ڕوون و کاریگەریان ببێ و دەسپێشخەر و پێشڕەوبن لە ڕەخنە و تێکۆشان و نارەزایەتیەکاندا، هێندەی وێڵن بەدووای خۆناساندن بەدوای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، یابە دووای خەڵاتی ڕێزلێنان و پلەوپایە و پۆست، هێندە بەتەنگ فشاردانان لەسەر دەسەڵاتدارێتی ستەمکار نین، هێندە لە خەمی پاراستنی ئارامی و ئاسایش و بەدیهێنانی ئازادی و دادوەری کۆمەڵایەتیدا نین، خوازیاریشن خەڵکی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا چەپڵە ڕێزانیانکەن، لە پارک و شوێنە گشتیەکاندا پەیکەریان بۆ دابتاشرێ، بەرهەمەکانیان بە جوانترین شێوە لە چاپ بدرێ و ئەرکی ئەم دەرچوون و بڵاوکردنەوانەش، دەزگایەک، بەرپرسێکی سیاسی، سەرمایەدارێک لە ئەستۆی بگرێ.

هەر هەموو ئەوانە نەک هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن، بەڵکو لێی ڕادەکەن، لەم نێوەش دا هەندێک هەن، لەلایەک بە وشە هەندێ سوکە ڕەخنە و گلەیی لە دەسەڵات و حزب دەگرن. ئەویش نەک لە دیدی بەرژەوەندی خەڵکەوە، بەڵکو زیاتر لە دیدی بەرژەوەندی خۆیانەوە،

بەوەی کە دەسەڵات پارەوپولی زۆر و پاروی چەوریان ناداتێ و ئەرکی لەچاپدانی بەرهەم و چاپکراویان ناگرێتە خۆ و زەوی و شوقە و کۆشک و تەلاریان پێ نابەخشێ و هاوچەشنی ئەندام پەرلەمان و خانەنشینە پلە باڵاکان ڕەفتاریان لەگەڵ ناکات، دەشیانەوێ بەم گلەیی و ڕەخنە سادانە لەلایەک دڵی دەسەڵات لەخۆیان زویر نەکەن و لە بەخششیان نائومێد نەبن و لە لایەکی تر خۆیان بە خاوەن هەڵوێست و داکۆکیکار لە گەل و کێشە ڕەواکەی؟! لە قەڵەم بدەن و لەناو نارازیاندا شوێن و مەکانەیەکیان هەبێ، بەڵکو ڕۆژێ لە ڕۆژان وەک ئەوانی دی ببنە ئەندام پەرلەمان و وەزیروگزیر، جا هی کوردستان یا عێراق بێ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە مانگانە چەند ملیۆنێ پارەی مفتیان دەستکەوێ و لە ڤێلا و باڵەخانەی چەند نهۆمی و خەرجی تێچوونی سەفەری ئەم و ئەو وڵات بەهرەمەندبن.

دیارە هەموو ئەوانە ناکاتە ئەوەی بڵێین لێرە و لەوێ هیچ کەسێکی نووسەر و بەهرەمەند و دیار لە گۆڕەپانەکەدا نییە دەربەست و بەرپرسانە نانووسێ و هەڵناسوڕێ، بەڵێ کەسانێکیش هەیە، گەرچی کەم و دانوسقەن، هەر ڕیزکردنی وشە و ڕەچاوکردنی ڕیتم و کێش و سەروایان پێ گرنگ نییە، ئەوەشیان زۆر بەلاوە گرنگە کە چی پێویستە بڵێن، چ پەیامێ بگەیەنن، ئەو پەیامە تاچەند لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی زۆرلێکراو و ماف پێشێلکراودا دێتەوە، هاوکات ئەمانە وێرای ناوازەیی بەرهەمیان، خاوەن قسە و بۆچوونی خۆیانن، ئەمانە هەمم و خەمیان پارەوپولی مفت و دەسکەوتنی پلەوپایە و پۆست نییە. بەڵکو لە هەرکوێ ستەم هەبێ، دەنگ و ڕەنگی ئەوانی لێیە و بەشدارن لە نارەزایەتی، لە پێشەنگایاتی و باکیان نە لە نیگەرانی دەسەڵات و نەلە توندوتیژی دەست و پێوەندەکانی و نە لە گازی فرمێسکرژێن و نەلە بۆکس و شەق و زلە بەندیخانە و سزا سەپێندراوە نادادوەریەکانی دەسەڵاتداران هەیە و هەرگیزاوهەرگیز ئامادەنین بۆ پاروە نان و لوقمەیەکی چەور و پلە و پایە و پۆستێ ڕێ و شوێنی خۆیان بگوازنەوە و بە پاساوی جۆراوجۆر دەستەملانی دەسەڵاتبن.

١٠ / ١٠ / ٢٠٢٣

## شەپۆلێکی بەرفراوان لە خۆپێشاندانی مامۆستایان زووربەی شار و شارۆچکەکانی داگرتەوە ...پاشماوە

ڕێگەیەوە زیاتر لە نۆ ساڵە ئازارمان دەدات، هەر بۆیە ئێمەیش هیچ متمانەیەکمان بە ئەم دەسەڵاتە نەماوە، سەبارەت بە داواکانی ئێمە ئەمانەن، دامەزراندنی وانەبێژان، ٣٠ ڕۆژ جارێک مووچە ئەویش لە بەغداوە، مووچەکانی مانگی هەشت و نۆ و دە، و دەسپێکردنەوەی پلە بەرزکردنەوە.

ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین پێویستە هەمیشە پشتگیر و پشتیوانی یەکتر بین، دیارە لەگەڵ پێدانی موچەی مامۆستایان و چاککردنی دۆخی مووچەخۆراندا بازاڕیش گەرم دەبێت و کاسبکاران و بازاڕیش دەبوژێتەوە، چونکە لە کاتی قەیراندا تەواوی بازار تووشی شکست دەبێت هەر وەک ئێستا چۆن دوکاندا و کرێکار و خاوەن کارەکان تووشی زیانی گەورە بوون، هیوادارم بۆ جاری داهاتوو بۆ خۆپیشاندانی داهاتوو تەواوی چین و توێژەکان بەشدار و هەماهەنگ بن وە لەگەڵ ئەوشدا ئێمە دڵنیاتان دەکەینەوە کە بەردەوام دەبین تا تەواوی خواستەکانمان دەهێنینەدی.

شەماڵ ڕەئووف: بزووتنەوە جەماوەرییەکان زادە و هەڵقوڵاوی کۆمەڵێک گرفتی ئابوری و سیاسیین



ڕەوت: سەرەتا خۆشحاڵین کە دیمانەیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ مامۆستا شەماڵ کە یەکێکە لە هەڵسوڕاوە خۆشەویست و جەماوریەکانی شاری (کفری) ساز دەدەین.

مامۆستایانی نارازی خۆپێشاندانێکی گەورەیان ئەنجامدا لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکان، ئەمە نمایشێکی جەماوەری بەهێز و گەورە بوو کە تەواوی (زۆنی سەوز) ی گرتەوە، دەپرسین هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم بزوتنەوە چیە؟

شەماڵ ڕەئووف: بزووتنەوە جەماوەرییەکان زادە و هەڵقوڵاوی کۆمەڵێک گرفتی ئابوری و سیاسیین، سەرەتا تاکی وشیار و ئەو توێژانەی وەک مامۆستایان کە توێژێکی هۆشیارن درک بە گرفتەکان و مەترسییەکانی دەکەن کە ئێستا هاتووەتە مەیدانەکە، لایەنە ئیجابییەکانی ئەم بزووتنەوە و ئەم خۆپێشاندانەی مامۆستایان بریتین لە یەک هەڵوێستی، بەردەوامی، نەترسان، لێرەدا مامۆستایان وێرای خەباتەکەیان بەم خۆپێشاندانە دوو وانەی گرنگ پێشکەش دەکەن، وانەی یەکەمیان بۆ قوتابییانە کە ئایندەی کۆمەڵگان و هەر لە ئێستاوە پەروەردە دەبن بۆ خەبات و چاو لە مامۆستاکانیان دەکەن بۆ گۆڕانکاری، وانەی دووەم بۆ هەموو کۆمەڵگایە کە دەتوانن هەموان وەک مامۆستا بێنە مەیدان و خەباتێک بکەن.

گرفتی گەورەش لە پێش ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە، ڕێگرییەکانی بەردەم ئەم خەباتەیە لە ناوچەکانی تر (هەولێر، دهۆک) کە بەبڕوای من ئەگەر وا نەبوایە گۆڕانکاری باش ڕووی دەدا.

# بەرگریکردن لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر

ئازاد ئارمان







گەورەترین و مەزنترین وەرچەرخان لەسەدەی بیستەمدا ڕووودانی (بەرپابوونی) شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو لە (٢٥) ی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧)دا لە ڕوسیا، بەڕێنمایی و ڕێبەری بەلشەفیەکان.

(١٠٦) ساڵ لەمەوبەر لەسەردەمانی جەنگی جیهانی یەکەمدا (جەنگی وڵاتە ئیمپریالیستییەکان) بۆ دووەمین جار دوای کۆمۆنەی پاریس چینی کرێکارانی ڕوسیا دەسەڵاتی سیاسیان گرتەدەست و شوراکان بوون بە شێواز و ئۆرگانی دەسەڵات لە ڕوسیادا.

لە شۆڕشی شوبات (فێبریوەری)ی، ساڵی (١٩١٧)دا، بۆرژوازی ڕوسیا بەهەموو شێوەیەک تێدەکۆشا و هەوڵیدەدا ئەلگۆی سیستەمی پەرلەمانی بکاتە ئەڵتەرناتیڤ لە بەرامبەر دەسەڵاتداری شورایی، کە ئەو کاتە دەسەڵاتی دوولایەنە لە کایەدا بوو. هەم بۆرژوازی خاوەنی هێز بوو هەم چینی کرێکاران، هەرگیز ئەم هەلومەرجە نەدەکرا ئاوا درێژەی هەبێت. سەرەنجام دوای ململانێیەکی زۆر چینی کرێکاران لە ڕوسیا توانیان بەتەواوەتی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرن و ئەڵتەرناتیڤی بۆرژوازی تێکبشکێنن.

فلادیمێر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ (لینین) هەڵکەوتووترین سەرکردەی شۆڕشی ڕوسیا، بەم پەیامە بانگەوازی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕاگەیاند: "نان، ئاشتی، زەوی، گشت دەسەڵات بۆ شوراکان" کە دواتر بوو بە دروشمی ملیۆنەها مرۆڤی کارگەر و ڕەنجدەری سەرتاسەری ڕوسیا. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرنامە داڕێژراو بوو لەچاو شۆڕشی شوباتی هەمان ساڵدا، کە شۆڕشێکی بەرنامەداڕێژراو نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی خۆرسک بوو، هەروەکو کەسایەتی دووهەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لیۆن ترۆتسکی دەڵێت: (هیچ کەس نەبوو بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ بەبیریدا بێت کە (٢٣)ی شوبات خاڵی دەست پێکردنی وەرچەرخان پێکدێنێت دژی حوکمی موتلەق.) بەڵام بە پێچەوانەوە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرنامەداڕێژراو و بە پیلان بوو. بەلشەفیەکان هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ کرێکاران و جوتیاران و دەریاوانان بە ستراتیژ و تاکتیکی دروست توانیان بە تەواوی سەرکەوتن بەدەست بێنن و دەسەڵاتی شورایی لەسەرتاسەری وڵات ڕابگەیەنن. ئەم ئەرک و داخوازی یانەی جێبەجێ کرد، کە ئەو سەردەمە بە بەراورد لەگەڵ پێشکەوتووترین دەوڵەتی سەرمایەداری مۆدێرن بێ وێنە بوو. کە بەشێکیان ئەمانەی خوارەوەن:

- کارگەو کارخانەکان لەلایەن شوراکان کۆنترۆل کران و بەڕێوەدەبران.
- زەوی ئاغاکان و کۆڵاکەکان دابەشکران بەسەر جوتیارانی هەژار و کەم دەرامەت.
- نەتەوە چەوساوەکان بەمافی دیاری کردنی چارەنووس گەیشتن.
- ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی دابین کرد بۆ ژنان. لەوانە: مافی جیابوونەوە، مافی ئازادی لەباربردن بۆ ژنانی دووگیان. (کە بۆ یەکەم جارلە جیهاندا بەڕەسمی ناسرا)، ئێستاش لەزۆربەی وڵاتانی جیهان نایاساییە.
- دەستبەجێ و یەک لایەنە شەڕی ئیمپریالیستی (جەنگی جیهانی یەکەم)ی ڕاگرت.
- لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی سۆڤیەتیدا هەموو سات و سەودایەکی بەنهێنی و تەواوی پەیمانانمەکانی پێشووی هەڵوەشاندەوە.

هەر لەسەرەتای دەسەڵاتی شوراکانەوە، لە دوای ساڵی (١٩١٨)دا پارتی بەلشەفیک و حکومەتی کرێکاری تووشی قەیرانی ناوخۆ و دەرەکی هات، گەورەترینیان جەنگی ناوخۆ و هێرشی وڵاتە ئیمپریالیستییەکان بوو. ئەوەبوو سەرکردایەتی پارتی بەلشەفیک چەندین شێواز و تاکتیکی جۆراوجۆریان دارشت بۆ ڕزگار بوون بەسەر ئەم گیروگرفتانەدا. بەتایبەتی دەور و نەخشی ڕێبەرانی وەکو لینین و ترۆتسکی. لەوانە: پێکهێنانی سوپای سوور، سیاسەتی نیپ، کۆمۆنیزمی جەنگی و دەست نیشانی کردنی خەتەری سەرهەڵدانی بیروکراتیزم و ..هتد.

دوای مەرگی لینینیش لە ساڵی (١٩٢٤)دا هەرچی زیاتر بیروکراتیزم لەناو دەوڵەتی کرێکاری و پارتی بەلشەفیک بەهێزتر بوو، کە لەلایەن فراکسیونی ستالینەوە ڕێبەری دەکرا. لە دوای ساڵی (١٩٢٨)دا چینی کرێکاران بەتەواوی دەسەڵاتیان لەدەستدا و چینێکی مشەخۆر هاتە سەر دەسەڵات و بەرە بەرە بوو بە ڕرژێمێکی سەرمایەداری دەوڵەتی. لەژێر دروشم و تیزی "بنیاتنانی سۆسیالیزم لەیەک وڵاتدا" گەورەترین گورزی دا لە بزووتنەوەی کرێکاران و سۆسیالیستی لەئاستی جیهاندا بە دیاریکراویش وڵاتانی وەکو: ئەلمانیا، ئیتالیا، بولغاریا، چین. لەدەیەی بیست و سییەکانی سەدەی بیستەمدا.

بەشێک لە گرنگترین هۆکارەکانی شکستی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەمانەبوون:

- قەتیس مانەوەی شۆڕش لەڕوسیا
- سەرنەکەوتنی شۆڕش لە ئەلمانیا و ئیتالیا و بولغاریا.
- شەڕی ناوخۆ و ئابلوقەی وڵاتە ئیمپر یا لیستە کا ن .
- لەدەست دانی بەشێکی زۆر لە کادر و ڕابەرانی کرێکاری لەسەردەمانی جەنگی ناوخۆدا.
- بەهێزکردنی ناسیونالیزم لەبەرامبەر ئە نتە ر نا سیو نا لیز م .
- کوشتار و لە ناوبردنی زۆربەی زۆری ڕابەرانی پارتی بەلشەفیک لە لایەن ستالینەوە.

لە بەرامبەر سیاسەتی دژە کرێکاری و سۆسیالیستی باندی ستالیندا ئوپۆزسیونی چەپ بە ڕێبەری لیۆن ترۆتسکی هەر لە سەرەتاوە دەورێکی بێ وێنەیان گێڕا. لە ڕیسواکردنی ڕژێمی ستالینی و نیشاندانی جیاوازی یەکانی نێوان ستالینزم و بەلشەفیزم، کە لیۆن ترۆتسکی کاتی خۆی بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: "ئەو جیاوازی یەی لەنێوان بەلشەفیزم و ستالینزمە نەک هەر دیواری خوێنە، بەڵکو ڕوباری خوێنە". هەروەها لەکۆتایی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەمدا سۆسیالیستی شۆڕشگێڕی بەریتانی تۆنی کلیف لەسەر شانی تیۆریی یەکانی لیۆن ترۆتسکی توانی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مارکسیستی ڕۆشنتر بکات لەسەر ڕوسیا و ڕژێمی ستالینی و دوای نیو سەدە لەسەر کارەکانی تۆنی کلیف مێژوو ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونەی سەلماند کە بە تیۆریی "سەرمایەداری دەوڵەتی" ناسراوە. ئەم وتە بەناوبانگەی لیۆن ترۆتسکی مان بەبیر دێنێتەوە کە کاتی خۆی بەرامبەر ڕژێمی ستالینی دەربڕیووە کە دەڵێت: "تۆڵەسەندنەوەی مێژووی زۆر بەهێزترە، لەتۆڵەی سکرتێری گشتی".

## شۆڕش لە سەدەی بیست و یەکەمدا

بەراورد کردنی جیهانی ئەمرۆ لەگەڵ سەردەمانی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، جیاوازییەکی گەورە و زەق بەدی دەکەین. لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە چ لە ئاستی ڕوسیادا چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا. لە ڕووی چەندایەتییەوە ئەمرۆ ژمارەی چینی کرێکارانی قاڕەیەک زۆر زیاتر و بەرفراوانترە لە ژمارەی چینی کرێکارانی هەموو جیهان لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئەو کاتەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری تیایدا بەرپابوو. هەروەها کێشە ئابووری سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەراورد ناکرێ لەگەڵ سەدەی ڕابردوودا، ئێستا ئەم کێشانە و چەندانی تر ڕوو لە هەڵکشانی تیژە. لەبارەی پارسەنگیشەوە جێگای چینی کرێکاران لە چاو توێژەکانی تری کۆمەڵگا وەکو جوتیاران زۆر زیاتر و بەهێز ترە و دەیان هەزار کرێکار لە یەکەیەکی بەرهەمهێناندا کار دەکەن، لەباری بێکاری هەژاری و جەنگیشەوە کۆمەڵگای سەرمایەداری قەیرانی زیاتر و چەند بەرابەرە.

ئەگەر بەدیاری کراویش بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، ئایا شۆڕش لەسەدەی بیست و یەکەم دا ئیمکانی هەیە؟ وەڵامەکەی بەدڵنیایی یەوە بەڵێیە. ئەرێ بەرپابوونی شۆڕش لەجیهاندا حەتمییە، بەڵام سەرکەوتنی حەتمی نییە، ئەویش بەو دەلیلەی ئەزموونەکانی (١٥٠) ساڵی ڕابردوو لە چەندین وڵات نیشانی داوە بەبێ بوونی "پارتی شۆڕشگێڕ"ی جەماوەری بەرفراوان و تیۆریی "شۆڕشی بەردەوام" ئیمکانی نییە ئەم سەرکەوتنە مسۆگەر بکرێت.

ئەگەر (١٥٠) ساڵ لەمەوبەر بەووتەی مارکس و ئەنگلس تارمایی کۆمۆنیزم لەئەوروپادا لە هاتوچۆدا بوو. ئەوە ئەمرۆ ئەم تارماییە بۆتە ڕاستییەکی بەڵگەنەویست و لەهەر پێنج قاڕەی جیهان ئەم تارماییە دەبینرێ و لە جووڵەدایە. ئەویش بزاڤی بەرەنگاربوونەوەی دژە سەرمایەداری و جەنگ و دژی لیبرالیزمی نوێیە. لە هەناوی ئەم بزووتنەوەیەدا سیمای دونیایەکی تر، دونیایەکی باشتر (دونیایی سۆسیالیزم) بەدی دەکرێت کە نەک هەر ئیمکانی هەیە بەڵکو بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەموو کات پێویست ترە.

# ئەم سیستەم و دەسەڵاتە گەیشتۆتە بن بەست، ڕێگەی دەربازبوون ئاڵوگۆڕی ڕیشییە لەم هەرێمەدا

وتار لەناو ئاپۆرەی خۆپێشاندانی مامۆستایان و خەڵکی نارازی، لە شاری سلێمانی لە (٢١-١٠-٢٠٢٣)دا

نەوزاد بابان



ئەگەر ئێمە سەیری ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی دنیا بکەین، دەبینین سەرەتا لە مەیدانێکەوە، لە یەکێک لە ناوەندەکانی کۆمەڵگاوە دەست پێ دەکات، لە فەرەنسا قوتابیان و لە ئێران کرێکارانی نەوت بوون، ئێستا لێرە لە هەرێمی کوردستانیش ئێوەن مامۆستایانی نارازی کە بوونەتە پێشەنگ و سومبلی دەنگە نارازییەکان، بە یەکریزی هاتوونەتە مەیدان و یەک دەستن. دەبێت دەست بەم بزووتنەوەیەوە بگرین ئەبێت بەردەوامی پێ بدەین.


ئێمەی کرێکار و کارمەندانی کارەبا و ناوەندەکانی تر وەک مامۆسایان، خەڵکانی نارازین. ئەم بزووتنەوەیە و ئەم مینبەرە دەنگ و ڕەنگی تەواویی خەڵکی نارازی و کرێکاران و مامۆستایان و فەرمانبەرانە، نابێت ئەم بزووتنەوەیە بچوک کەینەوە بڵێن ئێرە تەنها پەیوستە بەفیئەیەکی (توێژێکی) بچوکەوە کە مامۆستایانن و تەنها دەنگی نارەزاتی ناوەندێکە، ناوەندی پەروەردە و خوێندن، نا ئەمە بزووتنەوەی هەموو توێژە نارازییەکانە و ئێرە مینبەری هەموو دەنگە نارازییەکانە، وە دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین ئەم سەدا و شەپۆلی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و کۆبوونەوە جەماوەرییانە بگوێزینەوە بۆتەواوی کوردستان بە دهۆک و هەولێر و زاخۆشەوە.

تەنها بەڕێکخراوبوونی ناوەندەکانی کار و ژیان دەتوانین پاشەکشە بەم دەسەڵاتە سەرمایەدار و ئۆلیگاریشیە بکەین، ڕاستە ئێمە وەک هەڵسوڕاوە جەماوەری و کرێکارییەکان بەدەیان جار گیراوین، فڕێندراوین، زیندانی کراوین، بەڵام نەیانتوانیووە پاشەکشەمان پێ بکەن و دەستبەرداری مافەکانمان بین، هەر سورین لەسەربەدیهێنانی مافە زەوت کراوەکانمان.

وەزیری پەروەردە زۆر نا بەرپرسانە فەرمان دەردەکات بۆ مامۆستایان کە دەبێت مانگرتن بشکێنن، بچنەوە هۆڵەکانی خوێندن، ئێمە ئەرک و کار ئەنجام دەدەین لەبەرامبەر مافدا، کوا مافەکانمان؟! نەبوونی پارە درۆیەکی زۆر گەورەیە، پارەهەیە، پارە لای چەند بنەماڵە و کۆمپانیا و بزنسمانەکانی سەر بەخۆیانە و کوردستانیان تووشی هەڵئاوسان و گرانی و قەیران و نەهامەتی و فەلاکەت کردۆتەوە، خۆ ئەگەر هەموو مانگێک موچەکانیشمان لەکاتی خۆیشیدا بمان دەنێ بەدڵنیایەوە بەشی پێداوێستی ڕۆژانەمان ناکات لەم بازارە قۆرخ کاری و بێ ڕەحمەی سەمایەدا، هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەممانندا نەهێشتۆتەوە جگە لە گۆڕینی ئەم سیستەمەیە، ئەویش تەئکید دەکەمەوە بەهاتنەمەیدانی خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوبوونمانە.

تەنها هاتنەمەیدانی خۆمانە کە پاشەکشە بەم دەسەڵاتە بێ دەربەستە دەکات، ئەوەشمان بیرنەچێت خەڵکی هەولێر و دهۆک و زاخۆ ئەوانیش بەقەدەر ئێمە نارازین، بەڵام لەوێ سەرکوت و ئستبدادێکی لە ڕاددەبەدەر هەیە، بەدوای مەنفەزێکدا دەگەڕێن لەدژی ئەو دەسەڵاتە ملهوڕە لۆکاڵییەی کە بەزەبری هێز و میلیشیا و دامودەزگای سەرکوتگەر خۆی سەپاندوە بەسەر یاندا، بەڵام ڕۆژێک دێت کە ئیرادە نیشان بدەن و بێنەمەیدان. ئەم دەسەڵاتە هیچ پایە و ئیرادەیەکی نەماوە، و ناشتوانێت وەڵام بەخواست و داواکانی خەڵکی نارازی بداتەوە، بە تەواوەتی ئەم سیستەم و دەسەڵاتە گەیشتۆتە بن بەست، تەنها ڕێگە بۆدەرباز بون لەم باردۆخە دژوار و چەق بەستووە ئاڵوگۆڕی ڕیشییە لەم هەرێمەدا.

## نامێلکەی: گۆڕانی ڕۆڵی سەرمایدار




هاورێ کەیوان نوری لەم نامێلکەیەیدا بە زمانێکی سادە چۆنییەتی کار و کارکردنەکانی سەرمایە و کەسی خاوەن سەرمایە، واتا سەرمایەدار و ڕۆڵەکەی و گۆڕانی ئەو ڕۆڵەی بەپێی پەرەسەندنی سیستمی سەرمایەداری و قەوارەی سەرمایەکەی ڕۆشن دەکاتەوە.

چۆن کارخانەیەکی خاوەندارێتی تاکە کەسێکی سەرمایەدار دەگۆڕێت بۆ کۆمپانیایەکی خاوەن پشکی چەندین سەرمایەدار، چۆن سەرمایەی پیشەسازی دەگۆڕێت بۆ سەرمایەی پارەیی (مالی) و دوور دەکەوێتەوە لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان. تیشک دەخاتەسەر ڕۆڵی بانکەکان و هەژمونیان بەسەر کۆمپانیاکاندا، قەرز و قەرزە دەوڵەتییەکان ..... هتد.

[سەرمایەدارانی پارەیی ئەگەر لە چەوساندنەوەی ڕاستەوخۆشدا بەشداری نەکەن، ئەوا بەو مانایە نییە کە چەوسێنەر نین، ئەوان ئەندامانی بۆرژوازی و بخۆری زێدەبەهایەکن کە لەلایەن چینی کرێکاری جیهانییەوە بەرهەمهاتووە. بۆیە بە ڕۆڵێکی نوێ، کە پێگەیەکی وای بۆ دابینکردوون بتوانن دووری بگرن لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و قەسابخانەکانی چەوساندنەوەی منداڵان و ژنان، ناتوانن بڵێن ئێمە بێبەرین لە جەهەنەمێکی واقیعی کە بۆ زۆرینەی کۆمەڵگەیان خوڵقاندووە.

سەرمایەدارانی پارەیی (مالی) ئەوروپا و خاوەن بانکە ئەمریکییەکان و پشکدارە ڕوسییەکان و سەرمایەدارانی تایکۆنی بنەماڵە حیزبییەکانی کوردستان، هەموویان پێکەوە بەشدارن لە هەڵمژینی خوێنی ئەو منداڵانەی بەنگلادیش کە لەلایەن کۆمپانیا پشکدارێتییە نێودەوڵەتییەکانەوە دەچەوسێنرێنەوە]

ڕۆژنامەی ڕەوت بە زنجیرەیەک و لە چەند بەشدا لە ژمارەکانی داهاتوودا بڵاوی دەکاتەوە. هەروەها خوێنەران بەگشتی و بە تایبەتیش مارکسیستەکانی کوردستان و کرێکارانی سۆشیالیست و پێشڕەو بانگەواز دەکات بۆ خوێندنەوەی.

ڕەوت
البديل OCAL
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# کوچک لە ئاگر گەرمتر! (١)، سەرنجێکی کورت لەسەر شەڕی غەززە





عەبدوڵا صالح

ئەم کاولکاری و ڕەشەی کوژییەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە دژی دانیشتوانی فەلەستین لە کەرتی غەززە دەستی داوەتێ، و جەنگێکی پاکتاوکردنی "ئایینی و نەتەوەیی" دەست پێکردوە کە دەکرێ بە هۆلۆکۆستێکی تر ناوزەد بکرێ، گوایە لە تۆڵەی ئەو هێرشەی بزووتنەوەی (حەماس)ە کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی (٧)ی ئۆکتۆبەری ئەم ساڵ (٢٠٢٣) لە پەلامارێکی کتوپڕدا کردیە سەر شار و شارۆچکەکانی ئیسرائیلی دەوروبەری غەززە، کە کوشتن و بەدیل گرتنی سەدان هاوڵاتی ئیسرائیلی و بیانی لێکەوتەوە.

لێرەدا من ناچمە سەر ئەو بابەتەی کامە لایەن خەتابارە و دەبێ سزای دەرئەنجامی خەتاکەی خۆی وەربگرێ، چونکە ئەو باسە لە ناوەرۆکی ئەم کورتە بابەتە دوورمان دەخاتەوە، بەڵام ئەوەی کە دیار و ئاشکرایە و دەبێ بگوترێ لە کەرتی غەززە، نزیک بە دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار کەس خزێنراونەتە سەرزەمینێک کە ڕووبەرەکەی تەنیا بەنزیکەی (٣٦٠) کیلۆمەتر دووجا هەژمار دەکرێ و لە هەرچوار لاوە گەمارۆ دراوە (ئسرائیل - میسر - دەریا)، ئەم حەشاماتە هەموو دەرگاکانیان لێداخراوە و تاکە شوێنێک کە دەستیان پێڕابگا بۆ دەربازبوون لەم ئاگربارانە و ڕاکردن لە مردن، خودی مردن خۆیەتی!

سەرباری هەموو ئەو گرفتانەش دەسەڵاتێک لەم کەرتە حاکمیەتی هەیە کە هیچ بەهایەک بۆ ژیان و گیانی ئەو دانیشتوانانە دانانێ و لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجیەکەی خۆی کە دروستکردنی ئیمارەتێکی ئیسلامییە هاوشێوەی ئەوەی لە ئەفغانستان حاکمە، دەست بۆ هەموو جۆرە کردارێک دەبا، تەنانەت ئەگەر قڕکردنی سەدان هەزار کەسیشی بەدواوە بێ و لەو هەوڵەشیدا پیشتیوانی مادی و مەعنەوی لە وڵاتە کۆنە پەرستەکانی ناوچەکە وەک (ئێران، تورکیا و قەتەر) وەردەگرێ.

دەرئەنجامە دەرەکییەکانی ئەو بارودۆخە لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کرۆکی ئەم باسەی ئێمەیە، ئەگەر کوردستانی عێراق لەڕێی هەڵوێست دەربڕین لەسەر ئەم شەڕە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بەنمونە وەربگرین، لایەک دەبینین ئیسلامی سیاسی هەموو تاوانێکی کوشتنی خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل بەدەستی (حەماس) و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی تر پاکانە دەکات، لایەکی تریش دەبینین بەشێک لە ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی ڕەگەزپەرستی کورد وا هاتۆتە مەیدان و لەپشت تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل وەستاوە و بێشەرمانە بەرگری لەو کۆمەڵکوژییە دەکا کە نەتەنیاهۆی جینایەتکار دەستی داوەتێ بە پاساوی تاوەنەکانی حەماس، کە هیچ پەردەیەک ناهێڵێتەوە و ڕووی دژە ئینسانی خۆی بەڕوونی دەردەخا کە چەندە دڵخۆش و شادە بەکوشتنی خەڵکی سڤیل.

تەنانەت ئەوانەی لەڕۆژگارێکدا ژاردەستی ڕژێمی تاونباری بەعسیش بوون هاتوون بەردی "کوردایەتی" لەسنگی خۆیان دەدەن و لەتەک ئەم فاشیزمەی دەوڵتی دەستەڕاستی ئیسرائیل دەوەستنەوە!! خۆئەگەر ئەو پشووە بایە ئازاد و دڵفێنککەرەوە نەبایە کە لەلای مرۆڤدۆستەکان و کۆمۆنیست و چەپەکانی کوردستان هەڵیکردووە و دروشمی نەفرەت لە جەنگ، نا بۆ کوشتنی خەڵکی سڤیل، ئیدانەی تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و کوشتنی بەکۆمەڵی منداڵان دەکەن، بەڵێ ئەگەر ئەو پشووە بایە نەبایە بۆگەنی ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزم و ڕەگەز پەرستی لە کوردستان قڕی دەکردین.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، هەر هەمان بەرەبەیانی شەڕەکە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی جیهانی بە ڕابەری ئەمریکا هاتنەسەر خەت و دەستیان لە پشتی نەتەنیاهۆ دا و لەتەکیدا شان بەشان وەستانەوە بۆ تۆڵەکردنەوە لە خەڵکی بێدیفاعی غەززە لەژێر ناوی بنبڕکردنی حەماس، دروست سیاسەتێک کە دەڵێ: (گۆمەکە وشک بکە تا ماسییە پیس و هارەکە بکوژی). ئەوەتا (بایدن)ی ئەمریکا و (ڕیچی سۆناک)ی بەریتانیا چنگ لەسەر شان و بەپەلە خۆیان گەیاندە ئیسرائیل تا ئاگری ئەو شەڕە خۆشکەن.

ئەگەر هێزە نێودەوڵەتیەکان ئیسرائیل وەک مۆرەی خۆیان لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەیربکەن کە بەبێ سێ و دوو بەرژەوەندییەکانیان دەپارێزی، ئەوا ئەم ناسیۆنالیستە کوردە بەرچاوتەنگانە دەبێ چاوەڕەی چی بکەن لەم سیاسەتی پاکتاوکردنەی ئیسرائیل و هاوپەیمانانی!؟ خۆ ئەوەتا ئەمریکا بەبەر چاوی جیهانەوە لە ئاقار تاوانەکانی ئەردۆگانی چنگ بەخوێن لە کوردستانی سوریا و لە کوردستانی عێراق بێدەنگی هەڵبژاردوە و گڵۆپی سەوزی بۆ ئەم دیکتاتۆرە ئیسلامییە هەڵکردوە تا ئەویش بەبێدەنگی درەوی لاشەی خەڵکی سڤیل بکا لەژێر ناوی شەڕ دژی (پەکەکە).

ئەو بەرچاو تەنگە ناسیونالیستانە لە ئەفسەرەکانی سوپای فاشیستی ئیسرائیل و سەرانی دەستەڕاستی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلیش توندڕەوتر خۆیان دەخەنەڕوو! ئەوان ئەو بەشە لە دانیشتوانی خودی ئیسرائلی نابینن کە بەکۆمەڵ دژی ئەو ڕەشە کوژیە دەوەستنەوە و هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە دەردەبڕن.

ئەوەتا بەگوێرەی سایتی (بی بی سی -عەرەبی) دوێنێ نزیک بە (٣٠٠) کەس لە واشنتۆن دەستگیرکراون کە ئەندامی دوو گرووپی چەپی ئیسرائیلین و لە پێناو ڕاگرتنی ئەو شەڕە هاتونە بەردەم تەلاری کاپیتۆل (کۆشکی سپی) بۆ دەربڕینی نارەزایەتی دژی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و هاوپەیمانانی و بە مەبەستی وەستانی ئەو شەڕە. هەر هەمان سەرچاوە ئەمڕۆ نوسیویەتی دەڵێ: ڕۆژنامەی (هائاریتس)ی ئیسرائیلی ئەمڕۆ لە وتاری نوسەرێکدا بەناوی (لەغد عۆن لیفی) بەناونیشانی (شەڕی غەززە دەبێ دەست بەجێ بوەستێ) نووسیویەتی (ئەم حەمامی خوێنە دەبێ بوەستێ، ناکرێ کوشتن بەکوشتن وەڵام بدرێتەوە)!

ئاخۆ ناسیۆنالیستە کوردەکانی لای خۆمان دەڵێن چی لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستانە؟ پێم وایە باشترین وەسف بۆ ڕەفتاری دژی ئینسانی ئەوان ناونیشانەکەی ئەم نوسینە کورتەیە.

---

(١)کوچک. بەو سێ بەردە دەوترێت کە ئاگر لە بەینەکەیاندا دەکرێتەوە.

٢٠ - ١٠ - ٢٠٢٣

# وانەکانی ئەدەب و هونەری ڕاپەڕین لە عێراق

مونەیەد ئەحمەد



هەمووان بینەری ئەو دیاردەیە بووین کەچۆن بزوتنەوەیەکی هونەری و شیعری و ئەدەبی و تارادەیەکیش میوزیکیی هاوکات لەگەڵ (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)ی ناوەڕاست و خواروی عێراق سەریهەڵدا و بووە بەشێکی ئۆرگانیکی ئەم هەوڵ و تەقەلا شۆڕشگێڕانەیەی جەماوەری کرێکاران و نەداران و لاوان و ژنانی ئازادیخوازی کۆمەڵگە. ئەم تەکانە شۆڕشگێڕە ئەدەب و هونەرییە چەند کاڵوکرچ بوو و چەند وەهم و ئایدیای دینی و ناسیونالیستی و عەشایری هەبوو، لەوەی کەم نەئەکردەوە کە هەڵقوڵای ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانە ئەو چین توێژانە بوو کە بۆخۆشی هەڵگری هەمان ئەو وەهمانە بووە.

جێگەوڕێگەی ئەم جۆرە ئەدەب و هونەرە لەوەدایە کە ڕەنگدانەوە و بەشێکی لێکهەڵپێکراوی ڕەوەندی هەوڵ و تەقەلای شۆڕشگێڕانەی نەداران و زەحمەتکێشانە بۆ ڕزگاربوون لە کۆتوبەندی ئابووری و سیاسی و فیکری بورژوازی و ڕژێمە سیاسییە ئیسلامی و ناسیونالیستییەکەی. ئەم ڕەوتە ئەدەبی و هونەرییە بەدەر لەهەموو کەموکوڕییەکانی هاتنەدەنگ بوو لە فۆرمی تایبەتی خۆیدا بەرامبەر گەندەڵی، نایەکسانی، زوڵم و زۆر، ئیغتراب و بێکاری گەنجانی کچ و کور، و سەرکوت و کۆنەپەرستی دەسەڵاتی حزبە ئیسلامی و قەومییەکان. سەرهەڵدانی ئەدەب و هونەری شۆڕشگێڕانە لە کاتی ڕاپەرین و شۆڕشدا هەردەم دیاردەی ئۆرگانیکی پرۆسەی شۆڕشگێڕانەی ناو کۆمەڵگەیە بۆ هاتنەدەر لە کۆتوبەندی نیزامی چینایەتی و فۆرمە سیاسی و فیکرییەکانی، هەر بۆیە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە بەوپەڕی توانایانەوە لەهەوڵی بەرەوپێشبردنیدا بن و لە ڕاستای ڕزگارکردنی لە وەهمەکانی کاربکەن.

ئەم بزوتنەوە ئەدەبی و هونەرییە بەهۆی زاڵی کلتوور و ئایدیۆلۆژیای بورژوازی و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئیسلامیزم و ناسیونالیزم و لیبرالیزم، و سەرکوتی ڕاپەرین و پاشەکشە پێکردنی خوێناویانەی، نەیتوانی ببێتە کلتوور و ئاڕاستەیەکی هونەری و ئەدەبی بەهێزی کۆمەڵایەتی و کاریگەر، بەڵام تیانەچووە و بەهەودا بەرزنەبووەتەوە، بەڵکوو بووەتە بەشێک لە هونەر و ئەدەبی شۆڕشگێڕانە لەعێراقدا هەرچەندە لە ئاستێکی کەمیشدا بێت. یەکێک لەمیکانیزمەکانی بورژوازی دەسەڵاتدار ئەوەیە کە ئەم بزوتنەوەیە ئینتیگرە بکاتەوە بە ئایدیۆلۆجیای زاڵی ئەم چینە و بە ئارامی بیپوکێنێتەوە و دەرگاکانی گەشەسەندنی لێبگرێت و ئیمکانیاتێکی گەورەی دارایی بخاتە گەڕ تا ئەدەب و هونەرێکی ئاڵۆز و بێ گیان و دوور لە دڵی مەسەلەکانی ئازادی و ڕزگاربوونی ئینسانەکان بەرەو پێبدا. هەمان ئەم میکانیزمە لە بواری ئەدەب و هونەردا پێشتر لە بواری سیاسیدا و بەشێواز و فۆرمێکی تر، بۆرژوازی بەوپەڕی توانایەوە بەکاریهێناوە لەبەرامبەر هەر ئەم ڕاپەرینەدا. هەروەک بینیمان بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە سەرتاسەری عێراقدا هەتا ئێستاش لە هەوڵدایە ئاکامەکانی ئەو زەربەیەی کە ڕاپەرینی ئۆکتۆبەر سرەواندیە ستراکچەری سیاسی و فیکری ئیسلامی سیاسی و تایفەگەرێتی و ئەو زەربانەش کە ڕاپەرینە جەماوەرییەکانی کوردستان گەیاندیانە ناسیۆنالیزمی کورد و دەسەڵاتەکەی ئێحتوا بکەن و ئینتیگرەی بکەن بە ڕژێمی بورژوا ناسیونالسیت و ئیسلامیستی ئەمڕۆی عێراق و کوردستانەوە.

بەبڕوای من؛ ئەوە ئەرکێکی دەستبەجێی کرێکارانی پێشڕەو و کۆمۆنیستە، کە سیاسەتی بەرەوپێشبردنی ئەم سەرهەڵدانە ئەدەبی و هونەرییە بگرنەبەر و پیادەی بکەن و بەهێز و تواناوە لەبەرامبەر هەوڵەکانی ئینتیگرەکردنیان بەکلتوور و ئایدیۆلۆژیای زاڵی بورژوازییەوە ڕابوەستن. هەر بەو پێیەش ئەرکی دەستبەجێ کۆمۆنیستی لەم ڕاستایەدا ئەوەیە کە ئەم جوڵە هونەرییە بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و ئازاد و کراوەی ئینسانییەوە ئینتیگرە بکاتەوە بەبزووتنەوەی بەکردەوەی چینایەتی سۆشیالیستانەی کرێکاران و سەرجەم نەداران و ستەملێکراون. ئەم خەباتەی بواری ئەدەبی و هونەری بەشێکی تەواوکاری خەباتی ئایدیۆلۆژی پرۆلیتاریایە کە ئەمەی دواییش بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی چینایەتی کرێکارانە.

---

--*ئەم نووسینە کورتە بەشیکە لە وتارێکم بە ناونیشانی: گۆڤاری "ڕابەر" و "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" یادەوەری و هەڵسەنگاندن نووسینی: مونەیەد ئەحمەد ٢٤ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢

## مونەیەد ئەحمەد: ڕەفتاری فاشیستانە و تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئیسرائیل و پەرچەکرداری حەماس و تیرۆریزمەکەی،............ پاشماوەی ل٣

بێ ئەملاولا لە ئیسرائیل. لەم پەرچەکردارانەی بە ئاشکرا دیارە کە چۆلکردنی سەربازی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها وەهم و چیرۆکێکی دوور لە ڕاستی بوو، و لەم جەنگەدا دەرکەوت کە ئەمریکا نەک هەر بەرگریکردن لە ئیسرائیل بێئەندازە گرنگە بۆی، بەڵکو چەسپاندنی نفوزی سەربازی و جیۆپۆلیتیکسی و جیۆ-ئابووری خۆی لەم ناوچەیەدا ئەولویەتی ستراتیژییەتی.

بارودۆخەکە ئاڵۆزە و ئەگەرەکانیش هەمەجۆرەن، بەڵام ئەوەی گرنگە جەختی لەسەربکەین ئەوەیە کە زەمینەی ماددی و پرۆسەی هەمەگیرتر کە لە جەرگەیدا سەرجەم ئەم کێشمەکێش و جەنگ و تەکەتولە سیاسی و سەربازیانە لەم ناوچەیەدا و تەنانەت ئەم جەنگەی غەززەش بەرەوپێش ئەچن، پەرسەندنی ناکۆکییەکانی سەرمایەداری ئیمپریالسیتی سەردەمە. ئەم زەمینە ماددییە و ئەم پرۆسەیەیە کە کێشمەکێش و مەسەلە چارەسەرنەبووەکان لەهەناوی خۆیدا هەرس ئەکات و فورم و کۆنتێکستی تایبەتی خۆی بەسەریاندا زاڵ ئەکات. کێشەی فەلەستین بۆ خۆی کێشەیەکی واقعی و مێژوویە و کارکتەری دیاریکراوی خۆیی هەیە، بەڵام ئەم کارکتەرە لۆکاڵی و تایبەتمەندییانەی ئەم کێشەیە لەسەر بنەمای سەرمایەداری سەردەم و ناکۆکی و کێشمەکێشی کوتلە ئابووری و سیاسی و سەربازیەکانی و پۆڵە جیهانی و ناوچەیەکانیی و شەڕ و کێبڕکێکانیان لەسەر ناوچەکانی نفوز و هێژمۆنی نیوانیان بەڕیوە ئەچێ و مۆرکی ئەمانە لە خۆ ئەگرێ.

گرنگ نییە بۆ ئەمریکا چەند ڕژێمی ئێران کێشەی فەلەستین بەکارئەهێنی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئیستادا و کێشمەکێشی لە بەرامبەریدا لێرەوە نییە، بەڵکو لەوێوەیە کە ئێران ئەیەوێت ئیسرائیل لاواز بکات و زەربەی لیبدات کە بنکە و درێژکراوەی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا. ئاشکرایە بۆ هەمووان کە جمهوری ئیسلامی ئێران بۆ خۆی لە هەل و مەرج و بارودۆخێکی جیهانی و ناوچەیی تردا، هەڵبژاردەی ڕۆژئاوا بوو کە ببێتە جێنشینی نیزامی شای ئێران و جیگەی لەناو سیستمی نیودەوڵەتی بورژوازیدا بۆ کرایەوە لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە لەکاتی شۆڕشی ١٩٧٩ ئێراندا.

ئەو کاتە بەمەبەستی خنکاندنی ئەو شۆڕشە و ڕێگریی لە پەرسەندنی و بەهێزبوونی بەرەی سۆشیالیستی لە جەرگەیدا، وە لە ئیستاشدا کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەبەرەی چین و ڕوسیادا نیشتۆتەوە و خۆی ڕاگرتووە، هەر لەسەر بنەمای پەرەسەندنی ناکۆکییەکان و ئاڵۆزییەکانی سیستمی ئیمپریالیستی جیهانی ئەمرۆیە کە ئەتوانی جێگەوڕێگەی هەبێت. هیچ یەکێک لە لایەنە دەوڵەتیی و ناوچەییەکانی دەرگیر لەم جەنگەی غەززەدا ناتوانن لەو یاسایانەی کە بەسەر ڕیڕەو و پرۆسەی ئەم ناکۆکی و ململانێیە جیهانیانەدا زاڵە دەرچن. ئەوە پرۆسەی زۆر واوەتر و بەرینترە کە هەموان لە نێویدا ئەتوانن شەڕ بکەن و ئەم کارەساتانە بە سەر ئینسانییەتدا فەرز بکەن.

**ڕەوت: هەر وەک ئەبینین لە ئەوروپا و تارادیەکیش لە ئەمریکا حزب و ڕێکخراوە سۆشیالسیستی و ئازادیخوازەکان و تەنانەت بەشێک لە فیدراسیۆنە کریکاریەکانیش خاوەن هەڵوێست و کردارن لە بەرامبەر کیشەی فەلستیندا. بە ڕای تۆ ئەم دیاردەیە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

مونەیەد ئەحمەد: بەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل و سیاسەتەکانی لە بەرامبەر فەلەستینییەکان و وڵاتانی عەربیدا هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە تائیستاش درێژەکراوەی بەرژەوەندییە ستراتیژی و جیۆ سیاسی و جیۆ ئابوورییەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بەریتانیا و هێزە ئیمپریالیستیەکانی تری ڕۆژئاوایە، بزووتنەوەی سۆشیالیستی و کریکاری و سەرجەم ڕەوتە ئازادیخوازەکانی ناو ئەم وڵاتانە بە سروشتی دەرگیری ئەم کێشەیەی نیوان ئیسرائیل و فەلەستینەکانن بە ڕاستەخۆیی لەناوخۆی وڵاتانی خۆیاندا.

کیشەی فەلەستین و ستەمکارییەکانی ئیسرائیل بە دژی فەلەستینییەکان بەشیکە لە کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناو خۆی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا، و هەردەم لەبەرامبەر ئەم کێشەیە و ڕووداوەکانی لە فەلەستین جەمسەرگیری فراوان دروست ئەبێت دەربارەیان. بەشیوەیەکی گشتی سۆشیالیستەکان و کرێکارانی پێشکەوتنخواز و ڕەوتی ئازادیخوازیی لەم کۆمەڵگایانەدا، بەپلەی جۆراوجۆر لە پەیگیری، هەڵوێست و سیاسەتی پشتگیریی لە فەلەستینییەکان و خەباتی هەقخوازانیان ئەگرنەبەر، و داوای کۆتایهێنان بە سیاسەتی ئاپارتایدی نەژادی ئیسرائیل و سیاستە کۆلۆنییەکانی ئەکەن و داوای چارەسەری عادلانەی کێشەی فەلەستین ئەکەن.

هەر لەم ڕاستایەدا، ڕەوت و ڕێکخراوە سۆشیالیستەکانی ڕۆژئاوا بەگشتی هەم لەباری تیوری و هەم لە باری سیاسییەوە نەزەر و پلاتفۆرم و هەڵوێستی ڕێکخراوەییان هەیە دەربارەی ئەم کێشەیە و شیوەی چارەسەرکردنیی. هەڵوێستی جیاواز لەم ڕووەوە لە ناویاندا دیاردەیەکی بەرچاوە، و ئەوەندی من ئاگادار بم، ئەوە ئەبینم کە بەشیک لە ڕێکخراوە مارکسیستەکان چارەسەری کێشەی فەلەستین گرێ ئەدەنەوە بە بەرپابوونی شۆڕشی سۆشیالیستی لە تەواوی ناوچەکەدا و بە دروستبوونی دەوڵەتێکی سۆشیالیستی لە سەرتاسەری فەلەستیندا کە بەشیک بێت لە کۆنفیدراسیۆنێکی سۆشیالسیتی ناوچەکە، و ئەمەش نەک هەر تەنها وەک ئایدیالێکی دڵخواز بەڵکو وەک چارەسەرێکی کرداری ئیستایی ئەبینن و بەتاکە ڕێگەی ئەناسن کە بتوانێ چارەسەری ئەم کێشە ئاڵۆزە بکات، و تەنانەت دروستکردنی دوو دەوڵەتی بە سیاسەت و تێڕوانینێکی ڕیفۆرمیستی ئەبینن.

تەیفێکی تر لە ڕێکخراوە شۆشیالیستەکان باس لەچارەسەری سیاسی ئەم کێشەیە ئەکەن لە چوارچیوەی ئەوەی مومکنە لە نیزامی سیاسی بورژوازی نێودەوڵەتیدا و داوای دروستبوونی دەوڵەتیکی سەربەخۆ بۆ فەلەستینییەکان ئەکەن کە بە تەریب لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەسەڵاتی تەواوی هەبێت.

ئەم هەڵۆیست و نەزرە سیاسیانە دەربارەی کێشەی فەلەستین هەر بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئەم ڕێکخراوە سۆشیالیستانە ئینتەرناسیۆنالیستن و لەبەرامبەرکێشەی فەلەسیندا هەڵوێست ئەنوێنن، بەڵکو بۆ ئەوەش ئەگەڕیتەوە کە ئەم هەڵوێستانەیان بەشیکە لە خەباتی ناخۆیی لە وڵاتەکانی خۆیاندا بە دژی بورژوازی دەسەڵاتدار کە بە هەمەلایەنەیی بەرگری لە دەوڵەتی ئیسرائیل و ستەمکارییەکانی ئەکات.

پۆلێکی چینایەتی بورژوازی و ڕەوت و حزبەکانی دەسەڵاتدار لەم وڵاتانەدا هەر لە کۆنسێرڤەتیڤ و لیبراڵەکان و نیوفاشیەکانیانەوە هەتا سۆشیال-دیمۆکراتەکان لەبەرامبەر هەلوێست و سیاسەتەکانی سۆشیالیستەکاندا هەمیشە یەکگرتوون و بەرگری سەرسەخت لە ئیسرائیل و سیاسەتەکانی ئەکەن.

**ڕەوت: کۆتایی هاتن بە ستەم لەسەر فەلەستینییەکان ئیمکانی هەیە لەم هەلومەرجەدا؟ لە کورت ماوەدا، خەڵکی فەلەستین پێویستە چی بکات، و لەدور مەوداش ڕێگای کۆتاییهێنان بەم چەوسانەوەیە چۆن دەبینی؟**

مونەیەد ئەحمەد: لە ڕاستیدا کێشەی فەلەستین زۆر ئاڵۆزو پڕ لە تەعقیداتە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هەر وەک مارکس ئاماژەی پێداوە "ئینسانییەت کێشەیەک ناهێنێتە بەردەمی خۆی کە پێشتر توخمەکانی چارەسەریی لەگەڵ خۆیدا نەهێنابێ". چارەسەری ئایدیاڵ هەر وەک هەندێک لە سۆشیالیستەکان دەریان بڕیوە چارەسەرە لە دیدگای سۆسیالیستی و شۆڕشی سۆشیالسیتیەوە لە ناوچەکە و سەرتاسەری فەلەستین و ئیسرائیلدا، شۆڕشیک کە ئینتیەرناسیۆنالیستی بێت و لەسەر بنەمای بەرژوەندی چینایەتی هاوبەشی پرۆلیتاریای ناوچەکە بەرەوپێش بچێ و بتوانی دەوڵەتێکی سۆشیالسیتی لەسەرجەم فەلستین و ئیسرائیلی ئسیتادا دابمەزرینی و بەشیک بێت لە فیدراسیۆنی دەوڵەتە شۆراییە سۆشیالیستەکانی ناوچەکە.

ئەم مێسود و بەرنامە سۆسیالیست و ئینتەرناسیۆنالیستیە پرۆلیتاریەیە کە ئەبێ بەردی بناغەی هەر سیاسەتێکی بێت لەبەرامبەر چارەسەری کێشەی فەلەستیندا و تەنانەت لە بەرامبەر پرۆژەی دوو دەوڵەتیشدا.

سۆشیالیستەکان بەدوای وەهمی ڕیفۆرمیستی دەوڵەتی بورژوازیەوە نین، بەڵام کێشەی فەلەستین و کارەساتێکی ئینسانی کە لە ئاکامی ئەم کێشەیەوە هاتۆتە ئاراوە و فەرزبووە بەسەر فەلەستینییەکان و خەڵکی ئازادیخوازی ناو ئیسرائیلدا، ئەوە ئەخوازی کە هەرچی زووتر چارەسەرێکی بە پەلەی بۆ بدۆزرێتەوە. دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سیاسی کە تەواوی دەسەڵاتی سیاسی بدرێتە دەست جەماوەری فەلەستین بڕیار بوو ئاکامی پرۆژەی ئاشتی نیوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بێت کە لە پەیمانی ئاشتی ئۆسلۆوە لە ساڵی ١٩٩٣ واژۆکرا. دیارە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ نەکرا و هەتا هات ئیسرائیل سیاسەتی فراوانخوازی خۆی پەرەپێدا و بە کردەوە تێکی شکاند.

سەرباری ئەمەش ئەم پرۆژەیە لە بارودۆخی تەرازوی هێزی چیانییەتی کۆمەڵگەی فەلەستینیدا یانی دەسەڵاتی فەلەستینی ئیستا لە کەناری ڕۆژئاوادا حوکم ئەکا و ڕێکخراوی ئازادی فەلەستین هێزی سەرەکییەتی.

دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە فەلەستین کە وەک ئیسرائیل بەهرمەندە بێت لەدەسەڵاداریەتی سیاسی زەمینە ئەخۆلقێنی کە ئەم کاراستە خۆیناوییە بەر پێبگریت و ستەمکارییەکانی ئیسرائیل لەسەر فەلەستینیەکان ڕابگرێت، و فەزا ئەکاتەوە تا خەباتی هاوبەشی چینایەتی پرۆلیتاریای فەلەستینی و ئیسرائیلی لە بارودۆخی دوور لە ستەمکاری قەومی بەرەوپێش بچێت. ئەمە دەوڵەتی دڵخوازی کۆمۆنیستەکان نییە، بەڵام بەو ئەندازەیەی کە بتوانێ بەربگرێت بەم شەپۆلە بەردەوامەی خۆینڕێژیی لە فەلەستین و ئیسرائیلدا، و زەمینەی بەرەپێشچوونی خەباتی سۆشیالسیتی و ئینتەرناسیۆنالیستی پرۆلیتاریا فەراهەم بهێنی ئەتوانرێ جێگەی پاڵپشتیی کۆمۆنیستەکان بێت لە بواری چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی و کێشەی فەلەستین لە ئیستادا.

٢٥ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

OCAI البديل ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق
ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# جەیمس کۆنۆڵی (١٨٦٨ - ١٩١٦)، قارەمانێکی زیندووی نێو ویژدانی چینی کرێکار

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

سەرکردەی کۆماریخواز و سۆسیالیستی ئێرلەندی (جەیمس کۆنۆڵی) لە (٥)ی حوزەیرانی (١٨٦٨) لەدایکبووە، بۆ کەسێک کە شارەزای بە مێژووی ئێرلەندا هەبێت، کۆنۆڵی لە ڕاستیدا لە شاری ئەدینبۆرگ لە سکۆتلەندا لەدایکبووە. ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژیا نازناوی 'ئێرلەندای بچووک" بوو، و یەکێک بوو لە ناوچە هەژارنشینەکانی شارەکە. دواتر بە درێژایی ژیانی بە لەهجەی سکۆتلەندی قسەی دەکرد. دایک و باوکی بەڕەچەڵەک خەڵکی کاونتی مۆناگان بوون و ژیانیان لە ئەدینبۆرگ سەخت و مەینەتبار بوو. لە تەمەنی یازدە ساڵیدا لەپێناو کارکردن قوتابخانە بەجێدەهێڵێت، بەڵام دەبێتە یەکێک لە تیۆریستە پێشەنگە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی خۆی.

جەیمس کۆنۆڵی لە تەمەنی چواردە ساڵیدا پەیوەندی بە سوپای بەریتانیاوە دەکات بۆ ئەوەی لەو هەژارییە کەمەر شکێنە ڕزگاری بێت. دوای حەوت ساڵ و لە تەمەنی بیستویەک ساڵیدا کۆنۆڵی ژیانی سەربازی بەجێدێڵێت و دواجار لە ساڵی (١٨٩٦) لە دبلن نیشتەجێ دەبێت.

لە ساڵی (١٩٠٣) کۆنۆڵی کۆچ دەکات بۆ ئەمریکا و بۆ ماوەیەکی کورت لە شاری ترۆی لە ویلایەتی نیویۆرک لەگەڵ خزمێکیدا دەژێت و لە کۆمپانیایەکی بیمە کار دەکات. بەڵام لە ساڵی (١٩٠٥)دا، شاری ترۆی بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی تێڕوانینەکانی خۆی لە ڕێکخستنی بزووتنەوەی چینی کرێکاردا جێبخات و زۆری نەخایاند پەیوەندی کرد بەڕێکخراوی (کرێکارانی پیشەسازی جیهان) (١) تازە دروست بووەوە، و وەک ئەندام و ڕێکخەرێک کە تەواوی ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی چینی کرێکار تەرخان کرد.

جەیمس نووسەرێکی پڕ بەرهەم لەبواری مێژوویی، کولتووری، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە و هەروەها ئیدیتۆر و بڵاوکەرەوەی کتێب و ڕۆژنامەی خۆی بوو، زۆر کەسی خاوەن بیروباوەڕی سیاسی لەناو بزووتنەوەی کرێکاران و چەپەکاندا بەها و ستایشی تێڕوانینەکانی کۆنۆڵیان بەرز نرخاندووە. کۆنۆڵی خۆی بە ئەنارکۆ-سندیکالیست نەدەزانی، بەڵام لە ساڵی (١٩٠٨) کاتێک لەتبوون لە ڕێکخراوی (کرێکارانی پیشەسازی جیهان) لە نێوان مارکسیست دانیال دی لیۆن و ئەنارکۆ-سندیکالیستەکان ڕوویدا، کۆنۆڵی لایەنگری ئەنارکۆ-سندیکالیستەکانی گرت.

کۆنوڵی ڕقی لە تیرەگەری ئاینیی بوو، کە بە یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکانی ڕێگری لە بەردەم یەکگرتوویی کرێکارانی دژ بە سەرمایەداری دەزانی. یەکێک لە نووسینەکانی کە ڕەنگدانەوەی ئەم بیروباوەڕەیە دەڵێت (گەشەپێدانی ڕۆحی بەرەنگاربوونەوە گرنگی زیاتری هەیە لە دروستکردنی ڕێکخراوێکی تیۆری. ئەمەش لەڕاستیدا، کاملترین ڕێکخراو لە ڕووی تیۆرییەوە ڕەنگە، بەهۆی زۆر کاملبوون و فراوانییەوە، گەورەترین مەترسی بێت بۆ سەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە ئەگەر بتوانرێت بەکاربهێنرێت، بۆ سەرکوتکردن و سنووردارکردنی ڕۆحی بەرەنگاری هاوڕێیەتی لەهەر پلە و پایەیەکدا بێت. کۆنۆڵی هەروەها بێمتمانەیی بە حکومەتی ناوەندی هەبوو، بۆیە بە باشترین شێوە لە لێدوانەکەیدا نیشانیدا کە دەڵێت (بەبێ ئەو دەسەڵاتەی کە یەکێتیی کرێکارانی پیشەسازی پشتیوانی دەکات، دیموکراسی تەنیا دەتوانێت بچێتە ناو دەوڵەتەوە وەک چۆن قوربانی دەچێتە ناو گەدەی مارەوە).

کۆنۆڵی لەسەر بانگهێشتی گروپێکی بچووکی سۆسیالیستی هاتەوە ئێرلەندا. ئیتر هەر زوو کاریگەری وەک ڕێکخەر و وتاردەر و نووسەرێکی بەتوانا بەسەر ڕووداوەکانەوە دەرکەوت. جەیمس کۆنۆڵی لە پێش هەموو ئەو کەسانە بوو لە یەکخستنی نێوان ڕێکخراوەکانی چینی کرێکار و ئامانجی سەربەخۆیی ئێرلەندا. کۆنۆڵی بە شێوەیەکی جیددی لەسەر پێویستی سۆسیالیزم بۆ دۆزی سەربەخۆیی ئێرلەندا و هەروەها هەموو جۆرە بابەتەکانی پەیوەست بە سۆسیالیستی جیهانی نووسی و کەوتە جووڵە بۆیان. ئەو پێی وابوو ئەوە چینی کرێکارە لەپێناو بەرژەوەندی هەموو چەوساوەکانی جیهان دەتوانێت بناغەکانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بهەژێنێت، جەیمس کۆنۆڵی لە کۆبوونەوەکانی باکووری وێڵز وتارێکی پێشکەش کرد، دوای ئەوەی سیلین ڕۆبەرتس(٢) سەرۆکی بەناوبانگی سۆسیالیستی وێڵشیی و ڕابەری پارتی کرێکارانی سەربەخۆخوازی لۆکاڵیی وەک یادهێنانەوەیەک دەڵێت (لە ساڵی ١٩١١ لەگەڵ لارکین(٣) چاوم پێی کەوت و سەرسامی بووم و خۆشم ویست. یەکێک لە گەورەترین گەنجینەکانی ناو کتێبخانەکەم کە کۆپییەکی بەرگی کتێبەکەیەتی بەناوی (کرێکار لە مێژووی ئێرلەندە) کۆنۆڵی و لارکین سەردانەکەیان بۆ وەیڵس ساتێک هەژاندمیان.) کۆنۆڵی شانبەشانی جەیمس لارکین، بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی هەبووە بە مانگرتنی کرێکارانی دبلنی ساڵی (١٩١٣)، کە سێکتەرەکانی بازرگانی و گواستنەوەی بۆ چەندین هەفتە ئیفلیج کرد. لە کاتی مانگرتنە گشتییەکەشدا، کۆنۆڵی سوپای هاووڵاتیانی ئێرلەندی لە نێوان کرێکارانی مانگرتوودا ڕێکخست، ئەمەش وەک وەڵامێکی چینایەتی و بەرگریکردن لە کرێکاران بەرامبەر بە لێدانی بەرفراوان لە کرێکارانی مانگرتوو لەلایەن پۆلیسی ئێرلەندا و سوپای بەریتانیا هاتەدەر. سوپای هاوڵاتی ئێرلەندا لە کاتی یاخیبوونی جەژنی ئیستەر(٤) لە ساڵی (١٩١٦) لە دژی دەسەڵاتی بەریتانیا لە ئێرلەندا بووە بە ناوکی فیرقەی دبلن لە سوپای کۆمار.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕ، کۆنۆڵی زیاتر پابەند بوو بە پێکهێنانی یاخیبوون لە دژی دەسەڵاتی بەریتانیا لە ئێرلەندە؛ وردە وردە لە ڕێکخەر و موبەلیغی کارەوە گۆڕابوو بۆ فەرماندەی سەربازی و تیۆریست. لە ناوەڕاستی مانگی یەکی ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ ئەنجوومەنی سەربازی ئیخوانی کۆمارییەکانی ئێرلەندا ڕێککەوتن بۆ ئەوەی لە جەژنی ئیستەری داهاتوو لە یاخیبوونێکدا هاوکاری بکات. بەمجۆرە پەیوەندی بە ئەنجوومەنەکەوە کرد و ڕۆژێک پێش ڕاپەڕین ئەنجوومەن وەک جێگری سەرۆکی کۆماری ئێرلەندا و فەرماندەی گشتی فیرقەی دبلن لە سوپای ئێرلەندەدا دەستنیشانیان کرد.

کۆنۆلی لە کاتی یاخیبوونەکەدا خۆی سەلماند کە کاریگەرترین و ئیلهامبەخشترین سەرکردە یاخیبووەکانە. لە ڕۆژی دووشەممەی جەژنی ئیستەر، (٢٤)ی نیسان، سەرکردایەتی کەتیبەی بارەگای لە هۆڵی ئازادییەوە تا پۆستەخانەی گشتی و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەوێ کرد کە بە درێژایی هەفتەکە سەرپەرشتی هێزە بەرگرییەکان، دیاریکردن و ڕێکخستنی ستراتیژی، بانگهێشتکردنی هێزی بەهێزکەر و بڕیاردان لەسەر بەڕێوەبردنی هێزەکانی کرد. ئەوەی کە تەنها نۆ خۆبەخش لە گارنیۆنی پۆستەخانە لە کاتی شەڕەکەدا گیانیان لەدەستداوە، شایەدی بەهرەکانییەتی. ئەو خۆی مەترسی بەردەوامی لەگەڵ سەلامەتی خۆیدا دەکرد بەڵام تەنانەت دوای ئەوەی لە (٢٧)ی نیساندا بە سەختی بریندار بوو، وەک پاتریک پیرس وتی "هێشتا مێشکی ڕێنمایی تێکۆشانمانە".

نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە (٢٩)ی نیسان، کۆنۆڵی پشتگیری لە بۆچوونی زۆرینەی سەرکردەکان کرد کە دەبێ خۆیان ڕادەست بکەن چونکە 'بەرگەی نەدەگرت کوڕە ئازاکانی ببینێ کەوا دەسووتێن. چاوەڕوانییەکەی ئەوە بوو کە ڕێکخەرانی ڕایسین تەقەیان لێ بکرێت و ئەوانی دیکە ئازاد بکرێن. پاشان لە ژێر چاودێری سەربازیدا، کۆنۆڵی گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی خاچی سوور لە قەڵای دبلن و چەند کاتژمێرێک دواتر فەرمانی تەسلیمبوونی پیرسی لەبری سوپای هاووڵاتی ئێرلەندا واژۆ کرد. لەوێ دادگای سەربازیی کرا، لە سەر جێگاکەی خۆی، لە (٩)ی ئایاردا. لە دادگاییکردنیدا ئەم کورتە لێدوانە دەستنووسەی خوارەوەی خوێندەوە کە دەڵێت (بە باوەڕبوون بەوەی کە حکومەتی بەریتانیا هیچ مافێکی لە ئێرلەندە نییە، هیچ مافێکی لە ئێرلەندە نەبووە و هەرگیز ناشتوانێت هیچ مافێکی لە ئێرلەندە هەبێت، بوونی هەر نەوەیەکی ئێرلەندی، تەنانەت کەمینەیەکی بەڕێزیش بێت، ئامادەیە بمرێت بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە حکومەت هەمیشە ئامادەی دەستبەسەرداگرتن و ئەنجامدانی تاوانە لەدژی پێشکەوتنی مرۆڤ. من وەک خۆم سوپاسی خودا دەکەم کە ژیاوم تا ئەو ڕۆژە ببینم کە هەزاران ئێرلەندی و کوڕ و سەدان ژن و کچ، ئامادە بوون ئەو ڕاستییە دووپات بکەنەوە، و ئەگەر پێویست بوو بە ژیانی خۆیان شایەدی ئەوە بدەن).

لە کاتێکدا بەهار دەگۆڕا بۆ هاوین، شارێک کە هێشتا لەگەڵ مردن و لەناوچوونی ڕاپەڕینی جەژنی ئیستەردا کۆدەبووەوە، ناچار دەکرا خوێنڕشتنی زیاتر قبوڵ بکات. سەرەڕای برینە سەختەکانی، لە (١٢)ی ئایاری (١٩١٦) کۆنۆڵی بە ئامبولانسی سەربازی گواسترایەوە بۆ کیلماینهام گاول، لەوێوە بۆ حەوشەی زیندانێک و پاشان بە کورسییەکەوە بەسترایەوە و لەلایەن سوپای بەریتانیاوە بە دەستڕێژی تەقە ئیعدامکرا. ئەمەش تووڕەیی زۆرێک لە خەڵکی ئێرلەندا و سەرانسەری جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا. مەرگی کۆنۆڵی بە دڵنیاییەوە بووە مایەی پەژارە و خەم بۆ خەڵکی ئێرلەندە. تەرمی کۆنۆڵی (لەگەڵ تەرمی یاخیبووەکانی تر) بەبێ تابووت خرانە ناو گۆڕێکی بەکۆمەڵەوە. لەسێدارەدانی یاخیبووان، زۆرینەی دانیشتوانی ئێرلەندی هێندە تووڕە کرد کە زۆربەیان لە کاتی یاخیبوونەکەدا هیچ پشتیوانییەکیشیان نیشان نەدابوو. بەڵام ئەوە لەسێدارەدانی کۆنۆڵی بوو کە زۆرترین مشتومڕی لێکەوتەوە. مێژوونووسان ئاماژەیان بە شێوازی لەسێدارەدانی کۆنۆڵی و یاخیبووان و هاوشێوەکانیان کردووە، هاوکات لەگەڵ کردەوەکانیان، وەک هۆکارێک کە بوونەتە هۆی هۆشیاری گشتی بۆ خواست و ئامانجەکانیان و پاڵپشتی بۆ ئەو بزووتنەوەیەی کە گیانیان لەپێناویدا بەخشی. ئەوە مردنی سەرکردەکانیان و بە تایبەتی کۆنۆڵی بوو کە بڵێسەی کۆماریخوازی ئێرلەندی لە سەرانسەری ئەم دوورگەیەدا هەڵگیرساند و یاخیبوونێکی جەماوەری دەستپێکرد و لە کۆتاییدا بووە هۆی دروستکردنی کۆماری ئێرلەندا. لە نێو هەموو ئەو لەسێدارەدانانەی کە لە کاتی سەرهەڵدانی جەژنی ئیستەری ساڵی (١٩١٦)دا ئەنجامدراون، هیچیان هێندەی لەسێدارەدانی جەیمس کۆنۆڵی تووڕەیی گشتییان نەوروژاند.

هەرچەندە کۆنۆڵی لەلایەن زۆرێک لە مێژوونووسانەوە بە ئێرلەندییەکی ناسیونالیست دادەنرا، بەڵام کۆنۆڵی باوەڕی بە پشتگوێخستنی دابەشکارییە چینایەتییەکان نەبوو بەناوی ناسیۆنالیزمەوە. ئەو پێیوابوو کە ئێرلەندا ناتوانێت ئازاد بێت تا چینی کرێکاری ئێرلەندی ئازاد نەبێت.


لە پاش ئیعدامکردنی کۆنۆڵی، ڕۆژنامەنووس کێری لیام ماکگابان(٥) لە ساڵی (١٩٣٣)دا شیعری جەیمس کۆنۆڵی نووسی، ماکگابان کە لە ساڵی (١٩٠٨) لە دوورگەی ڤالێنسیا لەدایکبووە، ئەو پارچە وروژێنەرەی لە ڕوانگەی سەربازێکەوە نووسیوە کە لە پرۆسەی ئیعدامکردنەکەدا فەرمانی پێکرابوو کە تەقە لە کۆنۆڵی بکات.

لە ساڵی (١٩١٦) فەوجێکی وێڵزی کە لە ڕێگای بەرەو سەنگەرەکانی پێشەوەی ڕۆژئاوادا بوو، وەک یەدەگێک بۆ ئەو سەربازانەی کە هەوڵیان دەدا یاخیبوونەکە لە دبلن لەناو ببەن، ماکگابان چیرۆکێکی بیست سەبارەت بە سەربازێکی گەنج، کوڕی کرێکارێکی کانەبەردەکانی وێڵز، کە بەشێک بوو لەو فەوجە و لە تیمی تەقەکردندا بوو بۆ لەسێدارەدانی کۆنۆڵی دانراکرابوو و بەو هۆیەشەوە هەستی بە تاوانباری و پەشیمانی و شەرمەزارییەکی تەواو کردبوو.

لە دوای ئەو کارە ترسناکە ئەم سەربازە وێلزییە کە ناوی نەهێنراوە، شوێنپێی هاوسەر و منداڵەکانی کۆنۆڵی کەوت تا داوای لێبوردنیان لێ بکات. هاواری لە لیلی(٦) کرد (من کرێکاری کانەکانم. باوکم کرێکاری کانەکان بوو، باپیرمیش کرێکاری کانەکان بوو. ئەوان زۆر سەرقاڵی سەندیکای کرێکاران بوون. ئێستا چۆن و بە چ ڕوویەکەوە بتوانم بگەڕێمەوەماڵەوە؟ ئەوان لەبارەی جەیمس کۆنۆڵییەوە دەزانن تەنانەت ئەگەر منیش نەبووبام. من."بە مۆڵەت نەچوومەتەوە ماڵەوە، ناتوانم بگەڕێمەوە ماڵەوە، من ڕاستییەکە دەدرکێنم و ئیتر دەزانن من جەیمس کۆنۆڵیم کوشتووە. ئۆی خوایە، ئاخر بۆچی من هەڵبژێردرام بۆ کوشتنی پیاوێکی ئاوا؟)

لیلی وەڵامی دایەوە: جەیمس کۆنۆڵی پێشتر لێت خۆش بووە. ئەو تێگەیشت بوو کە تۆ ناچار کراویت، دەیزانی کە تۆ تەنها کوڕی کرێکارێکی ئەو چینە چەوساوەیەیت".

ئەمڕۆ جەیمس کۆنۆڵی وەک یەکێک لە پاڵەوانە گەورەکانی ئێرلەندا دادەنرێت. سۆشیالیستێکی شۆڕشگێڕ و سەندیکالیستێکی بەرگریکەر بوو کە ژیانی خۆی نەک تەنها بۆ دۆزی ڕزگاری ئێرلەندا، بەڵکو بۆ سۆسیالیزمی نێودەوڵەتیش تەرخان کرد. ئەو نەک تەنها ئیلهامبەخش بوو بۆ نەریتی کۆماری و سۆسیالیستی لە ئێرلەندا، بەڵکو ئیلهامبەخش بوو بۆ سەرجەم بزووتنەوە دژە کۆلۆنیالیزم و دژە ئیمپریالیستەکان لە سەرانسەری جیهان. لە مێژووی بزووتنەوەی چینی کرێکاری جیهانیدا پێویستە جەیمس کۆنۆڵی وەک پاڵەوان و گەشمردەیەک لەبیر نەکەین کە



خەباتی بۆ گەیشتن بە بیروباوەڕەکانی خۆی کردووە.

ئەمڕۆ پەیکەرێکی جەیمس کۆنۆڵی لە ناوەندی شاری دبلن بە شانازییەوە دانراوە. هەروەها نەقشێکی مسیی کە جاڕنامەی کۆماری ئێرلەندەیە ئەویش لە پەنجەرەی بارەگای پۆستەخانەی گشتیدا دانراوە، کە کۆنۆڵی لە ماوەی چوار ڕۆژی چارەنووسسازدا لە نیسانی (١٩١٦)دا ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی بۆ ئازادی نەتەوەکەی و چینی کرێکار لەو جاڕنامەیەدا دەربڕیوە.

بەم قسەیەی کۆتایی پێدێنم کە دەڵێت (شۆڕش تەنیا کاتێک بەدی دێت کە خەڵکی ئاسایی جیهان، ئێمەی چینی کرێکار، هەستینە سەر پێ و ئەوەی بە حەق هی خۆمانە، وەریبگرینەوە).

**ژێدەرەکان وەرگێری کوردی ئامادەی کردوون:**

(١)- ڕێکخراوی کرێکارانی پیشەسازی جیهان (IWW) ڕێکخراوێکی نێونەتەوەیی کرێکارانە و لە شیکاگۆ لەساڵی ١٩٠٥ دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە گۆڤارێک دەردەکات بەناوی(کرێکارانی پیشەسازی)یەوە. شایانی باسە ئەم ڕێکخراوە تەمەنی ١١٧ ساڵە و تا ئێستا لە خەبات بەردەوامە.

(٢)- سلین ڕۆبەرتس (١٨٧١ — ١٩٣٠) نووسەر و مامۆستا و شاعیری سۆشیالیستی و نوێنەری حیزبی کار بوو لەو برگە زەمەنییەی ئەو تیایدا ژیا. شایانی باسە ڕۆبەرتس دوو کتێبی شیعر و کتێبێکی ڕۆمان و کتێبێک نووسین و دوو کتێبی وەرگێرانی بڵاو بوونەتەوە.

(٣)- جەیمس لارکین (١٨٧٤ — ١٩٤٧) سۆشیالیت و ڕابەرێکی بزووتنەوەی کرێکاریی بوو. جەیمس یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی حیزبی کرێکارانی ئێرلەندە و تەواوی ژیانی تەرخان کرد بۆ سۆشیالیزم و بزووتنەوەی کرێکاریی. ئەم ڕابەرە لینین ئاوا وسفی دەکات (قسەکەرێکی بەتوانایە وپیاوێکە وزەی لەبڕاننەهاتووی هەیە بۆ خولقاندنی موعجیزە لەنێو کرێکاراندا.)

(٤)- ئیستەر: فیستیڤاڵێکی مەسیحی و پشوویەکی کلتووری خۆرئاوایە.

(٥)- کێری لیام ماکگابان (١٩٠٨ — ١٩٧٩) شاعیر و ڕۆژنامەنووسی ئێرلەندی و سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەڵک و گۆڤاری ئاریش تایم بوو.

(٦)- لیلی: هاوسەری جەیمس کۆنۆڵی، ڕابەری بزووتنەوەی کرێکاری ئێرلەندی بوو.

سەرچاوە:

https://teifidancer-teifidancer.blogspot.com/2017/05/james-connolly-working-class-hero.html?spref=fb&fbclid=IwAR1-hSAjn3x-Hu2NrZGfuyzry-CQQ04Qf5qzlnbXOmhevLJwH1HtsiYLcXX4

# مانۆری سەربازیی تۆفانی ئەقسا

نەوزاد عومەر عەلی

ئەم مانۆرە سەربازییە پارتیزانییەی (حەماس) بە تێکەڵکردن بە تەکنەلۆژیا و سوود وەرگرتن لە هونەری شەڕی سایبەر (Cyber War)، بێگومان سەدایەکی وای بۆ ئیسلامییەکانی هەموو جیهان بە کوردستانیشەوە دروستکردوە، کە بە سەرکەوتنێکی زۆر نەوعی بۆ جیهانی ئیسلامی دژ بە جولەکە و دوژمنانی ئیسلامی بزانن، وە زیاتر مۆرکێکی ئاینییان بەخشیوە بە مانۆڕەکە، لە ڕاستیشدا ئاماژەیەکی ترسناکیشە بۆ ئایندەی (کەرتی غەززە) و ناوچەکەش، چونکە نە جوگرافیای (کەرتی غەززە)، و نە توانای ئابووری و سەربازی بزووتنەوەی (حەماس) بەرگەی جەنگی درێژ خایەن و نیزامی و بەرەیی دەگرێت، ئەگەر چی هەندێک لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان بە "یانزەی سێپتەمبەر"ێکی تر ناوی دەهێنن، ڕەنگە لە واقیعیشدا وەک یانزەی سێپتەمبەری (٢٠٠١)، ببێتە هۆی شەڕێکی گەورە و هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتیشی بۆ دروست بکرێت، وەک ئەوەی لە ئەفغانستان کرا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستیش دووبارە بکرێتەوە و ئامانجی زۆر شارەوەشی لە پشتەوە بێت.

ئەوەی لای هەمووومان ڕوونە، قوربانی شەر هەمیشە خەڵکی سڤیلن لە هەردوو لا، هەمیشەش قوربانی هاشوهوش و گوتاری ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکانی دەستی بازرگانەکانی جەنگن، بێگومان کۆتایی هەموو جەنگێکیش هەر ئاگربەستە و دەبێت کۆتایی بێت بە بردنەوە یان بە دۆڕاندن بۆ لایەک لە لایەکانی جەنگەکە، بازرگانەکانی جەنگیش لە تەلەفزیۆنەکانەوە نوێژی جەماعەت بۆ سەرکەوتن و دۆڕانیش هەر دەکەن چونکە ئەمە بە شێکە لە بە مارکێت کردنی بازرگانی جەنگی ئایدۆلۆژیا.

ئەگەر چی بە مانا مرۆڤایەتییەکەی لە جەنگدا سەرکەوتوو نییە، هەموو لایەک دۆڕاوە، چونکە ئەوەی لە جەنگدا شکۆی دەشکێت خودی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە.

بۆ چوار ڕۆژ دەچێت چەندیین خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئەم مانۆرە سەربازییە لە سۆشیاڵ میدیاوە دەکرێت، بەڵام لێرەدا من دەمەوێت خوێندنەوەیەکی تەکنیکی بۆ شێوازی مانۆرە سەربازییەکە بکەم بە پشت بەستن بە تەکنەلۆژیاکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی، کە لەم قۆناغەی ئەمڕۆی مرۆڤدا تەکنەلۆژیا زیرەکەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا چی سەربازی بێت یان مەدەنی.

تێڕوانین بۆ چەمکی ئاسایش لە سەردەمی جەنگی سارددا بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر تیۆری داکەوتێتی (الواقعیة ) دامەزرابوو، لەسەر ئەو گریمانەیەی ئاسایش تەنها لەڕێگەی هێزی سەربازی دەوڵەتەوە بەدەست دێت، هێزی سەربازی سپۆنسەری دەستەبەرکردنی ئاسایش و ڕاگرتنی سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشەیە بۆ بەزاندنی سنوورەکان، لەسەر ئەو بنەمایە خوێندنەوە بۆ چەمکی ئاسایش دەکرا، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان هێزی سەربازی دەوڵەت و توانای پاراستنی ئاسایش و گەرەنتیکردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتدا هەیە، لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە، لە سیاسەتی ئاسایشی نێودەوڵەتیشدا پشتبەستن بە هێزی سەربازی وەک ئامرازێکی کۆتایی بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەکانی هەڕەشە و دەستەبەرکردنی بەردەوامی بەرژەوەندی نەتەوەیی بوو. لە ئەنجامدا ئاسایشی دەوڵەت بە واتای ئاسایشی سەربازی بوو، بەڵام ئەم مانۆرە سەربازییەی (حەماس) ڕاستی ئەم تیۆرەی خستە ژێر پرسیارەوە، ئەوەی سەلماند بۆ هەمووومان کە تەنها هێزی سەربازی و دەسەڵاتی ئابووری سەرچاوەی زامن کردنی ئاسایش نین بۆ زلهێزەکان، بزووتنەوە نارازییەکان، ئینجا تیرۆریستی بن یان لیبراڵی یان ڕادیکاڵ ئەتوانن ئاسایشی زلهێزەکان بخەنە ژێر هەڕەشەوە، بە گەشەسەندن و پەرەپێدان بە توانا تەکنەلۆژیاکانیان لە بواری سەربازیدا ئەوەی لە زانستی سەربازی ئێستادا بە جەنگی ئەلیکترۆنی یان بە جەنگی سایبەر پێناسە دەکرێت.

تەکنەلۆژیا لە مێژووی دوو سەد و پەنجا ساڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر شێوازەکانی ژیانی مرۆڤدا هێناوە، لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، شێوازەکانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی گۆڕیوە و نەوە جیاوازەکانی ئامرازەکانی شەڕی پەرەپێداوە.

پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی دەرفەتێکی گەورەی بۆ بکەرە بێ دەوڵەتییەکان ڕەخساندووە، بێگومان (بزووتنەوەی حەماس)یش یەکێکە لەو بکەرە بێ دەوڵەتانەیە، کە توانیویەتی هێزی ڕێژەیی خۆی زیاد بکات و پەرەی پێبدات، چونکە توانی لەڕێگای یارمەتی مادی و مەعنەوی لە نەیارەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە، بە تایبەت لەم قۆناغەی ئێستادا کە جیهان وا دەگەڕێتەوە بۆ دوو جەمسەری و ڕەنگە زیاتریش لە دوو جەمسەر، ئەم بزووتنەوەیەش لە ئێستادا جەمسەرگیری خۆی ساغکردۆتەوە و، هەروەها سودی لە ناکۆکییەکانی جەمسەرەکان بە تایبەت لە درێژەی شەری ئۆکرانیادا وەرگرتوە بۆ ئەنجامدانی ئەم مانۆرە، و ئەم هەلەی لە بەرژەوەندی خۆیدا لەم کاتەدا قۆزتەوە.

هەموو ئەم فاکتەرانە پێکەوە وەک یەک پاکێج ئاسانکارییان کردوە بۆ ئەوەی سوود لە تەکنەلۆژیاکانی جەنگ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە وەربگرێت، بۆ نموونە تەقەمەنی و چەکی زیرەک، درۆن، پرینتەری سێ ڕەهەندی، وە بە ئاسانی بەدەستیان بهێنێت و بیانکڕێت، بە بەردەست بوونی پرینتەری سێ ڕەهەندی توانای چاپکردنی چەکی پێبەخشیوە لە ناوجەرگەی (کەرتی غەززە)دا، و هەروەها توانی سوود لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەربگرێت لە مانۆرێکی وەک (تۆفانی ئەقسا) ئەگەر چی تەکنەلۆژیای فرۆکەکە زۆر لە قۆناغێکی سەرەتایدا بوو، بەڵام خودی میکانیزمی مانۆرە سەربازییەکە و توانای ئابووری و تەکنیکی ئەوەی دەخواست و هەر ئەوەندەش بوو، توانی باریان بکات لە تەقەمەنی و فیداییە مەشق پێکراوەکان کە ماوەی زیاتر لە چەند مانگێکە سەر قاڵی مەشق کردنن، هەروەها لە ڕێگای ئەپلیکەیشنی مۆبایلە زیرەکەکانەوە ئاراستەیان بکەن بۆ ئامانجی دیاریکراو و سنوورەکانی ئیسرائیل ببڕن، ئەمە و بە پشت بەستن بە تەکنەلۆژیای سایبەر و ڤایرۆسی گەشەپێدراو تۆڕەکانی ئینتەرنێتی ئیسرائیل ڕابگرێت و سێرڤەرەکانی چاودێری سنوورەکان پەکبخات، بە شێوەیەک مەترسی لەسەر ئاسایشی هێزێکی وەک ئیسرائیل دروست بکات کە خاوەن ئابووریی و هێزێکی سەربازی زۆر زەبەلاحی مۆدێرنە لە تەکنەلۆژیای سەربازیدا، بە سەدان کوژراو و بریندار و دیلیشەوە مانۆرەکە کۆتایی پێبهێنێت، ئاسایشی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی ئیسرائیلیش بکاتە ژێر ترسەوە و ئیسرائیل دۆخی جەنگ ڕابگەیێنێت کە لە ساڵی (١٩٧٣)وە ئەو دۆخەی ڕانەگەیاندووە.

بەردەستبوونی تەکنەلۆژیا زیرەکەکان بۆ بزووتنەوە نارازییەکانی جیهان، ئینجا تیرۆریستی بن یان میانڕەو، وڵاتانی خاوەن ئابووری و هێزی سەربازی گەورەی، ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی گەورە کردۆتەوە، بۆ چاودێریکردنی سنوورە جوگرافییەکانیان، یان بەدەستهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتییەکانیان، چونکە لەگەڵ زیادبوونیاندا لە سەر ئاستی جیهان و کەمی نرخی تێچوونیان، و ئاسان بەدەستهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان، توانای بکەرە بێ دەوڵەتەکان دەباتەسەر و دەرفەتی ئەوەیان پێدەبەخشێت کە مانۆڕی کەم تێچوو بەڵام بە کاریگەریی گەورەوە ئەنجام بدەن. بینیمان چۆن (حەماس) لە ماوەی کەمتر لە حەوت سەعاتدا توانی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل بکاتە ژێر هەڕەشەوە و متمانەی حکومەتەکەی ناتانیاهۆ بلەقێنێت ئەگەرچی ئەم حکومەتە توندڕەوەی ئیسرائیل جێگەی نارەزایی خەڵکی ئیسرائیل بوو، ماوەیەکی زۆریشە خۆپیشاندان دژی ناتانیاهۆ لە سەرانسەری ئیسرائیل درێژەی هەبوو، بەڵام ئەم مانۆرە دەبێتە هۆی یەکخستنی شەقامی سیاسی ئیسرائیل و نارەزاییەکان پشت گوێ دەخرێت و پێشینە بە ئاسایشی ئیسرائیل دەدرێت، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەم حکومەتە تووشی شکستی سیاسی بکات.

لە ئێستادا جیهان پێویستی بە ئاسایشی ڕاستەقینەیە لەسەر بنەمای پاراستنی مافی مرۆڤ نەک لەسەر توانای هێز و دەسەڵاتی سەربازی، چونکە سەرجەم ئەو دامەزراوانەی کە بە (بریتۆن وودز) ناسراون، کە لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم دامەزران بە مەبەستی ڕێگە گرتن لە دووبارە نەبوونەوەی جەنگێکی جیهانی تر، لە ئێستادا شکستیان هێناوە و لە قەیراندان لە سایەی جیهانگیری و سیستەمی نیولیبرالیزمدا، ناتوانن ڕۆڵ و ئەرکە یاسایی و پرۆتۆکۆلییە ڕاستەقینەکەی خۆیان بگێڕن، هەموویان لە خزمەتی ئەو کەمینە کەمەدان کە بە کۆمپانیا سەرمایەدارییە سنوور بەزێنەکان ناسراون، کە وەک گەنە



خێروبێر و سامانی نەتەوەکان دەمژن، هەمیشەش لە هەوڵی دروستکردنی شەڕ و نائارامین لە سەرانسەری جیهاندا، چونکە جەنگ باشترین ئامرازە بۆ درێژەدان بەکەڵکە کردنی سەرمایەی زیاتر بۆ کۆمپانیاکانیان.

لە کۆتایدا ماوەتەوە بڵێم، ئەگەر چی ئیسرائیل دەتوانێت لە مەودایەکی کورت خایەندا کۆنترۆڵی مانۆرەکە بە قازانجی خۆی ببات، و بە پێچەوانەوەی ئەوەی ئێستا لە ئارادایە تەرازووی مانۆرەکە لە بەرژەوەندی خۆی بگۆڕێت لە ڕێگای سوپا و ئابڵۆقەی ئابوورییەوە لە وشکانی و دەریاوە، پاش ئەوەی لە ئێستادا هێزێکی دەریایی ئەمریکا کۆنترۆڵی دەریای ناوەڕاستی کردووە، ناتوانرێت هیچ هاوکارییەک بگاتە غەزە، تەنها ڕێگەیەک مابێتەوە ئەویش لە (سینا)وەیە، بێگومان بە هیچ شێوەیەک وڵاتی میسریش ڕێگە نادات سوود لەو سنورە وەربگیرێت، چونکە بۆ میسر بزووتنەوە ئیسلامییەکان جێگەی هەڕەشە بوونە لە ڕابردوو و لە ئایندەشدا .

بەڵام ئەم ستراتیجە سەربازی و سیاسیەش، لۆژیکێکە ناتوانێت ئاسایشی درێژخایەن بۆ ئیسرائیل و (حەماس) و ناوچەکەش مسۆگەر بکات، لە ئایندەدا ڕەنگە ناوچەکە و جیهانیش بەرەو شەڕێکی گەورە ببات.

# تەنها ماچێکی خۆبەخۆ، یان ستانداردە بەسەرچووەکانی پیاوسالاری؟

**شیرین عەبدوڵا**

پرسی هەراسانکردن و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە هاوینی ئەمساڵدا (٢٠٢٣) جارێکی دیکە هاتە ئاراوە، ئەویش لە ئەنجامی چەند دیمەنێکی تەواو ڕاچڵەکێنەر، کە لەوانەیە زۆر کەس لە گەرمەی خۆشی ڕووداوەکەدا پشتگوێی خستبێت، کە هەڵسوکەوتی سەرۆکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئیسپانیا، (لویس ڕوبیالێس) بوو، لە کاتی مەراسیمی دابەشکردنی میدالیاکاندا، پاش سەرکەوتنی تیپی پێی ئیسپانیا بەسەر ئینگلتەرا لە پاڵەوانێتی مۆندیالی تۆپی پێی جیهانی ژنان، کە لە (٢٠)ی ئاب لە ئوسترالیا بەڕێوەچوو.

لە کاتێکدا یاریزانەکانی ئیسپانیا هێشتا مانا و گرنگیی ئەو دەستکەوتە پیشەییە گەورەیەی خۆیانیان کە چەند ساتێک لەووبەر بەدەست هێنابوو، استیعاب نەکردبوو، ئەوانیش و ملیۆنەها کەس لە سەرانسەری جیهان تووشی شۆک بوون، بەهۆی ڕەفتارە قێزەونەکانی لویس ڕوبیالێس بەرامبەر بە یاریزانانی ئەو تیپە. ڕوبیالێس لە پەخشی ڕاستەوخۆدا، دەبینرا جارێک بە توندی لە باوەشیان دەگرێت و ئینجا یەکێکیان بە شێوەیەکی بێ ڕێز لەسەر شانی بەرز دەکاتەوە، و پاشان بە سەر سوڕماوی دەیبینین، کە بە توندی (جێنیفەر هێرمۆسۆ) لە باوەش دەگرێت و بە زۆر ماچێکی دەمی دەکات لەکاتێکدا بە توندی سەری لەبەینی هەردوو دەستیدا گرتووە و بە شێوەیەک بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێت کە بواری خۆ ڕزگارکردنی نیە. هەروەها ڕوبیالێس لە کلیپێکی کەدا بینرا کە ئەندامی نێرینەی خۆی دەگرێت وەک نیشانەی تەحەداکردن دژی تیپی بەرامبەر.

زۆر نائومێدکەر بوو کە هەڵسوکەوتەکانی ڕوبیالێس سایەی بە سەر یاریەکەدا پۆشی، لەجیاتی ئەوەی سەرنج بۆ ئەم دەستکەوتە مێژوویە و ئەو پلەیە بەرزەی پیشەگەری و لێهاتوویەی یاریزانەکان لەو یاریەدا نیشانیاندا ڕابکێشن، هەموو میدیاکان سەرنجیان چووە سەر پرسی ماچەکە، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ڕەفتارەکانی ڕوبیالێس قێزەون و قبوڵنەکراو بوون.

لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە کێسەکە لێرەدا کۆتایی نەهات، بەڵکو لە ڕۆژان و هەفتەکانی دوای یاریەکە هەڵمەتێکی میدیایی ناشیرین و توند لە دژی هێرمۆسۆ بەرپا کرا کە بە درۆزن و پیلانگێڕ و هەوڵدان بۆ تێکدانی ناوبانگی سەرۆکەکەی و هتد تۆمەتبارکرا.

بەڵام ئەوەی ئومیدبەخش بوو ئەو کەمپێنە جیهانیە بوو کە بۆ پشتگیری کردن لە جێنیفەر هێرمۆسۆ و هاوڕێیانی بە ڕێخرا و لەسەر ئاستی جیهانیش دیبەیتێکی فراوانی دروست کرد و بە تایبەتی تیشکی خستە سەر کێشەی توندوتیژی و نایەکسانی ژنان و ئیستغلال کردنی پێگەیی دەسەڵات بەرامبەر ژنانی کارمەند.

## جیهانێکی نا ئاسوودە بۆ ژن:

ئەوەی لە ڕۆژی مۆندیالی ئوسترالیا ڕوویدا نە ڕووداوێکی سادە بوو و نە ڕەفتارێکی هەڵەی سەرۆکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی ئیسپانیا و تەنانەت دامەزراوەی بەد ناوبانگی فیفا بوو، بەڵکو ئەم ڕووداوە بیرخستنەوەیەکی ترسناک بوو بۆ هەموو ژنان و ئازادیخوازان، کە کۆمەڵگای ئەمڕۆ شوێنێکی ئاسوودە نیە بۆ ژن، کۆنەپەرستیە باوەکانی پیاوسالاری ڕەگ و ڕیشەی قووڵیان لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا داکوتاوە. هەر جارێک ژن هەنگاوێک بەرەو پێشەوە دەنێت، تێڕوانینی پلە نزمیی کۆمەڵگای پیاوسالاری بە بیر دێنێتەوە، کە ئەو موڵکی پیاوە و سەرکەوتنەکانی سەرکەوتنەکانی ئەون، و سەرەڕای لێهاتوویی لە بوارەکەیدا، هەڵسەنگاندنەکەی تەنها لەسەر بنەمای ستانداردەکانی جوانی و مێینەیی دامەزراوە. هەرچەندە لێرە و لەوێ لە هەندێک وڵاتدا دەستکەوتی بەشەکی بەدەست هاتووە، بەڵام هێشتا هەنگاوی گەورەمان ماوە کە دەبێت بیبڕین بۆ ئەوەی یەکسانی بەدەست بهێنین.

ئەوەی لە بیستی مانگی ئابدا ڕوویدا، ڕووداوێکی ناوازە نیە، بەڵکو یەکێکە لەو پێشێلکاریانەی کە ڕۆژانە ژنان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە، لەوانەش لە شوێنی کارەکانیان و لەسەر دەستی خاوەنکارەکانی خاوەن دەسەڵات و کۆنترۆڵ، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەبوو کە ئەمجارەیان ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ و بە لایڤ تۆمار کراوە هەموو جیهان بینیویەتی، چۆن تەواوی پرۆسەی دەستدرێژی سێکسی ڕوودەدات، ڕاستەوخۆ لەسەر شاشە و هەموو پلاتفۆرمەکان پەخش کرا.

ئەمەش پرسیارێک دێنێتە ئاراوە: ئەگەر کارەکان لە ئاشکرادا بەم شێوەیە بن، ئایا لە پشت پەردەوە، دوور لە کامێراکان دەبێت چی ڕووبدات؟

ئەگەر ئەمە لەنێو گروپێکی نوخبە و پیشەگەردا ڕوودەدات، وەک یاریزانانی تۆپی پێی مێینە، کە لە پێگەی کۆمەڵایەتی و سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە بینەران بەهرەمەندن و تارادەیەک ئاسانە بۆیان کە کەیسەکانیان بخەنە بەردەم ڕای گشتی و دادگاکان، بە هۆی ناوبانگ و توانای دارایی، بەبەراورد بەو ملیۆنەها ژنەی کە ڕۆژانە بەرکەوتەی ئەم جۆرە هەراسانکردنانەن لە جیهاندا، دۆخەکە چۆنە لەو شوێنانەی کەمتر بەرکەوتەی سەرنجدانن، لە دامەزراوە و ئۆفیسە گشتی و تایبەتەکاندا، یان کارگەکان، فرۆشگا، کێڵگە و هتد، لەلایەن خاوەنکارەکانەوە کە دەسەڵاتیان هەیە؟

کاردانەوەی ڕوبیالیس ڕێک وەک کاردانەوەی هەراسانکەرێک بوو، هەرکەسێک تەحەدای بکات بە گەمژە، بێعەقڵ، یان ڕقاوی و پیلانگێڕی تۆمەتبار دەکات، ئەمە جگە لەوەی گرنگی ڕووداوەکە بچووک دەکاتەوە و قوربانییەکە و ئەوانی دیکەش بە شێواندنی ناوبانگ و تیرۆرکردنی کارەکتەری تۆمەتبار دەکات. ئەمانە هەمووی بەشێکن لە یارییکردن بە هەستی قوربانییەکە لەلایەن هێرشبەرەوە و دروستکردنی گومان لەخۆی و ترساندنی هەموو ئەو کەسانەی کە بەرگری لێدەکەن.

دەوترێت کە کاردانەوەی هێرمۆسۆ کاتێک دوای ڕووداوەکە پێکەنی وەک بەڵگەیەک لە دژی بەکارهێنراوە، و ئەمەش بەشێکە لە پیاوسالاری باو، کە ژنەکە بە "قبووڵکردنی" توندوتیژی تۆمەتبار دەکات، بەڵام بۆ هەمووان ئاشکرایە کە ژن زۆر جار ناچارە هەوڵی ئاسانکردنەوەی دۆخەکە بدات بۆ ئەوەی لە چڕی شەرمەزاری و دروستبوونی جەنجاڵی ڕزگاری بێت. بەتایبەت ئەگەر کەیسەکە پەیوەندی بە پیاوێکی پلەدار و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت.

لە کەیسی هێرمۆسۆشدا، لە کاتێکدا کە چاوی هەموو جیهان لەسەر ئەو و هاوتیمەکانی بوو، زۆر زەحمەتە پیاوێکی خاوەن دەسەڵات و کۆنترۆڵێکی گەورە و دامەزراوەیەکی زەبەلاحی وەک فیفا لەو ساتانەدا تاوانبار بکرێت. قوربانیان بە باشی ڕادەی ئەو بەرگرییە کۆمەڵایەتی و دامەزراوەییەی کە پیاوە کاریگەرەکان هەیانە دەزانن، وە ڕادەی ئاستەنگە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان و چڕی لێکۆڵینەوەکان، سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی دادوەری و ڕای گشتی زۆرجار لایەنگری پیاوان دەگرن، وە تەنانەت لێدوانەکانی ئەوانیش بە جددی وەرناگرن، و بەرپرسیارێتی هێنانی بەڵگەی پێویست بۆیان دەخەنە ئەستۆی خۆیان. بەهۆی توانا دارایی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، ئاسانە بۆ دەستدرێژکاران کە قوربانییەکە بە تۆمەتی زراندنی ناوبانگ یان شتێکی تر دادگایی بکەن. هەموو ئەمانە دەبنە هۆکاری بێدەنگکردنی قوربانیانی.

## پیاوسالاری ڕەگی قووڵ داکوتاوە، بەڵام گۆڕانکاریی بەڕێوەیە و بەری پێ ناگیرێ!

هاتنە ناوەوەی ژنان بۆ بواری وەرزش و یارییە جیهانییەکان خۆی لە خۆیدا دەستکەوت و هەنگاوێکە بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەمیان بۆ دەربڕینی تواناکانی خۆیان و گەیشتن بە داهێنەری و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە کۆمەڵگەدا. و ئاشکرایە ڕزگاربوونی ژن لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات، و ئەمە پرۆسەیەکی بەردەوامە. تەنها گەیشتنی ژن بۆ ناو بوارێکی دیاریکراو بەو مانایە نییە کە هەموو ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە لاچوون، بۆیە پێویستە هەموو دیاردە کۆنەپەرستانە و پیاوسالارییەکان دەستنیشان بکرێت و بهێنرێتە ڕووکەش بە مەبەستی پەرەپێدان بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا سەبارەت بەم بابەتانە و لابردنی ئاسەواری فۆرمە پیاوسالارییە چەسپاوەکان لە هەر شوێنێک کە هەبن.

وەک دەزانین واقیعی ژنان لە عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی دوورە لە بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لێرە ژنان لەژێر هەژموونی تەواوی عەقڵیەتی پیاوسالارانەدا ژیان بەسەر دەبەن بە پاڵپشتی سیستەمە کۆنەپەرست و ستەمکارەکان کە تیایاندا پلە ژێرەوەیی ژنان و چەوساندنەوەیان لە یاساکانی دەوڵەتدا چەسپێنراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، بەدەستهێنانی هەر پلەیەک لە دەستکەوت بۆ ژنان لە هەر سووچێکی جیهان بەشدار دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاسۆی چاوەڕوانییەکانمان و هەنگاوێک بەرەو بەدەستهێنانی یەکسانی.

یەک شتی گرنگ کە لە ئاکامی ڕەفتارەکانی ڕوبیالیسەوە هاتە ئاراوە ئەوەبوو کە لە ماوەی چەند چرکەیەکدا پرسی توندوتیژی دژی ژنانی دووبارە گەیاندە سەرنجی هەموو جیهان، وە سەلماندی کە گۆڕانکاری دەستی پێکردوە.

لە پاش ئەمڕۆ، و لە پاشخانی بزوتنەوە جیهانییەکانی وەک (می توو-Me too- منیش)ی (٢٠١٧)، هۆشیارییەکی نوێ لە ئارادایە کە توندوتیژی سێکسی چییە و چۆن دەناسرێتەوە و وەک "خراپەیەکی پێویست" قبوڵ نەکرێت و پەردەی لەسەر دانەخرێت. ئێستا جیهان دەزانێت کە هەنگاوەکانی ژن بەرەو گەیشتن بە یەکسانی بەردەوامە و ناوەستێت و ئەوەی پێشتر لای خەڵک "ئاسایی" دەبینرا، یان پشتگوێ دەخرا، چیتر وا نەماوە.

بەڵام گەیشتن بە یەکسانی بۆ ژنان بە دابڕاو لە هەموو گروپە چەوساوەکانی تری کۆمەڵگا ڕوونادات. ئێستا، لە کاتێکدا ئێمە لە جەرگەی چەندین قەیرانی جیهانیداین، لەوانە ئاسەواری پەتای کۆرۆنا، شەڕەکان، کارەساتەکانی کەشوهەوا، قەیرانە ئابوورییەکان، قەیرانی گرانی، و سەرلەنوێ گرنگیدان بە نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە ئەنجامی سیاسەتە نیولیبراڵییەکان خراپتر بوون، پرسی گەیشتن بە یەکسانی بە هەموو فۆرمەکانییەوە بووەتە بابەتێکی بەپەلە کە ناتوانرێت دوابخرێت. ئیتر ناکرێ پرسی کەمکردنەوەی هەژاری، بوونی جیاوازیە چینایەتییە بەرفراوانەکان، یان ئەو نایەکسانیە ڕەگەزی و کۆمەڵایەتییانەی کە پەتای کۆرۆنا ئاشکرای کردووە، کە مەترسی ڕاستەوخۆی بۆ سەر ژیانی ملیۆنان کەسمان دروست کردووە، پشتگوێ بخرێت.

بردنەوەی جامی جیهانی تیپی فووتباڵی ژنانی ئیسپانیا دەستکەوتێکی مێژوویی گەورە بوو، بەڵام لەوە گرنگتر ئەو هیوا و ئومێدە بوو کە بە ژنان و لاوانی جیهانی بەخشی کە ستانداردەکانی پیاوسالاری بەسەر چوون و نایەکسانی دەتوانرێت کۆتایی پێ بێت، و هەراسانکردنیان لە لایەن خاوەن پلە و پایەدارەکانەوە چیتر ناشاردرێتەوە.

# شەپۆلێکی بەرفراوان لە خۆپێشاندانی مامۆستایان زووربەی شار و شارۆچکەکانی داگرتەوە

## خوێندکاران و خانەوادەکانیان، فەرمانبەران و خانەنشیان، کرێکارانی کەرتە جۆراوجۆرەکان،... هاتوون بۆ پشتیوانیان

**ئامادەکردنی ڕاپۆرت: ڕۆژنامەی ڕەوت**

لە سەرەتای وەرزی خوێندنی ئەمساڵەوە (٢٠٢٣)، مامۆستایان ڕایان گەیاند کە ئەگەر مووچەکانیان پێ نەدرێت و گرێبەستەکانیان بۆ نەکرێت بە دامەزراندنی هەمیشەیی، بایکۆت ڕادەگەێنن و ماندەگرن لە وانە وتنەوە.

لە بەرامبەر ئەم خواستە ڕەوایەی مامۆستایاندا بەرپرسانی حکومەتی هەرێم کەوتنە هەڕەشەی دەرکردن لەسەر کار و فشارهێنان بۆسەریان تا مانگرتنەکەیان بشکێنن و وەزیری پەروەردەش بە زمانێکی زبر و دوور لە شارستانی فەرمانی کردبوو کە "دەبێت" بچنەوە سەرکار و دەست لە بایکۆت هەڵگرن.

وەک وەڵامێک بۆ حکومەتی هەرێم و بەرپرسان و وەزیری پەروەردە، مامۆستایان ڕایانگەیاند کە خۆپێشاندانی سەراسەری بەڕێدەخەن لە یەک شەممەی (٢٢-١٠-٢٠٢٣). ئەوەبوو لەم ڕۆژەدا لە زووربەی شار و شارۆچکەکانی "زۆنی سەوزی" هەرێمی کوردستانی عێراق، بە هەزارەها لە مامۆستایان هەڵسان بە نارەزایەتی دەربڕین و بەڕێخستنی خۆپێشاندان، دژ بە دواکەوتنی زیاتر لە دوو مانگی موچەکانیان و بڕینی بەشێک لێی و وەستاندنی پلەبەرزکردنەوە و دانەمەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست و وانەبێژ.

شایەنی باسە بەشێکی بەرچاو لە خوێندکاران و دایک و باوکی خوێندکاران و هەروەها خانەنشینان و فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتەکانی وەک کارەبا و دەستفرۆشەکان بۆ پشتیوانیکردن لە خواستەکانی مامۆستایانی ناڕازی بەشداری ئەم خۆپێشاندانە بوون.

هاوڕێیان (نەوزاد بابان) و (ڕەزا سەرسپی) بەشداری ئەم خۆپێشاندانەیان کرد لە شاری سلێمانی. وێڕای پێشکەش کردنی وتارێک لەلایەن هاوڕێ نەوزادەوە، لەگەڵ هاوڕێ ڕەزاشدا، لە لایەن ڕۆژنامەی (ڕەوت)ەوە، هەڵسان بە سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی کارەبا کە بۆ پشتیوانیکردن لە مامۆستایانی ناڕازی ئامادەی خۆپێشاندانەکە بوون.


ڤیدیۆ کلیپی ئەم چاوپێکەوتنانە لە لاپەڕەی فەیسبوکی ڕۆژنامەی ڕەوتدا بڵاوکراونەتەوە و دەتوانن بینەر و بیستەری لێدوانەکانیان بن لە ڕێگەی لاپەڕەکەوە. (https://www.facebook.com/rawtnews)

ئەمەش تایتڵی لێداوانەکانیانە.




**مامۆستا ئیسماعیل: وەک خوێندکار دژی بەعس بووین، ئێستاش وەک مامۆستا دژی ئەم دەسەڵاتەین.**

ئێمە داوای مافی خۆمان دەکەین و خەباتمان بەردەوامە تا ئەوکاتەی کە دەسەڵات بە چۆکدا دەهێنین، ئێمە وەک خوێندکار دژایەی (ڕژێمی بەعس)مان کردووە و ئێستاش وەک مامۆستا بۆ داوا ڕەواکانی خۆمان دژایەی ئەم دەسەڵاتە دەکەین.



**مامۆستا نەجمەدین حەمە ساڵح، ئەندامی (دەستەی داکۆکی لەفەرمانبەران و مامۆستایانی ناڕازی): (٤١) موچەی تەواومان لای دەسەڵاتە.**

( یەکەم: داوامان کردووە کە موچە لەڕێگای بانکە حکومییەکانی عێراقەوە بێت، دووەم وانەبێژان دابمەزرێنن و ببن بە هەمیشەیی، سێیەم هەر بڕیارێک دەردەچێت بۆ فەرمانبەران و تاکی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت، چوارەم: بەسە ئەم باسی قەیرانی دارایی و نەهامەتییانەی کە هێناوتانە بەسەر ئەم میللەتەدا، پێنجەم کە لە هەمووی گرنگترە، دەبێت موچە بە نیشتمانی بکرێت، چونکە تا ئەم کاتە بە (٣٤) مووچە لێبڕین و (١٢) مووچە نەدان بەناوی پاشەکەوت و ڕاوەستاندنی پلەبەرزکردنەوە، (٤١) موچەی تەواومان لای دەسەڵاتە، کە دەکاتە ٥٦ ملیۆن دیناری عێراقی).



**نەجم محەمەد، مامۆستا و هونەرمەند: هەر دەڵێی لە سەردەمی نیاندەرتاڵدا دەژین!!!**

(ئێمە هیچ مافێکی مەدەنی و ئینسانیمان نییە لەم هەرێمەدا، هیچ خزمەتگوزارییەک و پێداویستییەکانی ژیان نییە، کە ئەمانە مافێکی سەرەتایی هەموو ئینسانێکە. ئێمە هەر دەڵێی لە سەردەمی نیاندەرتاڵدا دەژین!)



**مامۆستا جەبار: منالی دەوڵەمەند و بەرپرسەکان لە قوتابخانە تایبەتییەکاندا دەخوێنن.**

دایکان و باوکانی قوتابیان، ئێو خۆشتان پارەتان لە گیرفاندا نییە، منالی دەوڵەمەند و بەرپرسەکان لە قوتابخانە تایبەتییەکاندا دەخوێنن.. وەرن پشتیوانیمان بکەن،... ئەمە خۆپیشاندانی هیچ حزبێک نییە، وە ئەمە بەداهاتووی کۆمەڵگاوە پەیوەندە.




**مامۆستا دڵشاد میرانی: مامۆستایان بەبێ موچەکانیان، بەبێ شایستە داراییەکانیان ناگەڕێنەوە.**

وەزیری پەروەردە (١٣)ی ئەم مانگی ئۆکتۆبەری (٢٠٢٣) وتی دەبێ بگەڕێنەوە سەرکار و بایکۆت بشکێنن، بەڵام مامۆستایان بەبێ موچەکانیان، بەبێ شایستە داراییەکانیان، ناگەڕێنەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن، ئەو لێدوانەی کە تارادەیەک پەروەردەیی تیا نەبووە و وشەی "دەبێت"ی بەکارهێناوە، دەبینی هەزاران کەس ڕژاونەتە سەر شەقامەکان کە ئیدانەی ئەو بابەتە دەکەن.. بە خۆشحاڵییەوە دەبینین خانەنشینان و دایک و باوکانی خوێندکاران و فەرمانبەرانی کارەبا و کەرتەکانی تر هاتوون بۆ پشتیوانیمان




**هاوڕێ نەژاد: بەردەوام بن، تا ئەو کاتەی دەسەڵات ناچار دەبێت وەڵام بداتەوە.**

ئێمە ئەمڕۆ هاتووین بۆ پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی مامۆستایان. ئەوان هەڵگری پەیامی پیرۆزی پەروەردەن، داوایان لێدەکەم بەردەوام بن، تا ئەو کاتەی دەسەڵات ناچار دەبێت وەڵام بداتەوە.. داوا لە هەموو فەرامانبەران، دایک و باوک قوتابیان، خانەنشینان دەکەین، پشتیوانی لە مامۆستایان بکەن.



**زانا محەمەد کارمەندی کارەبا: من ئەگەر فەرمانبەریش نەبووایم، هەر پشتیوانیم لێ دەکردن.**

بەڵێ ئێمە پشتیوانی تەواوی چینی مامۆستایانین، من ئەگەر فەرمانبەریش نەبووایم، هەر پشتیوانیم لێ دەکردن. ئەمانە حکومەت نین تا وڵات بەڕێوەبەرن، بەڵکو دەسەڵاتدارن، ڕاستناکەن ئەگەر دەڵێن لەم کابینەیە موچە نەبڕاوە، ئێمە کارمەندانی کارەبا، هەر لەم کابینەدا پێنج موچەمان لێبڕاوە .




**زاهیر محەمەد لە دائیرەی کارەبا: هاتووین بۆ پشتیوانی و وەک مامۆستایانیش داوای مافی خۆمان دەکەین**

ئێمە لە دائیرەی کارەباوە هاتووین بۆ پشتیوانی و وەک مامۆستایانیش داوای مافی خۆمان دەکەین، کە مووچەکانمان بەبێ دواکەوتن و لێبڕین پێ بدەن. هیواداریشم هەموو کارمەندان بەشداری ئەم خۆپیشاندانە بکەن.

## بۆچوونی مامۆستایانی هەڵسوڕاو و چالاکوانانی کفری لە خۆپێشاندانی مامۆستایاندا

**سازدانی چاوپێکەوتن، نەوزاد بابان**



**مامۆستا محەمەد شەریف: دەسەڵات زیاتر لە نۆ ساڵە ئازارمان دەدات، هەر بۆیە ئێمەیش هیچ متمانەیەکمان بە ئەم دەسەڵاتە نەماوە**

ڕەوت: خۆشحاڵین بە دیمانەیەک لەگەڵ مامۆستا (محمەد شەریف) کە یەکێکە هەڵسوڕاوەکانی مامۆستایانی کفری. ئێوە وەک دەستەیەک لە مامۆستایانی ناڕازی کفری، ناو ئەم ناڕەزایەتییە و خۆپێشاندانەی ئێستا، خواستەکانتان چین و چ پەیامێکتان هەیە؟

محەمەد شەریف: ئێمە ساڵانێکی دوور و درێژە لە شەقامین بە مانگرتن و خۆپێشاندان، بە تایبەت کاتێک حکومەتی هەرێم ئابووری سەربەخۆی ڕاگەیاند و ڕوبعە مووچە درا بە مووچە خۆران، ئێمە وەک دەستەیەک لە مامۆستایانی ناڕازی کفری هەمیشە بڕیارەکانی خۆمان بە هاودەنگی ئەندامان دەگرینەبەر، ئەم دەستەیەی ئێمە دوور لە دەستێوەردانی حیزبییە، هەربۆیە توانیمان متمانە بۆ شەقام بگەڕێنینەوە، و دەستەکەمان جێی متمانەی مامۆستایان و وانەبێژانە، ئەوانیش بەشێکن لەم خەباتە مەدەنییە کە بۆ موچەکانمان و نان و بژێوی ژیان دەکرێت کە مافێکی سەرەتایی خۆمانە، بەڵام دەسەڵات لەو

بۆل ٩

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت
SCAN ME
البديل OCAL ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
مازن محەمەد + 9647709658673
نزار عەقراوی + 447507070024
نەوزاد بابان +964 771992 9183
@rawtnews
@AlbadeelAlsheoi
Rawt.news@gmail.com
Albadeel.alsheoi@gmail.com
http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar
ڕەوت

دەستەی بەڕێوەبردن
نادر عبدالحمید
جەمال کۆشش
عەبدوڵا ساڵح
نەوزاد بابان
شیرین عەبدوڵا
موئەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا

Graphic & Designe
By / Salah Fathulla
https://salahfathulla.contently.com/
salah_fathulla@hotmail.com
+358 409115275
https://www.facebook.com/garafart
# Newspaper
# Logo_Design
# Business_Cards
# Magazines
# Illustration
# typography
# Brochure Design
# Poster